
# بەرەو کەناری شێرزەیی




# بەرەو کەناری شپرزەیی

نووسینی : رەووف بێگەرد

بابەت: دەقی والا

تایپیست: تاڤگە تایەق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان

هەڵەچنی: ساکار رەووف

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٦٧٨ ی ٢٠٠٩

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان- سلێمانی
www.sardam.org

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

# بەرەو کەناری شڕزەیی

دەق

ڕەووف بێگەرد

سلێمانی ٢٠٠٩

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٠٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# ئاماژە

ئەم نووسینە بەرهەمی سەفەرێکی دەرەوەی چەند وڵاتێکی ئەورووپا و سەفەرێکی بچووکی ژیانی تایبەتی و ناوەوەی خۆمە. دەرەوەیەکی جیاواز لە کرانەوەو کلتور و شارستانیەت و داب و نەریتی خۆم و دەوروبەر و وڵاتەکەم. ناوەوەیەکی داخراوو گەمارۆدراوی ئەو ئەڵقە ئاسنینەی کە سەدان ساڵە لەناو خێزان و کۆمەڵگاکەمدا ڕەگاژوی ناو نۆرم و ئاکارەکانەو بەدەگمەن دەستی کردنەوە یان شکاندنی بۆ براوە، کە وەک ئەنجام تاکی ئێمەی زەلیل و بێ توانا کردوەو ئیرادەی گۆڕان و یاخی بوونی پێنەهێشتوە.

سەفەرەکەی دەرەوەم وەک زەمەن کورت و سەرپێییە. بەڵام لە هەندێک بڕگەیدا لە ژێر کاریگەریی بۆماوەکانی فاکتی دووەمدا جێگایەک بۆ سەرنج و سەرسام بوون داگیر دەکات. ئەزموونێکە بۆ زیاتر خۆناسین کە لای من مەزنترین بەهاو بەخشندەیی سروشتە بۆ مرۆڤ. ناوەوەی

سەفەرەکە هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی سپی و بێ ڕتووشی تەمەنی منداڵیمە کە بە هەموو جوانی و حەسرەت و نائومێدیەکانیەوە ڕوە سادە و ڕاستەقینەکانی ئەو سەردەمەن، کە بۆ خۆم پلەی خۆش نوودی و نزیک بوونەوەیەکە لە زمانە تایبەتیەکەی خوداو شیعر و موسیقا. دنیای منداڵی، ئەگەر ئێستا بە عەشقەوە لەگەڵیا بژیت، خەسڵەتی سادەیی بات پێ دەبەخشێت و بێ دەربەستی و وێڵگەردیی ڕووبار، نە بیر لە سبەی دەکەیتەوە چی دەکەیت و چیت بەسەر دێت و نە لەو باران و تریفەیەی لە پڕێکدا بە سەرتا دەڕژێت و تۆ بەتەمایان نەبوویت. پرسیارەکانیشت هەروەک پرسیاری ئەو سات، لەوە سادەترن وەڵامیان نەبێت و لەوەیش گرانترن هەندێک سەراسیمەنەکەن.
گێڕانەوەی حیکایەتە تایبەتیەکانی خۆت، بە جوانی و ناشیرینیەکانیەوە، بە ئاوازە هەرە ناسک و کرخەکانیەوە، بە نهێنی و ئاشکراکانیشیەوە، لەسایەی فشارە دەرەکی و ناوەکیەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا، لە سێبەرە هەرە قەدەغەکانی سێ کوچکەی سیاسەت و ئایین و سێکسدا، کارێکی ئاسان نیە. تۆ لەناو ئەم گەمارۆیەدا تاکێکی سەیر دەردەچیت، ئازاو ترسنۆک، شەرمن و سەرچڵ، بێ دەربەست و کۆنەپارێز، دوو دڵ و شپرزەیەکی هەمشەیی تا سنووری بە فریشتەو ئەهریمەن بوون. ئیتر زیندانێکە کە تروسکەی ڕوناکییەکی فریادڕەس، بێجگە لە تارمایی نێو دارستانێکی تاریکە شەو چی تر نییە، یان بە وتەی ماغوتی شاعیر زیندانێکە چەندە بۆ دەربازبوون لێی هەڵی بکۆڵیت لە زیندانێکی ترەوە سەردەردەکەیت.

ئەم دەقە تەنیا گێڕانەوەی وشک، یان تۆمارکردنی ژیانی ڕۆژانەی سەفەرێک نیە وەک زۆر جار بۆتە مۆدێلی سەفەر و یاداشتنامەکان. بەڵکو دەقێکی تێکەڵە لە وێنە و ڕووداو، باسی ئەو شاکارو دیمەنانەی بە چاو دیومن یان تەنیا بۆ خۆم هەستم پێ کردوون و لە نێوان ئاگاداری و خەوندا کردوومنەتە کەرەسەی خەیاڵ و گێڕانەوەیەکی چیرۆک ئامێز. دیارە هەموو کەسێک چیرۆکی خۆی هەیە و پێویستە یەکێک بیگێڕێتەوە، جا خۆی بێت یان ئەوی دی کە وەک ناو دەبێتە ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس، بەتایبەتی بەسەرهاتی ئەو کەسانەی لە پەناو پەسێوی تەریکیدا کەس نایانبینێت و لەوانەیە نەیشیان ناسێت. بێگومان لە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆتدا دانپیانانەکان ڕێژەیین. کەس نیە تەواوی ژیانی لاپەڕەیەکی سپی یان تەواو ڕەش بێت و ئەو هەر باسی سپییەکانی بکات، وەک خودی ژیان و دیاردەکانی تری سروشت و گەردوون. ئەوانەی لەسەر هێڵێک ژیان هەر بە ڕەش یان هەر سپی دەبینن دەکەونە ئەو هەڵە گەورەیەوە کە خۆیان ناناسن، ئەو کەسەیش کە خۆی نەناسێت ئەستەمە هەرگیز بتوانێت کەسێکی تر بناسێت. حەزدەکەم ئاماژە بەوەیش بدەم کە من لە سەرەتاوە لە سەر ناونیشانی کتێبەکە وەستام و ئەم دەست ئەو دەستی زۆرم پێکرد، لە پێشدا ناوم نابوو دەرەوەو ناوەوە، دەرەوەی ئەورووپاو ناوەوەی خۆم و خۆمان، بەڵام لەبەرئەوەی سەرجەمی نووسینەکەم، بە دەرەوەو ناویشەوە، بەستراوەتەوە بە شپرزەییەکەوە ڕەنگە بەسەر هەموو خۆرهەڵاتیەکدا بگشتێنرێت ئیتر نەمتوانی خەسڵەتی تری پێ ببەخشم و ناونیشانەکەم

وەک ئێستا هێشتەوە. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەم کە لە بەشی دووەمی ئەم دەقەدا کە باسی تایبەتی خۆمە، خۆم بەستۆتەوە بە سنووری ئەو پرسیارانەوە کە کاتی خۆی رۆژنامەی — رەخنەی چاودێر — و گۆڤاری —نووسەری نوێ — بۆیان دەستنیشان کردووم. ئەگینا هەندێک برگەی مێژوویی و هەستیار لە ژیان و ئەزموونی مندا هەن تا ئێستا وەک شانۆییەک سەری خۆنمایشکردنیان نەکردوە بە ماڵی نووسین و بەرهەممدا. لەوانەیە لای سیناریستەکە هەر شیاوی خۆنمایشکردنیان نەبێت یان خۆی نەتوانێت نمایشیان بکات.

رەووف بێگەرد

٢٠٠٩/٦/٧

## -١-

ئەو کاتەی لە باکووری تارانەوە بەرەو فڕۆکەخانە گەورەو سەرەکیەکەی باشووری ئەو شارە دەچووم، نیوەشەوێکی زێدەفێنکی کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەر بوو، هێشتا شەقامەکانی دەرەوەی شار لە ژاوەژاوی هاتوچۆی ماشینی زۆر و ماتۆڕی تیژ تێپەڕ و دەنگ و هەرای خەڵکیی سرەوتی نەدا بوو. تاران لە ڕۆژدا کارخانەیەکی پڕ لە هەراو زەناو ژینگەیەکی ژەهراویی نادروستە، شەوانییش چاوێکە کەم دەچێتە خەو و زوو بە ئاگا دێت. من لەبەر تەنیایی و دڵەڕاوکەی ئەو ٥-٦ سەعاتەی ناو فڕۆکەو ترسی دواکەوتن و ڕۆتینی ناو فڕۆکەخانە تەنیا بە لەش لە ناو ماشینەکەدا بووم، ناهەقیشم نەبوو، ئەمە یەکەم جارمە بەرەو وڵاتانی ئەورووپا بڕۆم و، سەفەری تەنیاییشم لە شەویی تەنیایی لا بێ تامترە. لەم سێ و دووی بیرو لێکدانەوانەدا کە ڕێگاکە نزیکەی سێ چارەک سەعاتی دەخایاند، لە پڕێکدا شوفێرەکە هێنامیە قسە و پێی وتم:

-لەوە دەچێت بەرەو هەندەران بچیت؟
من ئەمەم بە فرسەت زانی کە واز لەو بێدەنگی و پەرتیە بهێنم و، لەوانەیە گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی وادا کە بە ڕێکەوت تووشیان دەبیت بێ ئەنجام نەکەوێتەوەو سەرەداوێکی گرفتەکانیشت بۆ بکاتەوە، یان هیچ نەبێت دەرگا لەسەر ڕاز و نیاز و حەزی درکاندنی هەستە پەنگ خواردوەکانت بکەیتەوە کە وتنیان بۆ ئەم جێگایە باجی لەسەر نیە و ئاسان تێ دەپەڕن، لەوانەیشە لەو هەزاران نهێنی و خەمە شاراوانەی دەروونی مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵەیشدا، کە لێوان لێوە لە خولیاو هەستی نەدرکا و، تروسکەیەک ڕاتبگرێت و لە گێژەنی هەواڵ و کارەساتێکدا یان چاوی پرسیارت پێ بکاتەوە، یان بەمەبەستەوە دەست بۆ پۆڵوەکانی بەریت.
من لە سەرەتادا لە ماشینە گێڕ ئوتوماتیکەکەیەوە دەستم پێ کرد، نرخی بەنزین و کاڵا و ئەو بازاڕە هەڵئاوساوەی بە درێژایی ئەو ڕۆژانەی لەوێ بووم سکاڵام لەبارەیانەوە دەبیست، ئەو نائارامی و کێشە کۆمەڵایەتی و خێزانیانەی بوونەتە دیاردەی ئەوێ. کە بە تەواویی پرسیاری لێ کردم چیم و لە کوێوە هاتووم و منیش وەڵامم دایەوە، ماتیەکی سەیر دایگرت کە زیاتر لە خەمی ئەو بەندیانە دەچوو بەرەو دادگا دەکرێنەوەو چارەنووسێکی نادیاریان هەیە. خوێندنەوەی دەم و چاوی هەر یەکێک کە ڕەنگە کەس بە ئاسانی پەی بە دێرە نهێنیەکانی نەبات کاری چیرۆکنووسە، سیحری چیرۆکنووسین پەیجوورکردنی خودایە لە ناو دڵی شەیتاندا. شۆفێرەکە باسی ئەوەی بۆ کردم کە

شارەزای سلێمانیەو چەند مانگێک تیایدا ماوەتەوە، کە هۆیەکەم لێ پرسی جارێکی دی بێدەنگی و گۆڕانێکی بروسکە ئاسا کەوتەوە سەر دەم و چاوی، بەڵام وەک درکی ئەو حاڵەتە دەروونیەی منی کردبێت بزەیەکی خێرای کرد و وتی:

–بەهەرحاڵ شارەکان زۆریان لە یەکدی دەچن، زۆر جار کەس سەر لەوە دەرناکات چۆن ڕێی کەوتۆتە جێگایەک کە هەرگیز لەوەوبەر بیری لێ نەکردۆتەوە. وتم: لەوانەیە دوو هەزار کیلۆ مەترێک لێرەوە دوور بێت؟ وتی: کەمتر. وتم بە پێ هاتوویت بۆ ئەوێ یان بە ماشین؟ سەری لەقاند وەک پێم بڵێت دەتەوێت بە چیرۆکی من کۆتایی بە ڕێگاکەت بهێنێت! من لە سەر کونج کۆڵیەکەی خۆم بەردەوام بووم و پێم وت: ئاوو هەوای شارەکەی من زۆر لێرە پاکترە، دەزانیت؟ وتی: وایە، بەڵام ئێرە دە دوانزە ئەوەندەی شارەکەی تۆ ماشین و مرۆڤی تیایە.

–ئەی بۆ چاری ژینگە پیسەکەی ناکەن؟ چەند ساڵێک لەمەوبەر ژینگەی شاری تۆکیۆیش ئالوودە بوو، ئێرە و ئەوێ بە یەکتر بەراورد دەکران، کەچی ئەوان بە ئاسانی چاریان کرد!

بێ ئەوەی چاو لە پێشی خۆی کەلابخات یان سەیرم بکات وتی:

– نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە! با واز لەوە بهێنین، بەڕاستیی پێت بڵێم هەندێک جار ئەم وڵاتانەی ئێمە لە خانەی شێت و خەڵکانی تەمەڵ و گەلۆر دەچێت، بۆیە هیچ کەسێکمان لە سبەینێی خۆی دڵنیا نییە و نایشزانێت چی بەسەردێت، چەندە باسیشی بکەین زیادەیە.

من بەتەمای ئەم جەختە کتوپڕە نەبووم کە ئەو زوو درکاندی، بۆیە نەمویست سارد بێتەوە، وتم:

–ئەی ئێمە بەشێک نین لەو شێت و گەوجانەی ئەو ترس و نائومێدیەمان بۆ خۆمان کردۆتە واقیع، هەمیشە وەک بار بە کۆڵمانەوەیە و لەگەڵ خۆماندا بۆ هەر جێگایەک بچین دەیگێڕین؟

–خۆمان! ئەی تۆ نازانیت لە دنیایەکی پڕ لە خەوش و نەفرەتیدا هەموو کەسێک لەو نەفرەت و خەوشەی بەردەکەوێت تەنانەت ئەگەر وەک ڤایرۆس خۆیشی لێ بپارێزیت؟ ڕووداوەکانی ناو ئەم وڵاتانە لە مەرگی ناوەخت دەچن، ئاغا!

وتم: بەڵام ئەمە دیاردەیەکی سەیرە و لێکدانەوەی زۆری دەوێت. لەم وڵاتەی تۆدا تەمەنی حوکمڕانی و دەوڵەتناسی سەدان ساڵە، ئێوە لە مێژووی دێرینتاندا شەڕتان لەگەڵ یوناندا کردوە کەچی هێشتا لە مەسەلەی ئازادیی بیروڕا و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا دەڵێی منداڵێکی شیرە خۆرەن!

–ئێمە شەڕی شارستانییەتمان لەگەڵ یۆناندا نەکردوە، ئەوە شەڕی دەستەڵات و پاوان خوازی بوە! ئەوان خاوەنی دەیان بیرمەند و فەیلەسوف و نووسەری گەورەن، هیچ میللەتێکی ئەم سەرزەمینە نییە قەرزاری کلتووری ئەوان نەبێت.

– مێژووی کلتووریی ئێوەیش دەوڵەمەندە، چەندان شاعیری مەزنی وەک حافزو سەعدی و خیام و داستانی گەورەی وەک شانامەی فیردەوسیتان هەیە!

- راستەو من لاریم لەوە نییە، بەڵام ئەو شانامەیەی کە باست کرد لەژێر کاریگەری داستانەکانی ئەواندا بوە.

زانیم ئەم برادەرە لەوە زیاتری پێیە کە تەنیا شوفێرێکی ئاسایی بێت، بەتایبەتی لەو باسانەدا کە من حەزیان پێ دەکەم، پێم وت: بێگومان تۆ خۆت باش دەزانیت فیردەوسیی شاعیر بە ٣٠ ساڵ شانامەی نوسیوە کە ٦٠ هەزار بەیتە، ئەوە بۆ ئێوە سەرمایەیەکی کلتوریە کە بلیمەتێک نوسیویەتی و زمانەکەتانی پێ پاراستووە. وتی: ئەوە دەسەلمێنم کە زمانی فارسی قەرزاری فیردەوسیە، ئەمەیان شتێکی ترە، من دەڵێم کلتوری یۆنان وەک خۆر بەسەر سەری ئێمەو هەموو دنیاوەیە، بنەمای هەموو فەلسەفە تازەکانی ئێستای ئەوروپاش دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی یۆنان، وایە؟ تۆ دەڵێیت چی؟ وتم: با هەر باسی ئێرە بکەین و لێی دەرنەچین، بە شتە جوان و ناشرینەکانیەوە، وتم:

-نزیکەی هەفتەیەکە من و هاوڕێیەکم کاری ڤیزەمان هەبوو لە دوو سەفارەتی جیاوازدا، کارمەندەکانیان کە زۆریان خەڵکی ئێرەن و ئێمەیش باش لە زمانەکەتان دەزانین، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەمان ئاشکرا داوای بەرتیلیان لێ دەکردین، تەنانەت دەیش پاڕانەوە! لە نوسینگەی ئاژانسی فڕۆکەوانیشدا کە پارە دەدەیت و ئاسایی بلیت وەردەگریت بە بەرتیل نەبوایە کارمان نەدەڕۆشت.

-کاتی خۆی ڕەزا شا دەڕوات بۆ ناوچەیەکی دوور لە تاران، لە بازگەیەکدا پاسەوانێک ڕایدەگرێت و بۆ ڕێگەدان داوای پارەی لێ دەکات. کاتێک ڕەزا شا خۆی ئاشکرا دەکات کە گەورەترین کەسی

وڵاتەکەیە، پاسەوانەکە خۆی لێل ناکات و پێی دەڵێت: من هەقم نیە تۆ کێیت و کێ نیت، ئێمە وا فێر کراوین و وازیشی لێ ناهێنین، تا پارەیشم نەدەیتێ ناهێڵم بڕۆیت. برادەر.. ئەمە کلتووری ئێمەیەو ئەوانەت بەلاوە سەیر نەبێت کە دیوتەو بیستووتە!

–بەڵام بۆ سیستمێکی وا سەیرە کە بانگەشەی دادپەروەری و خواپەرستی دەکات!

–بڕوام پێ بکە لەم شارەدا بە گەڕەک سۆزانی هەیە، خێزان بە دایک و کچەوە لەش فرۆشن و باوک و مێردو کوڕیان دەلاڵیان بۆ دەکەن.

–من لە سەردەمی شادا هاتوومەتە ئێرەو هەندێک لە شارە گرنگەکانی گەڕاوم، نە ئەم دیاردەیەم بەم شێوە فراوانە دیوەو نە خەڵکییش هێندە بێزار بوون.

–ئەمان زۆر شتیان قەدەغە کرد، بەڵام مرۆڤ لەوە سەختگیرترە بە ئاسانی ڕام بکرێت، ئێستا هەمووماڵێکیش مەیخانەیە، شەوانە بە سەدان خەڵکی موعتاد لەسەر شەقامەکان دەکەون و داوای یارمەتی دەکەن.

–شۆفێرێک بۆی گێڕامەوە دوان لەم ماتۆڕ سوارانە بەلای ژنێکدا تێپەڕیون کە خڕ خاڵ و بازنەی زێڕی لە قۆڵدا بووە، بە تەور قۆڵیان لێ کردۆتەوەو بە بازنەکانەوە فڕاندویانە، هەر ئەو شۆفێرە لەگەڵ گێڕانەوەی کۆمەڵێک چیرۆکی تری لەم بابەتەدا گەلێک حەسرەت و داخی بۆ دوو برای خۆی خوارد کە لە شەڕی ئێران عیراقدا کوژراون و تا ئێستا نازانن نێژراون یان سەگ و گورگ لاشەکەی خواردوون.

-ئەوەی وتت زۆر ڕاستە کە خۆیشمان تەواوکەری هەموو گەوجیەکانین، من ئەگەر هەر باسی خۆمت بۆ بکەم لەوە نائومێدتر دەبیت کە هەست بە داگیرسانی مۆمێک بکەیت لە ژوورە هەرە تاریکەکانی ئەم جۆرە وڵاتەدا.

تەماشام کرد، بێدەنگ بوو، هیچ سەریشی بەرزنەکردەوە، وەک ئەوەی بیەوێت شەقامەکەی بەردەمی هەر بە ڕوانین بکێڵێت و یادەوەریەکانی تیا بدۆزێتەوە، بەڵام دوای کەمێک (دیار بوو زانی بەردی سەر ئەو یادەوەریانە لەوە سەخت و زەبەلاحترن بتوانێت لەم ماوە کەمەدا بەرزیان بکاتەوە) وتی:

-هەندێک جار گەمژەیی خۆمان لە لووتکەی ئەلبورز بڵندترە، من ساڵانێک لە دۆزەخێکدا بووم، دۆزەخ بە هەموو مانایەکیەوە.

-دۆزەخی شەڕ؟

-بەڵێ، شەڕ! لە شەڕدا نە دەرگایەکت لێ دەکرێتەوە نە دڵێک، چاو و گوێت پڕ لە قورقوشم دەکرێت و هەستی مرۆڤبوونت تیا نامێنێت، تا ئێستایش کە بیری لێ دەکەمەوە نازانم بۆچی و لەسەر چی و پاشان بۆ من؟ منی دەرچووی زانکۆی بەشی فەلسەفە، نەک کابرایەکی نەزان و نەخوێندەوار!

-دیارە شارەکەی منیشت هەر لەو ڕێگایەوە دیوە؟

-بێگومان، نەک هەر ناو شارەکە، تەنانەت ناوچەی گەرمیان و سەر سنوورەکان و باشووریش، ئەوسا من ئەسپی عەرەبانە بووم، بۆ هەر کوێیەک لێیان بخوڕیمایە بێ پرسیار و سەرپێچی کردن دەڕۆیشتم،

له شەڕدا نێوان ژیان و مەرگ هەناسەیەکی زۆر کورتە، من سەدان جار لەو چرکەساتانەدا بێ باکانە هاتووچۆم کردووە، دەیان هاوڕێم لەپاڵما ونجڕ ونجڕبوون، ڕێگای ڕۆیشتنم پڕ لە لوغمی چێنراو بوە، من بێ پرسیار هەر ملم دەناو دەڕۆیشتم، زۆر درەنگ لەوە گەیشتم کە چ ئاژەڵێکی بەدبەخت بووم، بەداخەوە.. هەر بەڕاستی ئاژەڵێکی بێ هەست و هۆش.

بێدەنگیە کتوپڕەکەی و حەسرەتی تەمەنە بەباچووەکەی پرسیاری تری لای منیش وەستاند، یان با بڵێم زۆر جار وا ڕێک دەکەوێت کە بەرانبەرەکەت لە توانایدایە تەنیا بە هەناسەیەک، ئاماژەیەک یان جووڵەیەکی سەیر، وەک بروسکەیەکی کتوپڕ ڕاتبگرێت و زمانت لە گۆ بخات. من هیچم نەوت، بەڵام دیاربوو ئەویش دەیویست دان بە شتێکدا بنێت کە لە ئاستی کپ بوون و چاوەڕوانیەکەی مندا بێت، بۆیە ئەمجارەیان بێ دەربەستانە، وەک قەناعەتی گەمژەیی ئەوسای خۆیم پێ بکات لەسەرخۆ وتی: باجی گەوجایەتیەکەم گران لەسەر کەوت برا، ئێستا من دوو پەنجەی دەستی چەپم نیە و هەردوو قاچیشم دەستکردن.

بێ ئیرادە تەماشای دەستی چەپی و پاشان هەردوو قاچیم کرد، تا ئەو کاتە هەستم بە هیچ نەکردبوو، لە ناکاوێکدا لەوە گەیشتم کە من لەبەردەم مرۆڤێکی راستەقینەدام، مرۆڤێک لە دوو ژیانی جیاوازدا کە دانپێدانانەکانی مانای بڕوابوونیەتی بە گۆڕان، گۆڕانی خۆی، ئەگەرچی لەسەر حیسابی لەدەستدانی دوو بەشی گرنگی جەستەی

بوون، بەڵام وا ئێستا بە مانایەکی جیاوازەوە ژیانێکی تر بەسەر دەبات، لای خۆیشمەوە ئەوەم یاد کەوتەوە کە هەندێک ڕێکەوتی ناو ژیانی ڕاستەقینە هەیە بە گران خەیاڵ دەتوانێت وەک خۆی تەونەکەی بچنێت.

کە زانیم ئەو تەواو بێدەنگە و منیش کاتم بەسەر دەچێت، پێم وت: نووسەرێک دەڵێت: مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی پێویستیی بە چەک نیە، بەڵکو پێویستیی بە کەمێک روناکایی ناوەوەی خۆی هەیە تا ڕێگای ڕاستی بۆ ڕۆشن بکاتەوەو ڕێنمایی ژیانی بکات، تۆ دەڵێی چی؟ بێ وەستان وتی: بە داخەوە من ئەوسا ئەو روناکیەم تیا نەبوو، وایشم دەزانی ڕێگاکەم زۆر ڕاستە، بۆیە گێلترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە وا دەزانێت هەمیشە لەسەر هەقە.

وتم: کارەساتە هەرە تراژیدیەکان بەرئەنجامی ئەو شەڕە نەگریسانەن کە بە درێژایی مێژوو مرۆڤ هەڵیگیرساندوون و خۆی تیا قەلاچۆکراوە.

-ئەو کەسەی وا دەزانێت بە سەلامەتی لە جەنگ ڕزگاری بوەو هیچی بەسەر نەهاتووە درۆ دەکات، ئەوەی هەستی مرۆڤایەتی هەبێت و شەڕی دیبێت بێگومانبە شەو نییە خەونێکی ناقۆڵا نەبینێت، یان لە بینینی دیمەنێکدا ڕانەچڵەکێت، تەنانەت لە گریانی منداڵەکەی خۆی و پاڕانەوەی هەژارێکدا وێنەکانی شەڕی دێنەوە بەرچاو، بڕوام پێ بکە من لە گوتنی گۆرانیی هەرە خۆشیشدا کارەساتی زۆر گەورەو سامناکم دێتەوە بەرچاو کە ڕۆحم دەهێنێتە لەرزین.

-ڕەنگە ماوەیەکی بوێت تا ئەو کەسانە دێنەوە سەر خۆیان و ئەوسا

دەزانن لە چ دۆزەخێکدا بوون!
-بێگومان، زەمان هەمووی کەڵەکە دەکات و پاشان وەک کۆڵێکی پێچراوە وردە وردە دەیانکاتەوە و هەڵیاندەڕێژێت..
-چیرۆکی ترت لا نیە؟
کەساسانە تەماشای کردم و بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە وتی:
-لەمەی خۆم زۆر کارەساتبارتر!
-حەز بە گێڕانەوەی ناکەیت؟
-با، وەک چۆن تۆ حەزی گوێ گرتننت زۆرە، بەڵام ئەوە بزانە کە هەندێک لەو چیرۆکانە تەنیا دەتوانیت دیمەنەکەی بهێنیتە بەرچاو، ئەگینا دەربڕینیان بە وشە زۆر زەحمەتە.
-وەکو؟
-وەک ئەوەی سەربازێکی خۆتان لە پاڵتا کەوتبێت، لەناو سەروچاوە بەخوێن شەلاڵ بوەکەیەوە تەنیا چاوی ببینیت کە چۆن گڕی دەدات، هاواری - فریبا - ناوێک بکات کە تۆ نەزانیت چیەتی بۆئەوەی پەیامەکەی پێبگەیەنیت، من تا ئێستایش شەو نیە ئەو دەنگ و چاوگێڕانە لە مێشک و زەینم گیر نەبن و داوای ئەوەم لێ نەکەن دوا هەواڵی ئەو لاوە بەو فریبا ناوە بگەیەنم.
-دەستت بە گیرفانیدا بکردایە شتێکت دەست دەکەوت، من خۆم ئەوەم دیوە؟
-گیرفانی چی! هەموو گیانی سووتابوو، پرزۆڵێک جلی بەبەرەوە نەمابوو. هەرچی زمانی دنیا هەیە نابێت بەو زمانی چاوەی کە دەیگێڕا.

نازانم چی دەوت، چی دەویست؟ هەندێک جار دەڵێم رەنگە نەفرەتی لە من، لە خۆی، یان لە هەموو دنیا کردبێت، یان وتبێتی ڕزگارم بکە با نەمرم، ئیتر نازانم..

-نەت توانی دوایی بیناسیت؟

-ناسینی چی؟ ئێمە هەموومان تێکەڵاوی باروت و خۆڵ و خوێن بوین، دووکەڵ وەک هەوری نیشتوو بە جۆرێک گەمارۆی دابووین کەس کەسی نەدەناسییەوە، دەتوت ئەو حەشرەیە کە لە کتێبە ئاسمانیەکاندا باس دەکرێت. با شتێکی تریشت پێ بڵێم، لە شەڕدا، لەو کاتەدا کە خون پارە لە پاڵتا بەزەویدا دەدات و هەر گۆشت و خۆڵ و ئێسکە بەهەوادا دەچێت، تۆ تەنیا کڵاوخوودەو چەکەکەت لا ئازیزە، بێجگە لە خودایش هیچی ترت بە بیردا نایەت، خودا بۆ تۆ لەو شوێنەدا فریادرەس و پەنایە، ئەمە لای گومڕایەک و دیندارێک وەک یەک وایە، خودا ئەو فریادڕەسەیە کە لە شوێنی ترو حاڵەتی تردا لەوانەیە بە وەهمی بزانیت و بوون و نەبوونیت لا یەکسان بێت، بەڵام لە سەنگەردا ئامادەگیەکی کاریگەری لە رۆحتا هەیە. لە سەنگەردا هەموو ئەو کەسانەی لەدەورتدان و رووی چەکیان لە دوژمنەکەتە، خۆشت دەوێن و وەک برا تەماشایان دەکەیت، ئیدی لە چ نەتەوەو ئایین و مەزهەبێکن تۆ کارت پێ نییە، چرکەساتی شەڕ کۆکردنەوەی هەستە جیاوازەکانە، ئەو هەستانەی لە دۆخی تردا مرۆڤ دەکەنە دوژمنی یەک و کینە دەڕێژن. لەبیرت نەچێت لەوێشدا مرۆڤ هەر خۆپەسەندە، چونکە بێجگە لە خۆت بەخەیاڵتا نایەت کێ دەکوژرێت و چی بەسەردێت،

تاقە ئاواتت پارێزگاری کردنە لە خۆت، نەک بەربکەویت و هاوڕێکانت بەجێتبهێڵن وەک چۆن تۆ ئەوان بەجێدەهێڵی. بەڕاستیی کە تۆ شەو و ڕۆژێک یان زیاتر لە سەنگەرێکدا بێ خواردن و پشوودان بمێنیتەوە، ئیتر بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی لەدەست دەدەیت و دەبیت بە شتێکی دی.

- باشە، با بێینەوە سەر سەربازەکەی هاوڕێت.

-ئەو هەر هاواری فریبای دەکرد و چی تری نەدەوت، کە چاویشی دەگێڕا وام دەزانی هەموو هەستی ئەو کوڕە لەناو چاو و ڕوانینیدایە کە من پەییم بە دەربڕینەکەی نەدەبرد، ئاخ..... خۆزگە خودا لەو کاتەدا ڕستەیەکی ڕەوانی بخستایاتە سەر زمانی بۆ ئەوەی بمزانیایە چیە و چی دەوێت؟

- براکەم، خودا لە گەرووی کەناری و هوزاردایە، لە گزنگی بەیانی و نۆتەی مۆسیقاو قەدی دار ئەرخەوان و دڵی عاشقاندایە، خودا چی داوە لە ناو ئاگر و باروت و دڵی شەڕەنگێزو ڕقاوی!

دوای کەمێک بێدەنگی کە دەتوت هەردووکمان و ناو ماشینەکەش بە تەواوی لاڵ بووین، پێم وت:

-دەی .. ئەی دوا جار؟

-دوای سەعاتێک هەر لە پاڵما گیانی دەرچوو.

-تۆ هیچت بەسەر نەهات؟

-لەو شەڕەدا نا، زۆری ترم لەگەڵدا بوون کە هەندێکیان بریندار بوون، دواجار ئێمە بەجێمان هێشتن و نەمانزانی چیان بەسەرهات.

–دوای ئەوەیش هەر مایتەوە؟

–بەڵێ، من چ وانەیەکم لەو ڕووداوو دیمەنانە وەرنەگرت، بۆیە دەڵێم لە شەڕدا مرۆڤ بەرگی ئاژەڵێکی کێوی دەپۆشێ و هەستە ئینسانیەکانی خۆی لەدەست دەدا. بێگومانبە ئێستا بمخەنەوە ئەو جێگایە دوای چرکەساتێک هەناسەم تیا نامێنێت، کە بیری لێ دەکەمەوە دەبم بە پەڕی دەم ڕەشەبا، وا هەست دەکەم لە خەونێکی کابووسیدام و لە چوارلاوە ڕاوم دەنێن، هەر بە ڕاستییش گەلێک جار خەونی وا دەبینم.

سەیرێکی سەعاتەکەی دەستی کرد. وتم زۆرمان ماوە؟ وتی بەشی چیرۆکێکی ترمان ماوە ئەگەر حەز بکەیت؟ من زۆرم پێخۆش بوو، وتم هیوادارم ئەمشەو ئاسودەتر لە شەوانی دی بخەویت. وتی بێگومان، گۆماوێک بەری گیرابێت هەمیشە چاوەڕێی لافاوی لێ بکە. وتم لەوە دەچێت دەمێک بێت مشتەری گوێگری وەک منت دەست نەکەوتبێت، زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

« ئەو کاتەی لە بەرەکانی باشووردا بووین، لە نیوەشەوێکی درەنگدا بەر پەلامارێکی قورسی زرێپۆش و فڕۆکەی عێراقی کەوتین، بەدەم تۆپبارانێکی خەستەوە کە تا دەهات گەمارۆمان لەسەر زیاترو ڕێی دەربازبوونمان تەنگ و ئەستەمتر دەبوو، کەوتینە پاشەکشە، ڕیز ڕیز باجەڕو سۆخۆی هێرشیان دەهێناو وەک هەڵۆیەک دوای پۆلێ کۆتر کەوتبێت راویان دەکردین، ئێمە هیچ جۆرە بەرگریەکمان نەبوو، بۆیە بەجۆرێک سەرمان لێتێکچوو کە نەماندەزانی روو لە کوێ دەکەین و بۆ کام لا دەچین، وەک هەر لەشکرێکی شکستخواردو شپرزەو

نارێکوپێک و بێ فەرماندە مابووینەوە، هەرکەسەو هەوڵی رزگاربوونی خۆی دەدا، من لەگەڵ چەند سەربازێکدا یەکانگیر بووبووم و بە ئاراستەیەکدا دەرۆیشتین کە ژمارەمان هەروا چل سەربازێک دەبوو، زیاد لە سێ سەعات بەدەم ڕاکردن و ئایەت خوێندن و پەناو پەسێوی خۆشاردنەوەوە بەرەو بەرزاییەک ملمان نابوو، هیچ نەماندەزانی خاکی کێیەو چ هێزێکی پێوەیە، دوای ماندووبونێکی زۆرو حاڵەتێکی پڕ لە ترسی بەردەم مەرگدا لە هەورازەکەوە بەرەوخوار شۆڕبووینەوە، دوای ماوەیەک رۆیشتنی تر لە دوورەوە شتێکمان بینی، تەنیا بەدەنگی وەڕینی چەند سەگێک لەو دەوروبەرەدا زانیمان ئاوەدانیە. مانگ لە ناوەڕاستی ئاسماندا بوو، دنیای ئەو دەوروبەرە هەمووی دەدرەوشایەوە، بەڵام ئێمە لە بارێکی دەروونی وادا بووین گومانمان لە هەموو شتێک دەکرد، لە دەنگێک، لە جووڵەیەکی دوور، تەنانەت لە خۆیشمان، بۆیە گەلێک بە پارێزەوە بە پێچ و پەناو تاک و جووت لە دەوری گوندەکە نزیک کەوتینەوە، لە ڕاستیدا پێمان خۆش بوو گوندێکی ئێرانی بێت بەڵکو پشوویەکی تیا بدەین و لاشەی شەکەت و سکی برسیمان، ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش بێت بحەسێنینەوە. بەڵام گوندەکە لەوە بێدەنگ و خامۆشتر بوو کە ئەوەندەی دی سامان لێ نەپڕژێنێت و سەراسیمە نەبین، لەڕاستیدا هەر دە دوانزە ماڵێک بوو کە دەتووت دەستێکی نهێنی، لەپڕێکدا، لەناو ئەو لێرەوارو جەنگەڵستانەدا قوتی کردۆتەوە. چەندیش نزیکتر دەکەوتینەوە بۆنی دووکەڵ و باروتمان زیاتر بەسەردا دەهات و گومانی بەدبەختیەکی زۆرترمان تێ دەگەڕا.

سەروانێک کە خۆی کردبووە فەرماندەمان، بەهۆی سەربازە نزیکەکانی لای خۆیەوە پێی ڕاگەیاندین کە بە کۆمەڵ نەچینە ناو ماڵەکان و زۆریش ئاگاداری لە خۆمان بکەین، ئێمە تەواو لەوە بێگومان بووین کە ئەو ماڵانە کەسی تیا نییە، چونکە نە تروسکەی چرایەک دیاربوو نە گریانی منداڵێک و نە بۆڕەی ئاژەڵێک دەهات، خۆیشمان لەوە بەدحاڵتر بووین مەرگمان لێ ببێتە دۆزەخێک نەتوانین خۆمانی تێ فڕێ بدەین، بۆیە بەدەم دابەشبوونەوە، وەک یاسای سەربازی، هەر چوار پێنجێکمان لەلایەکەوە دەوری ماڵەکانمان گرت و لەسەرخۆ کەوتینە سووسەی چاوگێڕان و هەست ڕاگرتن، لەوە دەچوو گوندەکە پێش چەند سەعاتێک بۆردومان کرابێت و کەسی لێ دەرنەچووبێت، یان زۆر کەمیان رزگاربوبێتن و دیار نەمابن. لەبەردەرگاو حەوشەو کۆڵان و تەنیشت دیوارەکانەوە لاشەی مرۆڤ و ئاژەڵ بەسەریەکدا کەوتبوون. هەندێک لە مردووەکان کە لەسەر پشت کەوتبوون و ئێمە دەموچاویانمان دەبینی، وامان هەست ئەکرد نوستون و هەر ئەوەندەی گوێیان لە ژاوەژاوی ئێمە بێت ئیتر بە پەشۆکاوییەوە هەڵدەستنە سەرپێ و هەواڵی ڕووداوەکانمان لێ دەپرسن. بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕستانێکی ئاشکرا بوو بە جلوبەرگی تایبەتی دانیشتوانەکەیەوە. من لەو گەڕانەدا بێجگە لە مرۆڤ دەیان ڕەشەوڵاخ و مەڕو ئەسپ و کارژۆلەم بینی کە لەناو ماڵەکان و دەوروبەریاندا کەوتبوون، هەندێکیان سەریان پێوە نەمابوو یان سووتا بوون، یان چوارپەلیان پەڕیبوو، دوو ئاسکی زۆر جوانی ڕەنگ مارۆنیم بینی وەک بەگوێی یەکتردا بچرپێنن

سەریان بەسەری یەکەوەو گیانیان دەرچوبوو. لە خانویەکی تردا دوو باڵندەی کەناریم لەناو قەفەسێکدا بینی هەڵبەزو دابەزیان دەکردو خۆیان بە قەفەسەکەدا دەکێشا، وەک ئەوەی لە بێدەنگی و نەبینینی مرۆڤدا ترسیان لێ نیشتبێت و سرەوتیان نەمابێت، تەنیا ئەوەندەم پێکرا بەپەلە دەرگای قەفەسەکەیان لێ بکەمەوەو ئیتر نازانم چیان لێ بەسەرهاتووە. ئێمە زۆربەمان یەکترمان نەدەناسی، هەر ئەوە بوو کە هێزێکی سەربازی ئێرانین و بە فارسی قسە دەکەین، لێ وەک یەک و بێدەنگ چاومان دەگێڕاو تێکڕا کاس و وڕ بووبوین، نە هەستی تینوێتیمان مابوو نە حەوسەڵەی دانیشتن و حەسانەوە، لەپڕێکدا، لەبەردەمی دەرگای ژوورێکدا کە دەتووت تریفەی مانگەکە هەر بەدەستی ئەنقەست رووی گشت رووناکییەکەی لەوێ کردووە، لاشەی ئافرەتێکم بەرچاو کەوت کە لەسەر پشت کەوتبوو، هەردوو دەستی بە تەنیشتیا شۆڕببۆوە، سەری رووت و قژە ڕەش و درێژەکەی ڕژابووە سەر لاملی و چەند تاڵێکیشی کەوتبوە سەر چەناگەی، دەموچاوی هێند سپی بوو وات دەزانی تریفەی مانگەکە هیچی لێ زیاد نەکردووە، بەڵام ئەوەی من و دوو سەربازی تر کە بە ڕێکەوت کەوتبووینە لای یەکەوەو بەتەواوی تاس بردبووینیەوە منداڵێکی تەمەن یەک دووساڵان بوو کە سەری نابووە سەر سنگی ئەو ژنەو خەوی لێ کەوتبوو، منداڵەکە کچێک بوو دەتوت کۆپی دایکێتی، هەر تەواو وەک دایکی، سپی و سۆڵ و قژ درێژ، تەنانەت رەنگی جلەکانیشیان لەیەک دەچوو، من چوومە سەری بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا

بم كە ئاخۆ ماوە یان مردووە! دوو سەربازەکەی تریش هەر بە واق وڕماویەوە وەک من سەریان بەسەردا شۆڕکردەوە، هەناسەی منداڵەکە زۆر ئاسایی و لەسەرخۆ بوو، تەنانەت بۆ ئەو چرکەساتەو لەو هاتن و چوونەی ئێمەشدا بەئاگا نەهات و جووڵەی نەکرد. ئێمە سێ قۆڵی، رەنگە بۆ یەکەم جارمان بووبێت بە وردی تەماشای یەکترمان کرد، راماین و هیچمان نەوت، بۆیە من تا ئێستایش سیمای دەمووچاوی ئەو دوو سەربازە لەیاد ناکەم کە لەدواییدا یەکێکیانم لە شارێکی تردا دۆزییەوەو ئێستا سەردان و تەلەفونمان لەگەڵ یەکتردا هەیە. هەرسێکمان لەسەرخۆ چەند هەنگاوێک دوورکەوتینەوە، راوەستاین بۆئەوەی تەگبیرێک بکەین، بێگومان تەگبیری ئەو منداڵەی کە شەیتانیش لەبەردەم گریان و تەنیایی ئایندەیدا بەچۆکدا دێت، بەڵام پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بنێین فڕۆکە عیراقیەکان گەیشتنەوە سەرمان، دەتوت ڕەوە گورگی برسین و بەدوای ڕانە مەڕێکەوەن، ئێمە ئەوەندەی دی لەیەکتر ترازاین و هەریەکەو خۆی فڕێدایە ناو دەرەو بن بەردو دارو درەخت و شیوەڵۆکێکەوە، ئیدی خۆمان پێ نەدەگیرا، لەگەڵ کەمێک هێوربوونەوەدا دەکەوتینەوە ڕێ، بێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین، چەند جارێک فڕۆکەکان بەسەر گوندەکەدا هاتن و کەوتنەوە بەردانەوەی تۆپەکانیان، ئێمە دوورکەوتبووینەوەو ناوە ناوە ئاوڕمان بۆ دواوە دەدایەوە، دەمانبینی چۆن دیوارو خانووەکان بە هەوادا دەچوون و لە ماوەیەکی کەمدا ئاگرو دووکەڵ تەواوی دیمەنەکەی لەبەرچاو ون کردین.

که شۆفێرەکە بێدەنگ بوو وتم:
- ئەی منداڵەکە چی بەسەرهات؟ نەگەڕانەوە سەری؟
- چۆن بگەڕێینەوە برادەر؟ تۆ ترس بەچی دەزانیت؟ بۆ ئێمە زانیمان ئەو شوێنە کوێیەو ئەو گوندە ناوی چییە؟ ئەوەندە هەیە کە وێنەی ئەو دایک و کچە تا ئێستایش لەبەرچاوما بە زیندوویی ماوەتەوەو هەرگیز لەیادی ناکەم، بۆیە حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من کچە نۆبەرەکەی خۆمم بەناوی ئەو کچەوە ناو نا.
بە سەرسامیەوە وتم: جا چۆن زانیت ئەو کچە ناوی چییە؟ وتی: لەڕاستیدا لەبەر شپرزەیی و ئەو شکستە رۆحییەی توشمان هاتبوو وەک بۆم باس کردیت هەر نەمانزانی ئەو جێگایە کوێ بوو تا لە دواییدا لێی بپرسینەوە، من گوێیشم بەوە نەدا، بەڵام هەر لەڕێی بیرکردنەوەو مەزەندەی خۆمەوە وام دانا کە دەبێت ئەو منداڵە ناوی پەری بێت، ئەگەر خۆیشی وا نەبێت دایکی هەر ئەو ناوەی هەیە، چونکە تەواو لە بێگوناهی و سادەیی دەمووچاویاندا لە پەری دەچوون، بۆیە کچەکەم وا ناو نا.
- گرنگ نییە، تۆ ئێستا کە پەری کچت دەبینیت ئەو منداڵەت دێتەوە یاد و هەستی ئینسانی خۆت لە نەفرەت کردنی شەڕدا بۆ تازە دەبێتەوە.
- بەتەواوی وایە، تەنانەت ئەگەر ئەو دایک و کچە پەریشیان ناو نەبووبێت لای من هەر وا کەوتۆتەوە، ئەوە گرنگ نییە. حەز دەکەم راستیەکی تریشت پێ بڵێم کە پەری کچم لەگەڵ ئەو پەریەدا دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو کەرتەوە، دەزانیت ئەو سەربازەی ئەو شەوە

لەگەڵما بوو، ئێستا کە هەندێک جار دێتەماڵمان و پەری کچم دەبینێت یەکسەر ئەو دیمەنەی بیردەکەوێتەوەو دەڵێت: تۆ بڵێی دوای ئێمە تۆ نەگەڕابێتیتەوەو لەگەڵ خۆتدا نەتهێنابێت و لێرە نەتکردبێت بە کچی خۆت!!

وتم ئەی تۆ چۆنی وەڵام دەدەیتەوە؟ سەیری کردم و بێدەنگ بوو.

پاشان وتی: بێگومانم کە حەزدەکەیت شتێکی تریشت پێ بڵێم، کچی دووەمیشم ناونا (فریبا). وەک پێشتر هیچمان نەوتبێت تەزوویەکی کتوپڕ بە سەرتاپای لەشمدا هات، ئەمجارەیان زۆر بەتاسەوە تەماشای ناو چاویم کرد و دەستی چەپم خستە سەر دەستی ڕاستی سەر سوکانەکەی و ئیتر هیچم بۆ نەوترا.

پێش گەیشتنە فرۆکەخانەکە، شۆفێرەکە کارتێکی شناسنامەی خۆی بۆ ڕاگرتم و وتی: هەر جارێکی تر هاتیت بۆ تاران دڵخۆش دەبم شەوێک ببیتە میوانم. من ئێوەی کوردم خۆش دەوێت.

بە سوپاسەوە کارتەکەم لێ وەرگرت و وتم:

-ئەو شەوە، ئەگەر رێکەوت، چیرۆکی زیاتری تێ دەکەوێت، وایە؟

-بێگومان، سفرەی ژیانی من پڕە لە کارەساتی هەمەجۆر.

-ئەی پێت نەوتم چۆنە وا شوفێری دەکەیت؟ دیارە کاری تریشت هەیە!

-لە دوا ساڵی جەنگدا من وام بەسەرهات، لە ماوەی نەخۆشخانەو کەوتنی ماڵەوەداو بۆ ماوەی دوو ساڵ هەر پیشم دەخواردەوەو بیرم لە بەسەرهاتەکەم دەکردەوەو نەمدەزانی کێ تاوانبارە، خۆم، دەستەڵات،

خودا، چارەنووس! هیچ کاریشم بۆ نەدەکرا، بەڵام باکم نەبوو، چونکە لە ماڵی باوکمدا بووم و ئەوسا ژن و منداڵم پێک نەهێنابوو. دەوڵەت ویستی وەک کەمئەندام و زیان لێکەوتووی جەنگ مووچەم بۆ ببڕێتەوە، قایل نەبووم، بەڕاستیی وام لێ هاتبوو تەنانەت مووچەکەیشیانم بە حەرام دەزانی. بۆیە وازم لەو مافانە هێنا بەو مەرجەی مۆڵەتی شۆفێریم بدەنێ. لەو کاتەوە من ئەمە کارمەو پێم خۆشە، زۆر جار هەستم کردووە ئەوانەی لەگەڵما سوار بوون یەکێک بوون وەک خۆم. حەز دەکەم پێت بڵێم خۆشیی ئەم کارە بۆ من لەوەدایە کە هەمیشە یان گوێم لە چیرۆکی خەڵکیی دەبێت یان خۆم چیرۆک دەگێڕمەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئاسوودە دەبم.

ویستم لە کۆتاییدا وتەیەک بدۆزمەوە بەسەرهاتەکەی تیا چڕ بێتەوەو ئومێدێکی زیاتریش بدەم بەم هاوڕێیە، دوای کەمێک وتم: لە بیرت نەچێت ژیان وەک شانۆ وایە، بەشی یەکەمی پرۆڤەیە و بەشی دووەمی نمایش کردنە، تۆ ئەزمونی پڕۆڤەکەت زۆرە، هیوادارم لە نمایشەکەدا و بۆ ژیانی ئایندەت سەرکەوتوو بیت.

پێکەنی و وتی: ژیان لەوە گاڵتەجاڕترە کە پاش و پێشی بۆ دروست بکەیت، بەڵام هەر خۆشیشت دەوێت. وانیە؟

- بێگومان ژیان چەند ئەو ناشرینیانەی تێدایە کە تۆ باست کردن ئەوەندەیش روناکی و جوانی تیایە، هەر هاواری-فریبا- ی ئەو سەربازە کە لەو ساتەدا کردوویەتی جوانترین هەڵوێستی مرۆڤە لەناو جەرگەی ناشرینترین حاڵەت و کارەساتدا، لەناو ڕەشترین ئاگرو دوکەڵدا کە

خودی مرۆڤ هەڵیگیرساندووە، دەزانیت خەسڵەتەکانی مرۆڤ تێکەڵن لە هەردو ئەم شتە، ئەوانەی پەری و دایکی دەکوژن و ئەو کەسەیش کە بەناوی ئەوانەوە کچەکەی ناودەنێت، ئەوانەی قەفەزی کەناری پڕ لە دوکەڵ دەکەن و ئەوانەیش کە دەرگای رزگاربوونیان لێدەکەنەوە.

شوفێرەکە بەدەم حەسرەتەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا، رووی تێکردم و وتی:

– ئەمشەو بەختم ياربوو، هەم چیرۆکم گێرایەوەو هەم گوێم لە شتی تازەبوو. بەڕاست ئەگەر هەر کەسێک بیتوانیایە حیکایەتی خۆی بگێڕێتەوە دنیا چی بەسەردەهات؟

– دنیا ئاسودەتر دەبوو، بێگومان، چونکە گەلێک لەو حیکایەتانەی کە لە ناوەوەی مرۆڤدا پەنگ دەخۆنەوەو نادرکێن پاشان دەبنە زووخاو و مەرگ لە کەسەکە نزیک دەخەنەوە، وەک خۆرەیەک کە درەخت خۆی هەڵیدێنێت و هەر خۆیشی دەخوات، یان دەبنە نەخۆشیەکی هەمیشەیی و مرۆڤ بەرەو شێتی دەبەن.

حەزم کرد لەباتی رۆیشتن، لەگەڵ ئاغای ئەکبەریدا بگەڕامایەتە دواوەو لە ماڵەکەیدا، بە جووتە شەوێکمان بەسەر ببردایە، دەمزانی ئەوانەی لە دۆزەخی جەنگ دەگەڕێنەوە ئاگری بەسەرهاتەکانیان لەوە سوتێنەرترە کە بۆ کرووزەکەی هەناسەت پڕ نەکات لە بۆچرووکی دووکەڵ و بەگیرت نەهێنێت، هەر لەو چرکەساتەدا چەندان رۆمانی گەورەم هاتنەوە یاد کە باس لە شەڕ دەکەن و مرۆڤی بێ تاوان تیایاندا باجی ملهوڕی و خۆپەرستیی ئەو سەرکردانە دەدات کە خوێنەکەیان پڕ بووە لە

ڤايرۆسی خوێن ڕشتن و وێرانكردنی شارستانیەتە تازەو دێرینەكان، ئەو مرۆڤە بێ گوناهو ناچاركراوانەی لەبەردەم ماشێنی شەڕدا پەراش پەراش دەبن و دەكرێنە خۆراكی ئارەزوە دزێوەكانی ئەوان، چەندانی وەك (جریبەر)ی رۆمانی (خۆشەویستی لە تافی خۆی و مەرگییش هەر لە تافی خۆیدا)ی ڕیمارك و، (ئەیوهان مورتیز)ی (سەعاتی بیست و پێنجی) كونستانتان جورجێوو، (ئولگینا و ئەلیمان)ی زەوی دایكیی ئیتماتۆف و...

–٢–

له فڕۆکەخانەکەدا و دوای پشکنین و پۆست کردنی جانتا گەورەکەم خەمی ئەوەم لێ هات کە فڕۆکەخانەکەی ترم بۆ ببێتە وێڵگەو سەر لە کات و شوێنەکانی دەرنەکەم، بەتایبەتی وەک وتم یەکەم جارمە بچم بۆ وڵاتێکی ئەوروپا و ئیتر کە لێرە دەرچووم تا ڕادەیەک زمانم قفڵ دەبێت، چونکە زمانی وڵاتەکە نازانم و ئینگلیزیەکەیشم هەر ئەوەندە بڕ دەکات کە چەند پرسیارێکی ئاسایی پێ بکەم، خۆ ئەگەر تووشی ڕێکەوتێکی ناجۆر ببم لەوانەیە ئەوەیشم بیر بچێتەوە . بۆ ئێمەی سەر ڕەشیش کەس تاقەتی وەڵامدانەوەی پرسیارمانی نەبێت و وا بزانن لە باخەڵی هەر یەکێکماندا تیرۆرستێک خۆی ماتداوە .

کە چوومە کافتریاکەو چاوم گێڕا دڵەڕاوکێکەم ڕەویەوە، بەهمەنی قوبادی هونەرمەندی سینەمایی ناسراوم بینی لەگەڵ برایەکیدا بە هەمان فڕۆکە بەرەو ئەوروپا دەچوون، دیارە بوون و گرنگیی کەسێک

پەیوەندیی بەو کات و شوێنەو ئەو هەلومەرجەوە زۆرە کە ئامادەگیی ئەوی تێدایە، دەشێت لە شەوێکی لێقەوماندا ژوورێکی چەپەکی داڕووخاو گەلێک لە کۆشکێکی رازاوە خۆشتر بێت، یان گۆشەیەکی تاریک نەگۆڕیتەوە بە دنیایەک ڕووناکی، من بۆ ئەو ساتە بینینی هەر هاوڕێ و ناسیاوو هاوزمانێکم زۆر لا گرنگ بوو، بەتایبەتی بینینی هونەرمەندێکی خۆشەویست کە بە ئەندازەی سەفەرەکە لام خۆشبوو. دوای ماچ و مووچ خێرا لێم پرسی: بۆ کام شار دەچیت؟ زۆر حەزم دەکرد دوا قۆناغی سەفەرەکەی ئەویش شاری (ئەمستردام) بوایە لە هۆڵەندا کە من بۆی دەچم و لەوێ چاوەڕێمن. بەڵام کە ناوی (فرانکفۆرت)ی هێنا کە ترانزێتی منەو دەبێت جارێکی دی لەوێوە بفڕمەوە، خەیاڵە خۆشەکەم زۆری لێ پچڕا، بەتایبەتی وەک ئەو باسی کرد یەکێکە لە فڕۆکەخانە گەورەکانی ئەوروپا و بە ئاسانی تیا ون دەبیت. لێ دوای دڵەڕاوکێکەم زوو گەڕامەوە سەر سروشتە تایبەتەکەی خۆم کە هەمیشە لەم جۆرە هەڵوێستانەدا دەیڵێم و ئێستایش کاتی وتنی هاتبوو: قیروسیا، چی دەبێت بابیێت، لەوانەیە رێکەوتێکی هەڵە چاکترین وانەی ڕاستیم فێر بکات. بەپێی ئەزموونی خۆم من لەوانەم زوو تووشی دوودڵی دێم، بەڵام لە گەورەترین چورتم و تەنگژە و ترسی هەنگاوێکی پێش خۆمدا گۆرانیی دەڵێم، زۆرم قیروسیا بەکارهێناوەو لێی پەشیمان نەبوومەتەوە، لەوانەیە گۆرانی وتنەکانیشم تەواوکەری دڵەڕاوکێکەم بوو بێت، بەڵام نە خۆم و نە هاوڕێکانم هەرگیز وامان لێک نەداوەتەوە. بەهەرحاڵ گوم بوون و

وێڵگەردیی ناو فڕۆکەخانەیەک گەلێک لەوە ئاسانترە بە چیایەکدا هەڵبزنێیت و فڕۆکە چاوی ڕاوکردنیت لێ نەتروکێنێت یان لە وڵاتێکی قەزاو قەدەردا بژیت. بەمانە دڵخۆشیی خۆم دایەوە.

لەگەڵ بەهمەندا نزیکەی دوو سەعاتێک لە فڕۆکەخانەکەی تارانداماینەوە، دیاربوو کارمەندەکان دەیانناسی و یارمەتیان دەدا. قسەی زۆرمان لەسەر هونەر بەگشتی و سینەما بەتایبەتی کرد، پڕۆژە تازەکانی و گەڕانەوەی بۆ کوردستانی خۆمان. ئەو گەلێک سکاڵای لە دەست لێپرسراوو کاربەدەستەکانی لای خۆمان هەبوو کە بە چاکیی پێشوازیان لە کارەکانی نەکردوەو ئاستەنگیان هێناوەتە ڕێی. باسی ئەوەیشی بۆ کردم کە دەتوانێت بە پەلە لە فرۆکەخانەی فرانکفۆرت ڕێنماییم بکات چونکە ئەویش هەر لەو کاتەدا فرۆکەیەکی دی چاوەڕێیەتی، بەرەو بەرلین دەچێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی هونەریی خۆی.

جێگای ناو فڕۆکەکەمان لەیەکەوە زۆر دوور بوو. ناو فڕۆکەکە سەرنجی ڕاکێشام، لەوێدا زانیم سەر بە کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانیی ئەڵمانیایە بە ناوی (لوفت هانزا)وە، سیستمی ناو فڕۆکەکە و هەڵس و کەوتی کارمەندەکانی زۆر لەوە زاڵتر بوو کە سەرنشینەکان بە دەنگی بەرز بدوێن، یان پاڵەپەستۆی جێگا دۆزینەوەیان هەبێت، پاشانیش چاکترین خزمەتیان پێشکەش کردین. من کە دوو جاری تر بە فڕۆکە بۆ دوو وڵاتی عەرەبی چووبووم و گەلێک زەحمەتم چەشتبوو، ئەم دیاردەی هێوری و پاکی و جوانی جێگا و ڕێنماییەکانی کارمەندەکانم بە دیاردەیەکی تایبەتمەند و دڵخۆشکەر دانا. بەڕێکەوت جێگاکەم

له پاڵ کوڕێکی گەنجدا بوو کە نە فریای سڵاوێک کەوتین نە لە یەکدی پرسینێک، هەر کە لە دوای من هات و دانیشت لەسەرخۆ جێگای خەوتنەکەی خۆش کرد، نیوە سەرینەکەی خستە پشت سەری و جانتا دەستیەکەی لەبەردەمیدا تاقەت کرد، لە ناکاوێکدا، وەک چەند شەوێک بێت نەنوستبێت، وا خەوی لێکەوت تەنانەت بۆ ژەمە خواردنەکەیش هەڵنەستا، یان تەنیا بە چاوکردنەوە پێی وتن هیچی ناوێت. لەو ساتەدا چیرۆکێکی کورتی گارسیا مارکیزم بیرکەوتەوە کە لەناو فڕۆکەدا کچێکی جوان دەکەوێتە پاڵی، وەک خۆی دەڵێت: جوانترین کچ کە لە ژیانیدا دیویەتی، ئەویش هەر لەگەڵ دانیشتنیدا جێگا خەوتنەکەی خۆش دەکات، بێ ئەوەی هیچ لەگەڵ مارکیزدا بڵێت چەند حەبێک قووت دەدات، مارکیز بە حەبی نووستن یان مردنی دادەنێت. چونکە لەوەو دواو بە درێژایی هەشت سەعات سەفەری ڕوو لە نیویۆرک کچەکە چاو ناکاتەوە. بە درێژایی ئەو ڕێگا دوورە مارکیز هەر لە جوانیەکەی رادەمێنێت و سەراسیمەی دەبێت. ئەم برادەرەی پاڵ منیش (خۆزگا کچێکی وا بوایە) کە هەر نەمزانی سەر بە چ زمان و خەڵکێکە، تا فڕۆکەخانەی فرانکفۆرت بە ئاگا نەهات تا هیچ نەبێت بزانم لەوێوە بۆ کوێ دەچێت.

لە بێدەنگیی ناو فڕۆکەدا کە زۆربەی سەرنشینەکانی یان دەخەون یان دەخوێننەوە، گەلێک خەیاڵ و وێنای سەیرت بە بیردا دێت، بیرکردنەوە لە گەردوون و توانا گەورەکانی داهێنانی مرۆڤ، بەراوردی ژیان و شارستانیەتی خۆت و کەسانی دی کە زۆر جار بڕوا بەوە

دێنێت تۆ هێشتا نیشتەجێی ناو ئەشکەوتیت و، چ ڕووناکیەکی ناوازەی سەر ئەم ئەستێرەیەت بەرنەکەوتوە. ئیتر بکەوەرە دوای هۆکار و لێکدانەوە پشت ئەستوورەکان بە نەفرەتە مێژوویيەکان و مەترسیە دەرەکیەکان و خۆت و هەر گریمانەیەک کە بتگەیەنێتە ڕاستیی.
لە ناو جەرگەی ئەم حەسرەت و هەناسە ساردیەیشدا، جار جارێک جووڵە و ئاوڕدانەوەی کچی ڕیزەکەی لای ڕاستم دەیهێنامەوە سەرخۆم و پرسیارێکی بێهوودەی تر. هاوکورسیەکەی ئەویش نوستبوو، کچەکە دەموچاوێکی کلاسیکی دڵگیری هەبوو، دوو برۆی ڕەش و پڕی کەوانەیی، لووتێکی قنج و قژێکی رەشی پەخشانی سەرشان و مل، پێستێکی ناسکی رەنگ شەرابی، من لای خۆمەوە و دوای ئەوەی چەند جارێک سەرنجەکانمان لە یەکتر گیر بوون، وام لێکدایەوە ئەویش خۆرهەڵاتیەکی تەنیا بێت و لەو ڕازانە تێبگات کە کەسێکی تەنیای وەک خۆی دەبینێت بەو ئاسمانەوە بیر لە چی بکاتەوە و باڵی خەونەکانی بەرەو کوێی بەرن، لە بیرکردنەوە قووڵەکاندا کە جار جار سەرم لە جامەکەی تەنیشتم بەرەو ناوەوە دوور دەخستەوەو، لە پڕێکدا ئاوڕدانەوەی ئەوم بەلای خۆمدا دەبینی، تەواو ڕوانینەکەی دڵخۆشی دەکردم، وەک ئەوەی پێم بڵێت: دەزانم هەست بە نامۆیی دەکەیت، بەڵام مرۆڤ لە توانایدایە لە هەموو جێگایەکدا خۆشی و ئومێدێک بۆ خۆی دروست بکات کە دڵی پڕ بکات لە ژیان، یان هەست بەوە بکات کە شوێنی بایەخدانی خەڵکیەو تەنانەت کچێکی زۆر جوان تەماشای دەکات، خۆ ئەگەر ئەمە بەزەییەکیش بێت بۆ هەندێک

کەس مایەی خۆشنوودی و بەختەوەریەو، بۆ ئەو شوێنەیش هاودەمە. چونکە هەست کردن بە بوون، ڕەگی قووڵی لە کەسایەتی خۆرهەڵاتیدا بەتایبەتی هەیە. دیارە تێکەڵ بە کیبریا و هەندێک جاریش تا سنووری خۆپەرستی. گرنگ ئەوەیە ئەو کەسە بتوانێت ئەم دوو هەڵوێستە لە یەکدی جیابکاتەوە، لە هەر شوێنێکدا نیازی تێکەڵبوونیان هەبوو ڕابوەستێت و بگەڕێتەوە بۆ دواوە.

لەو تەنیاییانەدا لەوە بێ دەستەڵاتتریت خۆت لەسەر تاقە تەوەرێکی تایبەتی بیرکردنەوە سەقامگیر بکەیت و پەرت نەبیت. بەتایبەتی بۆ کەسێک سەدان رووداو و بەسەرهات و کاراکتەری سەیری لەسەر شانۆ و فیلم و ناو کتێبدا خوێندبێتەوەو، ئێستا گونجاوترین کات بێت بۆ بیرهێنانەوەو لە چەرخدانەوەی زەین و زیندوکردنەوەی هەموویان. ئەمە بێجگە لە ئەزموونە تایبەتیەکانی خۆی کە بە درێژایی ٤٠-٥٠ ساڵ رووبەرووی دەیان پێشهاتی مەرگ ئاسا بووبێتەوە، چەندان سەرکەوتن و شکستی بەخۆیەوە دیبێت و ئێستایش لە خۆی رابببینێت جارێکی دی تاقیان بکاتەوە.

من لە جامەکەی تەنیشتمەوە بە درێژایی چەند سەعاتێک ئەو دەریا گەورەیەم دەبینی کە بەردەوام چراخانی پاپۆڕە زەبەلاحەکان بچووکی کردبوەوە بۆ شارێک و، تۆ هەستت بە سامەکەی نەدەکرد، ئەو پردانەی درێژییان چەند کیلۆمەترێک دەبوو، دروست کردنیان زۆر لەم پردە گەنیلانەی لای خۆمان ئاسان و سووکتر دەهاتنە بەرچاو کە لێرە بە چەندساڵێک تەواو دەبن و دوای ماوەیەکی کەم وەک

عەرەبانەی شکاو شەقە شەقیانە. لەوێدا زیاتر لەو ڕاستیە دەگەیت کە دنیا لەوە گەورەو گرانتر و بەماناترە کە لەناو چوارچێوەی تاقە وڵاتێک و تەنیا نەتەوەیەکدا قۆرخی بکەیت. یەکێک لە کێشەی داخرانی ئێمە ئەزموون نەکردنی گەڕان و دنیا بینینە، کە وەک ئەنجام لێمان دەبێتە نەخۆشیی بۆ تەسک کردنەوەی هەموو مەوداکانی ڕوانینمان. هەرچەندە من جیاوازی لە نێوان جێگۆڕکێ و بیر گۆڕکێدا دەکەم، دەزانم زۆرن ئەوانەی بە دەیان وڵات گەڕاون و چەندان شاری جوان و مۆزەخانە و زانکۆ و تاقیگا و خەڵکانی جۆربەجۆریان دیوە، کەچی هەر لە هەمان جانتادا بوون کە لێرەوە تێیچوون و لەسەر خۆیان داخستوەو هەروا بە لۆکیی گەڕاونەتەوە، تەنانەت تووشی نامۆییەک نەبوون کە بە قازانج بۆ خودی خۆیان و ئەزموون و داهێنانیان بگەڕێتەوە. لەبەرئەوەی نامۆبوون پرسیار دروست دەکات و پرسیاریش سەرەتای گەیشتنە بە بەهای کۆمەڵایەتی و ئینسانیی خۆت و ئایندەی هەموو دنیا. ئیتر لەوێوە لەو دەرگایانە دەدەیت کە دەشێت نەکرێنەوە، بەڵام لێدانەکە پڕکێشیەکی تازەیە لە بوون و ئامادەگیی تۆدا، هیچ نەبێت ڕەخنەگرتنە لەو دەستانەی لە پێش تۆدا بیریان لە لێدان و کردنەوەی دەرگاکان نەکردۆتەوە. تۆ ئەگەر بە وردەکاریەوە لە دەرەوەی خۆت، بەتایبەتی لە شارستانیەتە مەزنەکانی ئێستا و دێرین بڕوانیت. ئەوسا تێدەگەیت شۆڕشی تەکنەلۆژی چەندە پڕپیشکی بەرتۆ کەوتوە، یان هەر نەکەوتوە! هەندێک جار ئەم هەستە ئەژنۆ شکێنە، بەڵام هەرگیز ئیرادەشکێن نیە، بەتایبەتیی بۆ ئەوانەی بڕوایان بە

تۆڵەی غەیبی نیە کە دەڵێن ئەوە قەدەرێکەو تا هەتا هەتایە لێت نابێتەوە، بەڵکو هەلومەرجێکی مێژوو کردە کە دەتوانیت لە سێبەری هەلومەرجێکی نوێتردا پاکۆی بدەیت. وەک گەلێک لەو خەڵکانەی شکست و تاریکیی ژیانی ڕابووردوویان بۆ بوەتە ئەنگێزەو هاندەرێک تا بیگۆڕن بە سەرکەوتن و پێشکەوتنێک تا ڕادەی پێشەوایی کردنی خەڵکی تر و سەردەستەیی خۆیان.

ئەگەرچی کاک بەهمەن لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرتدا هەندێک ڕێنمایی کردم، بەڵام وەک خۆم چاوەڕێم دەکرد، لەوە پەشۆکاوتر بووم کە بیرم لێ کردبوەوە. هەمیشە بڕیاردانی پێشوەخت بۆ ڕوودانی هەر کارەساتێک هەوڵێکە بۆ بەدیهاتنی.. ئەو شۆفێرەی لە ناوەوەیدا بڕیاریداوە لە ڕێگادا تووشی کارەساتێک ببێت تووشی دێت. لە کاتی چێک کردنی شتومەکەکانمدا، بێئەوەی بە خۆم بزانم سەعات و موبایل و بلیتی سەفەرکردنەکەم لەبیر چوو بوو، بێجگە لەوەی لەبەر شپرزەیی و پەلە پەل کردن قایشی پشتێنەکەیشم پچڕا بوو. من بەپەلە بەرەو گەیتەکەم دەڕۆیشتم و دەمپرسی، لەبەرئەوەی بلیتەکەم پێ نەبوو کەس سەری لە پرسیارەکانم دەرنەدەکرد. تا کەمێک هێور بوومەوەو گەڕامەوە جێگای چێکەکە و شتەکانم دۆزیەوە. وایشم دەزانی ئێستا نا کەمێکی دی فڕۆکەکەم دەڕوات و لەو غەریبیەدا بەجێ دەمێنم!! هەر بەدەم ڕۆیشتن و پرسیار کردنەوە لێکدانەوەکانم لووزەوی دەکرد، بەڵام هەموو دەیانوت بڕۆ پێشتر. کە تووشی ئاسانسۆرەکان هاتم ئیتر ئەوەندەی دی پەشۆکام، چونکە نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبەن.

دواجار گیانم بە یەکێک بوو کە ئاماژەی ڕێگایەکی بۆکردم و پێی وتم ئیتر بە هیچ لایەکدا مەڕۆ تا دەگەیتە گەیتەکەت. من هەر تەکانم دەدا و هەستی تێڕامانی ئەو هەموو خەڵک و کچە جوانانەم نەمابوو کە لەپڕێکدا هەڵدەقوڵین و هەریەکەو بەرەو لای شوێنەکەی خۆی دەچوو. کچانێک بە سنگ و قۆڵی ڕووت و بەرگی چەسپەوە کە بۆ کاتی تر بە تاسووقەوە دەبوونە میوانی سەوزی چاوانم و هەناسەی ساردی کەساسی و نائومێدیم. کە گەیشتمە بەردەم گەیتەکە و بەراوردی ژمارەکانم کرد ئاهێکم پێداهاتەوەو هەناسەیەکی حەسانەوەم دا. کەچی زۆری نەبرد جارێکی دی کەوتمەوە پرسیارکردن، ترسی ئەوەم هەبوو نەکا ئەمە شوێنی فڕۆکەیەکی تر بێت. بۆیە جێگام بە خۆم نەدەگرت، دادەنیشتم، پیاسەم دەکرد، دەوەستام و تەماشام دەکرد، دواجار چووم بەلای سوورفلێکەوەو لێم پرسی کە ئەو بۆ کوێ دەچێت؟ کە وتی بۆ ئەمستردام پێم وت: زۆر باشە، من لەگەڵ تۆدام. پێکەنی و وتی: ئۆکەی.

دوایی کە بیرم لەو هەموو دوودڵی و بڕوا بە خۆ نەبوون و پرسیارە زیادانە کردەوە گاڵتەم بە خۆم هات. لای کەسانێکی شارەزا ئەم بەسەرهاتە لەوە سادەترە بەسەر نووسەرێکدا بێت کە دەیان و سەدان جار لە ڕۆمان و چیرۆکی بێگانەدا باسی سەفەری ناو فڕۆکە و فڕۆکەخانەکانی دنیای خوێندبێتەوەو بە وردی سەرنجی لە وردەکاریەکان نەدابێت. بێگومان ئەمە بچووک کراوەی واقیعێکە کە تاکە دواکەوتوەکەی ئێمە تێیدا دەژی. (کە ئەم باسەم بۆ هەندێک

هاوڕێ گێڕایەوە کە چەند ساڵێکە لە هەندەران دەژین و دەیان جار سواری فڕۆکە بوون، ناهەقیان نەگرتم و وایان دەربڕی کە ئێستایش ئەوان لە فڕۆکەخانەکان دەترسن و تووشی دڵەڕاوکێ دێن، یەکێکیان بۆی گێڕامەوە کە ١٠-١٢ سەعات لە فڕۆکەخانەیەکی پاریسدا ون بوەو شوێنەکەی خۆی بۆ نەدۆزراوەتەوە. یەکێکی دی ئەوەی باس کرد لە فرۆکەخانەیەکدا بەهۆی نەزانینەوە لە فڕۆکەکەی بەجێماوە، دوای چەند سەعاتێک بە فرۆکەیەکی تر ڕەوانەیان کردووە).

لەگەڵ ئەمانەیشدا فڕۆکەخانە شوێنی بەیەکگەیشتنی گشت مرۆڤ و ڕەگەزە جیاوازەکانە. نموونەیەکی گچکەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە کە دواجار پێویستیان بە یەکتر و دانیشتنی پاڵ یەکدیە. لە ڕەنگ پێستێکەوە کە نازانیت کام ڕەنگیان زاڵترە تا ئەو ڕەشەی ناوچاوانی وەک قیری بەرهەتاو دەبریسکێتەوە. لەو قژ زەردە چاوشین و باڵا بەرزە رێکەوە تا ئەو ورگن و قنگ زلانەی ملیان بە سنگیانەوە نووساوەو گەردنە درێژ و نارێکەکەی حوشترت لەبەرچاو جوان دەکەن.

بە فڕۆکەیەکی هۆڵەندی لە فرانکفۆرتەوە بەرەو ئەمستردام هاتین کە نزیکەی سەعاتێکی خایاند، لەناو فڕۆکەکەدا زۆر بیرم لەوە کردەوە کە چۆن ئەو دڵەڕاوکێ و شپرزەییەی خۆم بکەم بە چیرۆکێک، بەدوای ناونیشانێکی شیاودا گەڕام، لەوانە: وێڵبوون لە وێستگەیەکدا، من و شپرزەیی، هەوری ناو جانتایەک، هەورێک بەسەر پشتی باوە، بەرەو کەناری شپرزە بوون. ئیترنازانم لەدواییدا ئەو چیرۆکە دەنووسم یان نا.

لە ئەمستردام بێجگە لەو کارانەی پێشوتری فڕۆکەخانەکانی دی،

پێڵاویشیان پێ داکەندم و پشکنینێکی وردیان کردم. دیسانەوە دڵەڕاوکەی ئەوەم بوو کە بڵێیت جانتا گەورەکەم لە فرانکفۆرت بەجێ نەمابێت یان بارکرابێتەوە! نەیشم دەزانی شوێنی وەرگرتنەوەکەی لەکوێدایە، هەر بەدەم ڕێگاوە لە پیاوێکم پرسی کە شوێنی وەرگرتنەوەی جانتاکانم پێ بڵێت، وتی خەڵکی کوێیت؟ کە وتم کوردم و خەڵکی کوردستانم دیار بوو پێی خۆش بوو، جوانتر تەماشای کردم و ئیتر لەگەڵ خۆیدا بردمی تا گەیشتینە شوێنی وەرگرتنەوەی جانتاکان، خۆی لە دوورەوە وەستاو چاوەڕێی کردم تا لەگەڵ ئەوانی تردا لە دەوری چەرخەکە وەستام، بە دەست سوپاسیم کرد و ئەو ڕۆیشت، دوو جار جانتاکەم بە بەردەممدا تێپەڕی و پێم نەزانی، دیارە هەر پاشماوەی شڵەژانەکەم بوو. جاری سێیەم جانتاکەم داگرت، بە گومان بووم هی یەکێکی تر نەبێت، بۆیە زوو دەستم بە گیرفانێکی دەرەوەیدا کرد کە چەند کتێبێکی بچووکم تیا دانابوو، پاش دڵنیا بوون ئیدی ڕوو لە دەرگای دەرەوە کەوتمە پاڵ پێوەنانی. ترسی ئەوەیشم هەبوو بڵێی یەکێک هاتبێتە پێشوازیم تا بمبات بۆ شاری «دانهاخ»؟ خۆ ئەگەر نەبێت ئەوە کێشەیەکی ترم بۆ دروست دەبێت، چونکە مۆبایلەکەم سیم کارتی ئەوێی تیا نیە (من تا ئەو سەفەرە لە کوردستان مۆبایلم هەڵنەدەگرت، تا ئێستایش ڕام وایە زیانی مۆبایل بۆ کەسانێکی وەک ئێمە لە قازانجی زیاترە، چونکە ئاسوودەیی نووسەر لە کەمترین پەیوەندیدایە، مۆبایل پەیوەندیت زۆر و سەرقاڵیت زیاتر دەکات و ئەمەیش وەک ئەنجام لە کاتی نووسین و خوێندنەوەت دەگرێت) بەڵام

له سەفەرێکی وادا مۆبایل هەڵگرتن دەبێتە پێویست و ناچاریە.
کە لەناو ئایپوورەکەدا بە کوردی گوێم لە ناوی خۆم بوو ئاهێکی شادمانیم تێگەڕا، کوڕێکی باڵابەرزی قۆز زوو جانتا گەورەکەی لێ وەرگرتم و بەرەو ماشینەکەی بەڕێکەوتین. دوای ناونیشان هەڵدان ناسیم کە ناوی (ڕەوەن)ە، خوشکەزای کاک حەمە شوانی کۆمۆنیست و دوکتۆر شوکریە ڕەسووڵە کە هەردووکیان هاوڕێمن.
لە ڕێگادا زۆر سەرنجی ڕێگاوبان و دەشت و دەرو هاتوچۆی ماشینەکانم دەدا، ئەو دیمەنانەم لە نزیکەوە دەبینی کە سەعاتێک لەوەوبەرو لە کاتی نزمبوونەوەی فڕۆکەکەدا سەرنجیان ڕاکێشابووم، وام هەست دەکرد وڵاتەکە بەسەر ئاوەوەیە و جێگا نەبوو گزنگی خۆری ئەو بەیانیە لەناو ئەو مەودا فراوانە ئاویەدا شەپۆلی بریسک و هۆڕی بەرەو چاومان هەڵنەکشێ و دیمەنێکی دڵگیرمان پێ نەبەخشێت. زەوی هەموو شین دەچوەوە، لە کێڵگەو مەزراکاندا دەیان ڕەشە وڵاخ و ڕانە مەڕ و ئەسپ و ماینی جۆراو جۆر دەلەوەڕین. دەتوت دار و درەخت و سەوزایی و گوڵی هەموو دنیات بۆ ئەوێ گوێزاوەتەوە. شەقامەکان فراوان و لە دەقیقەیەکدا چەندان ئاماژەی هاتوچۆ و ترافیک لایت و گڵۆپی چاودێریت دەبینی. ڕەوەز باسی یاسای هاتوچۆی ئەوێی بۆ کردم کە چەندە قورسە و سەرپێچی لێکردنی مایەی پەشیمانیەکی گەورەیە، شۆفێر هەمیشەو لە هەرجێگایەکدا بێت چاودێریی لەسەرەو ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی بئاژوێت، ئاژووتنیش بە سەرخۆشی لە یاسای ئەواندا گوناهێکی گەورەیە.

دەوری سەعات یەک گەیشتینە شاری (دانهاخ) کە زۆرجار ئێمە بە (لاهای) ناوی دەبەین و دووەم پایتەختی وڵاتەکەیە. من و شێرزاد حەسەن لە (مەڵبەندی کلتوری هۆڵەندی — کوردی) ئەوێوە بانگهێشتی پێشکەشکردنی دوو کۆڕ کرابووین لەسەر توندوتیژی دژی ئافرەت، بەڵام لە تاران جیاکراینەوە، ئەو چوو بۆ نەرویژ و من بەرەو هۆڵەندا هاتم. ڕاست چووین بۆماڵی (ئازادی کاکە رەش) کە زوربەی کاری داوەتیەکە ئەو بۆی ساز کردبووین، وادەی کۆڕەکەی منیش هەر ئەو رۆژە ٢٠٠٨/١٠/٢٥ سەعات دوو بوو. بۆیە هەر ئەوەندە فریاکەوتم کە بە پەلە خۆم بگۆڕم و بەرەو هۆڵەکە بڕۆین کە بە کرێ لە یانەیەک گیرابوو لە شاری (دێڵفت). نزیکەی شەست کەسێک ئامادەی کۆڕەکە بوون کە زۆریانم دەناسی یان لە هاوڕێکانی کوردستانم بوون، وەک برادەران مەحمود رەزا و خالد رەزا و نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا و ٢-٣ کۆنە هاوڕێی پێشمەرگایەتی ئاری کورم کە دوای ئەنفال لە گەرمیان مابوونەوەو هەندێک یادگاریی خۆشیان بۆ گێڕامەوە، هەروەها دڵسۆز حەمە و دێرینی مامۆستا عارف. کۆڕەکەم بە ناوی ( توندوتیژی دژی ئافرەت، خەتەنەکردن وەک نموونە) بوو، لەگەڵ مندا خاتوو (باخچەی هاوسەری سەردار فەتاح)یش باسێکی لەسەر چەمکی شەرەف پێشکەش کرد. لە باسەکەی مندا هەندێک ئاماری ترسناک لەسەر رێژەی خەتەنەکردنی مێ لە باشووری کوردستاندا هەبوو کە لای بەشێکی زۆری ئامادەبوان سەیر کەوتەوە، پاشانیش لە دانیشتنی تایبەتی خۆماندا باسیان کردەوە کە هەرگیز باوەڕی ئەوەیان

لا دروست نەبوە لە کوردستاندا تا ئەو ڕادە زۆرە خەتەنەکردنی ئافرەت تەشەنەی کردبێت و پارلەمان و حکومەتیش چ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی نەنابێت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەندێک ڕێکخراوی شارستانی بە یاداشت ئاگاداری کردبنەوەو چەند جارێکیش دووبارەیان کردبێتەوە. کە کۆڕەکە تەواو بوو و هاتینەوە لای ماشینەکان بۆ گەڕانەوە، بە پێچەوانەی خەیاڵە خۆشەکانی منەوە بەرانبەر بە ئەورووپا و خەڵکەکەی، بۆ دزینی ڕادیۆ و گومانی پارەو موبایلی ناوی جامی ماشینەکەی ئازادیان لە دوولاوە شکاندبوو، یاریان بە چەکمەجە و سێدیەکان کردبوو، وەک خۆی باسی کرد ئەمە دووەم جارە ئەمەی بەسەر دێت، زوربەی گومانیش لەسەر ئەو لاوە کۆچبەرانە بوو کە بە کاری دزێویان پەڵەیەکی ڕەشیان خستۆتە سەر هەموو کۆچبەرانی تر و پۆلیس هەمیشە چاوی گومانیان لێ ناتروکێنن، بەتایبەتی سۆماڵی و عیراقی.

شەو ڕەوەز و دوکتۆر چیاو سیروان جەمالی هونەرمەند بە بۆنەی هاتنی منەوە لە ماڵی ئازاد مانەوە. بە زاراوەی مەستانی خۆمان (چەم)ێکی سەرکەوتومان ئەنجام دا تا درەنگ لە زۆر دەرگای سیاسی و ڕۆشنبیری و هەواڵە تازەکانی کوردستانمان دا. من بە تەنیا لەسەر قەرەوێڵەیەک لە کتێبخانەکەدا نووستم، بەیانی زوو ئاسایی وەک کوردستان بە ئاگاهاتم و دەستم بە خوێندنەوە کرد، ئەمە خوویەکی زیاد لە بیست ساڵی منە کە هێشتا دنیا تاریکە، لە ناو کڕی و هێوریەکەی شەودا هەڵدەستم و بۆ ماوەی ٢-٣ سەعات دەخوێنمەوە، ئیتر هەر کاتێک نووستبم من

هەر لەو ساتانەدا بەخەبەر دێم. لە کوردستاندا ئەو شەوانەی کارەبا نەبووبێت لایت و چرام دادەگیرساند، خۆ ئەگەر میوانی شوێنێک بووبێتم و ئەوەم بۆ نەڕەخسابێت ماوەی ئەو دوو سێ سەعاتە خەو نەچوەتە چاوم و هەر لەناو جێگادا گینگڵم داوە. لەگەڵ رووناکبوونەوەی دنیادا لە جامەکەی پێشمەوە تەماشای دەرەوەم کرد. بێجگە لە دەنگی با هیچی ترم نەدەبیست، نە خەڵک و نە ماشین، تەماشای ناوماڵەکانی خوارەوەم کرد کە لە ناو دارستانێکدا بوون و تەنیا بەشی سەرەوەی ئاپارتمانەکان دەردەکەوتن. هەندێک قوتابیم بینی دیار بوو بەرەو لای خوێندنگاکانیان دەبوونەوە. ئاپارتمانەکان وەک دوایی زانیم بێجگە لە دانیشتوانی خودی شارەکە گەلێک خێزانی کۆچبەریشی تێدایە. ئاپارتمانەکانی لای ئازاد تێکڕا پیرێژن نشینە (ئەمەیش بەختی ئەو لاوە زگورتیە نەگبەتە!) ماڵەکەی دوو ژورو هۆڵێک و چێشتخانەیەکی چکۆڵە و بەشی توالێتە. ئەو چەند رۆژەی من لای بووم هەندێک شەو بە زەحمەت جێگامان دەبوەوە. ئازاد لاوێکی رۆح سووکی بەدەست و دڵە، لە کار ماندوو نابێت و خواردنی باشیش دروست دەکات. کۆنە پێشمەرگەیەو تا ئێستایش گیانی کوردایەتی وزەی دەداتێ. دوکتۆر چیایش لەو بوارەدا دەست ڕەنگین و لە پیاوە تێکۆشەرەکانە، خەڵکی سلێمانیە و بە درێژایی شۆڕش و بزوتنەوە کوردیەکان بەشداریی زوربەی ڕێکخراوەکانی کردووە. من لەو جۆرە شوێنانەدا کە تەنیا پیاو کار دەکات بۆ خۆم هەست بە گوناە دەکەم، چونکە نازانم هیچ کارێک بکەم، ئەگەر غیرەتیش بدەمە خۆم بۆ کارێک زیانێک دەگەیەنم،

ئەوەی تا ئێستا دەیزانم بیکەم هێلکەو ڕۆن و چالێنانە.
لە ڕۆژی دووەمدا سەردانی هەندێک جێگاو ماڵی هاوڕێ و ناسیاومان کرد، چووین بۆ دادگای نێودەوڵەتی کە بەردەم و ئەملاولای بە گوڵی هەمەجۆر ڕازاوەتەوە و چاو ئەندازێکی زۆر دڵگیرە، بە هاوڕێکەمم وت خۆزگا هەندێک لەو تاوانبار و گەندەڵانەی لای ئێمەیش وەک تاوانبارەکانی رایخ لێرە دادگایی دەکران و دەبونە نموونەیەکی ڕاستیی بۆ دادپەروەریی. لەوێوە چووین بۆ سەر دەریا کە چەندان کەشتی و بەلەم و ماتۆڕی تیا دەگەڕا، ڕەشەبا توندەکە نەیهێشت زۆر بمێنینەوەو ناچار بەرەو سەنتەری شار بەڕێکەوتینەوە، چووینە بازاڕێکی گەورەی میلیەوە کە زۆربەی فرۆشیارەکان تورک بوون، بازاڕەکە هەمە جۆر سەوزە و میوەی تیا بوو، بێجگە لە هەمە جۆر گۆشت لەناویاندا بەراز و ئەسپ و سووچەڕ هەروەها ماسی و قرژاڵ و ڕەقە و بۆق و مارماسی و هەرچی گیانداریی ئاوی تر هەیە، پاشان نانی نیوەڕۆمان لە چێشتخانەیەکی کورداندا خوارد کە زوربەی کارمەندەکانی خەڵکیی سلێمانی بوون و خاوەنەکەیشی خەڵکی گوندی زێویەی بنار چیای پیرەمەگرون بوو کە لە ساڵانی شەستا خۆم لەوێ مامۆستای قوتابخانەکەیان بووم و دەمناسی، شەوەکەی چووین بۆ ماڵی دڵسۆز حەمەی شاعیر و دوکتۆر فەرمانی هاوسەری لە شاری (فلاردیگن) کە پێشتر داوایان لێ کردبووین سەردانیان بکەین و لەوێ تەنیا شەرابیان هەبوو بە ناچاری خواردمانەوە.
هەر لەو ڕۆژانەدا بەڕێزان کاک سەردار فەتاح و کاک حەمە جەزا

بەرزنجی کە سەرپەرشتی یەکیەتی نووسەرانی ئەوێ دەکەن و سایتی خامەی نووسەرانیان هەیە بردمیان بۆ ئەمستردام، نزیکەی سەعاتێک لەناو ئاودا بە بەلەم گەڕاین و پاشان داوام لێ کردن گەڕەکی لەش فرۆشەکان ببینین کە پێشتر زۆر ناوبانگم بیستبوو، ئەوان تۆزێک بە شەرمەوە قبووڵیان کردو من هەرسووربووم لەسەر بینینی: گەڕەکێکی گەورە و ئاپوورە بە خەڵک، لەش فرۆشەکان لە پشت جامخانەکانەوە ڕاوەستاون، زوربەیان بنێشت دەجاون و جگەرە دەکێشن، بێجگە لە ستیان و شۆرتێک هیچیان لە بەردا نیە. لە پێست رەشەوە تیایاندایە تا سپی پێست و چاو شین و قژ زەرد. لە تایلاندی و ژاپۆنیەوە تا سربی و عەرەب و ئێرانی. لەو کاتەدا کە چاوی داخوازیان تێدەبڕیت خەم و نائومێدیەک لە نیگایاندا دەردەکەوت کە دەیانەویست بە زۆر بیگۆڕن بە شادی و زەردەخەنەیەکی دەست کرد. من لە بینینی ئەو مرۆڤانەدا هەستێکی تایبەتیم تێدەگەڕێت و بەردەوام وەک قوربانی لێیان دڕوانم، (سۆنیا)ی ڕۆمانی تاوان و سزای (دۆستۆیفسکی)م بیر دەکەوێتەوە کە چەندان جار خۆزگەم خواستوە سۆنیایەکی لەو جۆرە خوشکم یان کچم بوایە. دوایی چووین بۆ مۆزەخانەی مێژوویی هۆڵەنداو پاشان ڤان کوخ کە زۆر ئاپوورە بوو. هەر لەگەڵ ئەواندا کۆنە برادەرێکی میهرەبانم هاتە لامان کاتی خۆی لە سلێمانی لای برایەکی — حەمەی شەریفە کوردە-ی هاوڕێم کاری دەکرد ئەویش (جەمالی خولە سنەیی) بوو، زۆری هەوڵدا بچمە ماڵیان و میواندارییم بکات، بەهەرحاڵ بە پێکێک شەراب و خواردنی کافیترییایەک قەبڵاندمان.

شەو گەڕامەوە دانهاخ و لەگەڵ ئازادا چووین بۆ شاری (بریدا) بۆ ماڵی تریفەی کچی حسەین عارفی چیرۆک نووس و هاوڕێم و دەماوەندی هاوسەری، دەماوەند سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕۆژی دوایی لە بەلجیکاوە بمبات بۆ پاریس و شەو و ڕۆژێک لەوێ بمێنینەوە، من بەلامەوە زەحمەت بوو تەنیا بیست و چوار سەعات بەس بێت بۆ گەڕانی ناو پاریس، هەرچەندە دوایی هەر کەسێکم دەبینی دەیوت ئەو کەسەی بێتە ئەورووپا و پاریس نەبینێت وەک هیچی نەدیبێت وایە. بۆیە دوایی پەشیمان بوومەوە لە ڕاکەم پاش ئەوەی کاتی ترم لەبەردەستا نەمابوو.

شەوی ئایندەمان لە ماڵی کاک حەمە شوان بەسەربرد، کاکە حەمە لە شاری (لایزندام)ەو مامۆستای زانکۆیەکی ئازادە، هاوڕێییەتیمان کۆنە، ئەو شەوە گەلێک خزمەتگوزار و میهرەبان بوو، زۆر داوای لێکردم کە هەر لای ئەو بمێنمەوە، چەمێکی چەمانیشی بۆ ساز کردین (چەم زاراوەیەکی تایبەتە بۆ شەوی بەزم و ڕەزمی خواردنەوە، چەم زۆر جۆری هەیە، وەک چەمی چەمان: کە چەمێکی کراوەیە لەبەردەم خواردن و خواردنەوەی ئامادەبواندا ، کەسێک لەسەر گیرفانی خۆی سازی دەکات و باشترین چەمە. لە جۆرەکانی تری چەم: چەمی چەواشە: هەرکەسە و مەسرەفەکەی لە گیرفانی خۆی دەدات. چەمی چەلەنگ: چەمێکە لە پڕێکدا ساز دەبێت و بێ بەرنامەیە، بەڵام سپۆرتە. چەمی چڕین: بە گۆرانی هندی دەکرێتەوە. چەمی چەقەنە: دەخۆیت و دەخۆیتەوە کەس پێی نەوتویت و داوەتی نەکردویت و

دوایی دەڕۆیت. چەمی چاوبازان: کچ یان ژنی تیایە و لەوە دەچێت بخۆنەوە. چەمی چیخۆف: چەمێکە لەبەر مانگە شەودا دەکرێت و چەندانی تر.
شارەکانی هۆڵەندا گەلێک لە یەکەوە نزیکن، هێشتا لە هەرێمی شارەوانی یەکێکیان نەبوویتەتەوە دەکەویت بەسەر یەکێکی تریاندا. وەک شارەکانی لایزندام، فلاردنگن، لایدن، نۆتەردام، بریدا. دانیشتوانی وڵاتەکە نزیکەی شانزە ملیون کەسە، لە چاو ئەو ژمارەیەدا پێوانەی زەویەکەی کەمە، واتا چڕی دانیشتوانی زۆرە، وەک خۆیان دەیانوت بە سێ سەعات بە ماشین ئەمسەر ئەو سەری وڵاتەکە دەکەیت.
رۆژی ١١/١ نەبەزی خاڵۆزازام لە شاری (هانۆڤەر)ی ئەڵمانیاوە گەیشتە دانهاخ بۆ ئەوەی پێکەوە بچین بۆ دانیمارک بۆ لای میدیای کچم، ئەو شەوە لە ماڵی دێرینی مامۆستا عارف بووین هەر لە دانهاخ، ئێمە لەگەڵ ماڵی دێریندا تێکەڵاوین و دێرین لەگەڵ ئاری کوڕمدا زۆر هاوڕێن. هەر لەوێ (یەسیکا)ی خواستوە و کوڕو کچێکی بەناوی (شکار و زنار)ەوە هەیە. بۆ بەیانیەکەی بردمیان بۆ باخچەی ئاژەڵان لە شاری (ڕۆتەردام) کە باخچەیەکی زۆر گەورەیە و دەیان دۆنم پێوانەکەیەتی. سەدان کەسی بێگانە هاتبوون بۆ سەردانی باخچەکە، چ زیندەوەرێک بیری لێ بکەیتەوە تیا بوو، لە پەلەوەرو ئاژەڵی کێویەوە بیگرە تا دەریایی هەموو کیشوەرو وڵاتە جیاوازەکان. گشتیان دۆخی تایبەتی خۆیان بۆ ڕەخساوە تا ئاسوودە بژین. بۆ نموونە لە هۆڵەندا کە چیاو بەرد و خۆڵی زیادی تیا نیە، بۆ ماسی و گیاندارە ئاویەکان کاچ و

تاشە بەردیان لە دەرەوەی وڵاتەکەوە بۆ هێناون. بە سەدان جۆر ماسی لە قرشەوە تا زۆر وردی تێدایە. لە نێو جامخانەی ماسیەکاندا ئێمە لە ژێر ئاودابووین و ماسی و گیانداری تر یان بەسەرمانەوە یان لە پاڵماندا بێ سڵەمینەوە هات و چۆیان دەکرد. نزیکەی پێنج سەعات لەوێ ماینەوە. لە شوێنی وادا هەست دەکەیت وڵاتەکەی تۆ چەندە نەگبەت و بێکەسە، چەندە بێ پرۆژەو خزمەتگوزاریە! هەموو کەرەسە سروشتیەکانی ئەو باخە لە وڵاتی ئێمەدا هەن، لە ئاژەڵەوە تا دار و بەرد و خاک و خۆڵ، لە ئاوەوە تا پارەی لەبن نەهاتووی دەوڵەت. کەچی کەس نییە بیر لە باخێکی ئاژەڵان بکاتەوە، لەوێ ئەو سێ چوار مەیموون و کەروێشک و قاز و پڵنگە لاتانەم بیرکەوتەوە کە لە سەرچنارەکەی خۆماندا هەیە و سەرنجی منداڵیش ڕاناکێشن. هۆڵەندا وڵاتێکە وەک دانیشتوانەکەی دەڵێن خوا دنیای دروست کردووە و ئەوانیش هۆڵەندا، ئەگینا لەناو ئاودا شار و وڵات و ئەو هەموو جوانیە چۆن دروست دەکرێت!! بەڵام لە هۆڵەندادا ئەقڵ و دڵسۆزی هەیە و ئەو دوو شتە تا ئێستا ڕێی نەکەوتۆتە لای خۆمان.

رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣ لەگەڵ نەبەزدا، سەعات دەوری ١٢ بە شەمەندەفەر بەرەو شاری (کۆڵن)ی ئەڵمانیا بەڕێکەوتین. شەمەندەفەرێکی جوان و پاکژ و خێرا. سەرنشینەکانی خەریکی خوێندنەوەو کومپیوتەر بوون. دوای نیو سەعاتێک گەیشتینە وێزگەی (ئۆتەرجێت) و لەوێوە سواری شەمەندەفەرێکی تر بووین بۆ کۆڵن. بە درێژایی ڕێگاکە دارو درەخت

و سەوزی و کارگە و ساختمان بوو. دوای سەعات و نیوێک گەیشتینە یەکەم شاری ئەڵمانیا (یوبەرهاوسن). کە گەیشتینە شاری (کۆڵن) هەر لە وێزگەی شەمەندەفەرەکە شوکری هاوسەری ڕەسووڵ قامیشی چاوەڕێمان بوو، بە ماشینەکەی ئێمەی گەیاندە ماڵی خۆیان، منداڵەکانیان خۆشحاڵ بوون بە چوونمان. ماڵی کاک ڕەسوڵ و شوکری لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە لەگەڵماندا تێکەڵن، رەسووڵ کۆنە پێشمەرگەیەو هاوڕێی ئاریە، خۆشەویستی زۆرمان لە نێواندایە. شەو بەختیار عەلی و کوڕێکی گەنج بە ناوی خەسرەو بە دواماندا هاتن و چووین بۆ ماڵی خەسرەو، چەند کوڕێکی خەڵکی سلێمانیان تیابوو کە دڵیان کردمەوە، خواردنەوەو قسەی خۆش و کەمێکیش لە گۆرانیەکانی شار.

ڕۆژی دوایی رەسووڵ بردینی بۆ سەنتەری شاری (کۆڵن)، چووینە کەنیسەی (دۆم) کە چەند سەدەیەکە دروست کراوە، لە دووەم جەنگی جیهانیدا هاوپەیمانەکان شارەکەیان وێران کردووەو تەنیا ئەو کەنیسەیە ماوەتەوە کە نەڕوخابێت. بەڵام تا ئێستا دەرو دیوار و گومەزی ئاسەواری شەڕی پێوە ماوەو هەر ڕەشە. خەڵکێکی زۆری بێگانەی لە بابەتی ئێمەی تیا بوو، چونکە بێجگە لە لایەنە دینیەکەی، شوێنەوارێکی گرنگی تەلارسازیی سەدان ساڵ لەوەو بەرە. من لەوێدا شاری (درسدن)م هاتەوە بیر کە هاوپەیمانەکان، بەتایبەتی ئەمەریکیەکان، پێش ڕاگرتنی شەڕ بە چەند سەعاتێک لە ساڵی ١٩٤٥دا شارەکەیان بە تەواوی وێران کردو نزیکەی ١٥٠٠٠٠هەزار کەسیان لە دانیشتوەکانی کوشت، وتیان با ئەڵمانەکان بزانن وڵات

وێران کردن یانی چی! (من رۆمانێکم لەسەر ئەو شارە و ئەو وێران کردنە خوێندۆتەوە بە ناوی (قەسابخانەی ژمارە -٥- لە نوسینی — کورت ڤۆنی کات-) لەوێوە چووین بۆ مۆزەخانەی (لودویک) کە دەیان بەشی تیایە و زوربەیان تایبەتن بە شێوەکار و پەیکەرتاشێکەوە، لەوانە (بیکاسۆ)ی بەناوبانگ. ئێمە زۆر تیایدا گەڕاین بەڵام هێشتا گەلێکی مابوو تەواوی بکەین. شەو بەختیار عەلی بەخێزانەوە هاتە لامان، هەروەها بەرزان هەستیاری شاعیر و زریانی مامۆستا عومەر و شیروانی هاوسەری کە لەگەڵ ئەمانیشدا هەر بە خێزانەوە تێکەڵین و لە سلێمانی سەردانی یەکمان زۆر کردوە. بەیانی ١١/٥ لەگەڵ نەبەزدا بەرەو هانۆڤەر سواری شەمەندەفەر بووین. لە ڕێگادا هەندێک شاری گەورە و بچووکمان تووش هات کە دوور بە دوور ناوم بیستبوون. نزیکەی سێ سەعاتێکمان پێ چوو کە چەند جارێک شەمەندەفەرمان گۆڕی. شەو لە ماڵی نەبەز بووین و بەیانی سەعات ٩:٤٠ بە شەمەندەفەر بەرەو دانیمارک بەڕێکەوتین. دوا شاری سەر سنوور ناوی (پوت گاردن)ەو بەندەرەکەی (گوتای هاڤن)ە. لە هاڤنەوە سواری پاپۆڕ بووین، ئەمە یەکەم جارمە سواری پاپۆڕ ببم، بە دەیان ماشین و شاحینەی گەورە و تەنانەت شەمەندەفەر و سەدان کەسی تێدا بوو. تا چاو بڕ بکات دەریای باکوور لە شەپۆل و هەڵچووندایەو، مرۆڤیش بەم هەموو بار و قورسیەوە بەناو دڵیدا تێدەپەڕێت. ناو پاپۆر شارێکە بۆ خۆی: کافتریا و سەماگا و کتێبخانەو بازاڕ و ریستۆرانتی تیایە.

سەعات دەوری چوار گەیشتینە بەندەری (گوتابی) نە شەمەندەفەرمان

دەستکەوت و نە ئوتومبیل، سەرنشینەکانی دی هەر بە سواری ئەو ئوتومبیلانەی کە لە ناو کەشتیەکەدا بوو رۆیشتن و ئەوانی تریش لە شەمەندەفەرەکەدا کە ئێمە پێمان نەزانیبوو. سەر لە ئێوارەو نمە نمەی باران و وردە وردە بەرەو تاریک چوون و لە وێزگەیەکی تاک و تەرای کارمەنداندا! هەندێک ماشین لە دەرەوە وەستابوون بەڵام کرێیان تیا نەبوو، ناچار تەلەفوونمان بۆ میدیا کرد بۆ شاری (نیوکوبن) کە نزیکەی سەعاتێک لەوێوە دوورە . ئەگەرچی میدیا ئوتومبیلی هەیە بەڵام بۆ شەو زۆر لە خۆی ڕانابینێت شوفێری بکات. بۆیە لەگەڵ خێزانێکی دۆستیدا کە پیاوەکەیان ناوی کەڕارەو عەرەبە بە ئوتومبیلەکەی میدیا هاتن بۆ بەندەرەکە. ڕێگاکەمان بە قسەی خۆش بڕی، میدیا دەزانێت من حەزم لە شلەی سپێناخە بۆیە زووتر ئامادەی کردبوو. بەڵام من یەک دوو ڕۆژ بوو تووشی سکچوون هاتبووم، گەدەو ڕیخۆڵەم ناتەواو و دەنگیشم نووسا بوو. شەو لەگەڵ هیواو نالی کوڕانی میدیادا بە گەرمی کەوتینە گفتوگۆ و گێڕانەوەی ئەو یادگاریانەی خۆیان کە ساڵی ٢٠٠٧ هاتبوونەوە بۆ کوردستان و هەندێکیان لا خۆش و تاڵیشیان تیا بوو، بەتایبەتی دوو هەفتە دواخستنیان لە گەڕانەوە بە هۆی دەستی دەستی پێکردنی فڕۆکەو بێ بەرنامەیی فڕۆکەخانەی سلێمانی و نووسینگەی کۆمپانیاکان.

بەیانیی رۆژی دوایی لەگەڵ میدیا و نەبەز و نالیدا بە ماشینەکەی میدیا چووین بۆ (کۆبنهاگن) نێوان (نیوکوبن و کۆبنهاگن) نزیکەی سەعاتێکە. بە درێژایی ڕێگاکە تەم و مژ و باران بوو. لە وێستگەی

شەمەندەفەر کە کەوتۆتە سەنتەری شارەوە یوسفی کوڕی پووری شوکری هاوسەرم چاوەڕێی دەکردین و بردمانی بۆ ماڵی خۆیان. یوسف دەرچووی زانکۆی بەغدا- بەشی فیزیایە- کەچی ئیسلامیەکی وای لێ پەیدابوە ئەگەر بچێت بۆ ئاودەستخانە ناوی خوا دەبات!

سەر لە بەیانی ڕۆژی دوایی چووین بۆ سەنتەری کۆبنهاگن، لەگەڵ پەیکەرەکەی هانز ئەندرسنی چیرۆکنووس و کۆمەڵێک ئاهەنگسازی کۆلۆمبیایی چەند وێنەیەکمان گرت. ساختمان و دەزگای ئێرەیش هەر لەوانەی ئەڵمانیا و هۆڵەندا دەچن. سەنتەر جێگای خڕبوونەوەی خەڵک و کۆگا و دیسکۆ و کافتریا و یانە و ڕیستورانت و بازاڕی فرۆشتنی هەموو کاڵایەکە، تیپی مۆسیقاو نمایشی شانۆیی و دەمامک و هەر چالاکیەکی تازە و سەیر، هی هەر نەتەوەو ڕەگەزێک بێت، بەئاسانی و بێ سانسۆر لەوێدا ئەنجام دەدرێت. دانیمارک لەگەڵ پەنابەردا کۆک نیە و کێشەی زۆریان بۆ دروست دەکات و دەنگۆی ئەوە هەیە لێیان بنێرێتەوە. یوسف و بوشرای خوشکی نزیکەی ٨-٩ ساڵە لەوێن و ڕەگەزنامەیان نەداونەتێ، بەتایبەتی دوای هاتنی پارتی-ڤینیسغا- کە گەلێک لە ڕاستڕەوەکانی تیایە. ڕۆژنامەکانی دانیمارک هەندێک جار کاریکاتێر لەسەر محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام بڵاودەکەنەوەو دەبێت بە هەرا، خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە وڵاتە ئیسلامیەکانەوە دەستپێدەکات و جاری وایش هەیە هەڕەشەی بڕینی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا دەکەن. ئەگەرچی فشار زۆر دەخەنە سەر حکومەتەکە بەڵام تا ئێستا ئەوان ئەو کارە بە ئازادی ڕادەربڕین دەدەنە قەڵەم و هیچ

کاردانەوەیەکیان بەرانبەر بەو رۆژنامانە نییە. لە ڕاستیدا گەلێک لە پەنابەرە ئیسلامەکانی وڵاتانی ئەورووپا خۆیان بە خەڵکی وڵاتەکە نازانن، پارەی سۆشیال وەردەگرن، بە ئارەزووی خۆیان کاری سپی و رەش دەکەن، لە کاتێکدا کە خودی دانیشتوە رەسەنەکان بێ کاریان زۆر تیایە، کەچی هێشتا دزی و ساختەکاریان لا ڕەوایە، بە بیانووی ئەوەوە کە ئەوان مەسیحی و کافرن و ئەمان دیندار و خواپەرست! لە کاتێکدا لە هەموو شارەکاندا بە ئازادی ڕێ و رەسمی ئاینی خۆیان بەجێ دێنن، مزگەوتیان هەیە، کەچی زانا ئایینیەکانیان لە ناوجەرگەی خودی وڵاتەکەدا نوێژکەرەکانیان بۆ کاری ناشایستە هان دەدەن و دەوڵەتیش هیچیان لەگەڵدا ناکات!

شەو گەڕاینەوە بۆ نیوکوبن، زاهیر عەبدوڵا (ڕەش) لە سویدەوە قسەی لەگەڵدا کردم بۆ ئەوەی بێت بەدوامدا و پێکەوە بچین بۆ سوید. من جارێ بڕیاری رۆیشتنم نەداوە چونکە زۆر شوێنی دانیمارکم نەبینیوە.

رۆژانی دوایی باران هەر لە ماڵەوە قەتیسی کردین. ڕۆژی ١١/١١ لەگەڵ میدیادا چووینەوە بۆ کۆبن هاگن، لەوێ حەیدەرمان بینی کە هونەرمەندێکی شانۆکاری عەرەبی چەپڕەوەو ساڵانی هەشتا لە کوردستان پ.م حیزبی شیوعی بوە، لە ساڵی ١٩٨٨ چوە بۆ دانیمارک و لەگەڵ میدیادا کاری شانۆیی دەکەن. ئەو بردینی بۆ ناوچەی (هیلسنگوێر) کە کۆشکەکەی (هاملێت)ی لێیە و لەسەر سنووری سویدەو هەندێک شاری ئەوێی لێوە دیارە. کۆشکەکە ڕووبەرێکی زۆر

گەورە و فراوانی هەیەو سێ لای ئاوە. نمە نمە باران دەباری، لە حەوشە فراوانەکەیدا هەندێک وێنەمان گرت و هەر بە یادی شکسپیر و شانۆگەریی هاملێتەوە لەبەر خۆمانەوە چەند دیالۆژێکی هۆراشیۆو هاملێت و ئۆفیلیامان هاتەوە بیر و دەمانوتنەوە. من وتەیەکی بیرلۆزم هاتەوە بیر کە دەڵێت: ژیان بێ خوێندنەوەی هاملێت ئەگەر تەنیا بۆ جارێکیش بێت، وەک ئەوە وایە ژیانت لە ناو کانەخەڵوزدا بەسەربەریت. گەورەیی شکسپیریشم لە قسەیەکی ئەسترلاندی شاعیردا یاد کەوتەوە کە دەڵێت: بەختم یارنەبوو لە ژیاندا سێ شت بدۆزمەوە، ئەوانیش: خودا، گەردوون، شکسپیر بوو. لە ڕێگایشدا هەر باسی کۆجیتۆکەی: «توبی ئۆرنۆت توبی»مان دەکرد.

لە گەڕانەوەماندا بەرەو کوبنهاگن چووینە پێشانگای هەمیشەیی (لویسانیا)، گەلێک تابلۆی خۆیان و جیهانی تیا بوو، تابلۆی هەرە گەورەی ٣ بە ٤ و زۆر زۆر بچووکیش. نزیکەی سەعاتێکماینەوە، لەبەر درەنگیی کاتەکەو نەمانی دەوام زۆر شوێنیمان نەبینی.

سەعات دەوری حەوت گەیشتینەوە کۆبن هاگن، چووینە لای کاروان کاکە سووری چیرۆکنووس کە زۆر هەواڵی پرسیبووم و داوای کردبوو لای ئەو لابدەین. تا نزیکەی سەعات یانزە خواردمانەوەو خۆیشی پیتزایەکی خۆشی بۆ کردبووین. گفتوگۆی ئەو شەوەمان لەسەر ئەوە بوو کە ئایا ژینگەی بیابان دەتوانێت شارستانیەت دروست بکات؟ ئەوەی زۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بیابان یان ئەقڵی بیابان شارستانیەت بەرهەم ناهێنێت برادەرە عەرەبەکەمان (حەیدەر)

بوو. باسی ڕۆمانەکانی (عبدالرحمان مونیف)مان کرد کە ناوەڕۆکی هەندێکیان ئەو باسەی ئێمە بوو بەتایبەتی لە ڕۆمانی (مدن الملح)دا. کاروان لە چیرۆکنووسە لاوە بەهرەمەندەکانمانە و خوێندنەوەی زۆرو هەمە جۆرە. بۆ شەو گەڕاینەوە نیوکۆبن و بەیانیەکەی لەبەر بارانی زۆر نەچووینە دەرەوە.

ڕۆژی ١١/١٣ لەگەڵ نالی و میدیادا چووین بۆ شاری (ئۆدینسا) کە یەکێکە لە سێ شاری گەورەی دانیمارک. ماوەیەک ڕێگاکەمان ون کرد و من تۆزێک بۆڵە بۆڵم بەسەر میدیادا کرد، بەڵام لەبەرئەوەی ئامێری ڕێگا پیشاندەر GPS مان پێبوو دۆزیمانەوە، ماوەی پێنج سەعاتێکی برد تا گەیشتینە (ئەنوبیلە) کە نزیکەی بیست کیلۆمەتریک لە (ئۆدینسا)وە دوورە. ماڵی (نیاز بەیاتی) لەوێیە کە هونەرمەندێکی شێوەکاری هاوڕێمانەو لەوێ مامۆستای زانکۆیە. ژوورەکەی لێوان لێوە لە تابلۆ، پەیکەر، نووسینی سەر تابلۆ، هەڵکۆڵین و تاشین. نیاز هونەرمەندێکی وریا و هوشیارەو بە ئەسڵ خەڵکی خانەقینە، بۆ ماوەی ساڵێک هاتەوە کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا، بەڵام ئەوەندەیان ڕێگری لێ کرد نەیتوانی بمێنێتەوەو دووبارە ڕۆیشتەوە بۆ دانیمارک، شەو هەر لە ژووری پەیکەرو تابلۆکاندا نووستین، خەمی نالیم بوو شەو بەخەبەر بێت و ئەو هەموو تابلۆیانە ببینێت کە پێشتر لەگەڵ کەشی وادا ڕانەهاتووە (نالی تەمەنی شەش ساڵە) بەیانیەکەی چووین بۆ مۆزەخانەی نووسەری گەورەی دانیمارک (هانز ئەندرسن) کە هەر لە شاری (ئۆدینسا) لەدایکبووە ١٨٠٥-١٨٧٥. مۆزەخانەکە هەر

لە ماڵەکەی خۆیایەتی: (جل و بەرگ، تەختی خەوتن و پێخەفەکەی، ژووری نووسین، نەخش و نیگارەکانی دەستکردی خۆی، شەپقە و پێڵاوو مقەستەکەی، قەڵم و وێنەی ناو ژوورەکەی، نووسراوەکانی، رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە، ئەو بەرهەمانەی بە زمانی دنیا لەسەری نووسراون..) سێ لای ماڵەکە ئاوەو لاکەی تری گیاو دار و درەختە. جارێکی تر بیری ئەدیب و نووسەرە کۆچ کردوەکانی خۆمانم کەوتەوە کە هەندێکیان گۆڕیشیان دیار نیە نەک مەزار و یادگاریان. نیاز بۆی گێڕامەوە کە ساڵانە هەزاران خەڵکی بێگانە دێن بۆ دیدەنیی ماڵەکەی ئەندرسن و لە ڕووی ئابووریەوە دەوڵەت سوودی لێ دەبینێت، چونکە نووسینگەیەکی تێدایە کە کاری بلیت بڕین و فرۆشتنی بەرهەمەکانی و ئەو قەڵەم و جانتایانەیە کە ناوی ئەندرسنیان لەسەر نووسراوە. لە ڕێگای شاری (ئۆدێنسا) پردێکمان هاتەڕێ وەک وتیان یەکێکە لە گەورەترین و تازەترین پردی دنیا بەسەر دەریای باکوورەوە، زۆرم لا سەیر بوو کە هەر دەڕۆیشتین و نەدەگەیشتینە کۆتایی. ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بۆ نیوکوپن و شەو پێشڕەو حسەینی مۆسیقار کە لە بەریتانیاوە هاتبوو لەگەڵ برادەرێکی مۆسیقاریی بەناوبانگی دانیمارکی خۆیدا (سورین ئەلبیک) هاتن بۆ لامان، ئەلبیک کوڕی موسیقاکارێکی گەورەی دانیمارکە کە (پێشڕەو) لای خوێندوویەتی، کەڕار و سەمیرەی هاوسەریشی هاتنە لامان. ئەلبیک بەدەم مەستیەوە چەند پارچە مۆسیقایەکی خۆشی بۆ لێداین و لەگەڵ گۆرانیەکانی ئێمەدا دەیگونجاند.

سەر لە بەیانی رۆژی ١١/١٥ زاهیر عەبدوڵا (ڕەش) لە ستوکهۆڵمەوە هات بۆ دانیمارک و گەیشتە نیوکۆبن. نانی نیوەڕۆمان لای میدیا خوارد. زاهیر شانۆکارەو دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیە، لە ساڵانی هەشتاکاندا لە شانۆگەری (بووکەخان)دا کە دڵشاد مەریوانی شەهید نووسیبووی زاهیر و میدیا بەشداریان تیا کرد، ئەوسا میدیا لە ناوەندی بوو.

سەعات دەوری ١:٣٠ لە نیوکۆبنەوە بە شەمەندەفەر بەرەو کۆبن هاگن هاتین. میدیا و منداڵەکانیم بەجێهێشت. میدیا ڕۆیشتنمی زۆر پێ ناخۆش و منیش لە دڵەوە لام گرانبوو. میدیا لەو کچانەمە –نۆبەرەیە – کە زۆری خۆش دەوێم و منیش هەروا، پەیوەندی ڕۆحی و ئاکاری هاوبەشمان زۆرە. رێکەوتوە ئەو رۆژانەی من لە کوردستان بێزار و نیگەران بووبم، بێ ئەوەی ئاگامان لە یەکدی بێت ئەویش لە دەرەوە وابوە. ئەو لە منداڵەکانی ترم زیاتر حەزی لە ئەدەبە و هونەری شانۆکاریەکەیشی هۆیەکی تری ئەو پەیوەندیە ڕۆحیەیە. میدیا لەم سەفەرەمدا پێمەوە ماندوو بوو، بە تەنیا و هەر بە ماشینەکەی خۆی بۆ جێگای دووری بردم، چەند لە ڕێگا دوورەکاندا من بێزار بووبم ئەو میهرەبانتر دەبوو.

لە (کۆبنهاگن)ەوە سواری شەمەندەفەرێکی تر بووین بەرەو ستۆکهۆڵم، بەڵام لە بلیتەکەماندا شوێنی دانیشتنەکەمان دیاری نەکرابوو، واتا گشتی بوو، بۆیە هەر بە ڕەمەکیی لە وارگۆنێکدا و لەسەر دوو کورسی بەرانبەر بەیەک دانیشتین کە مێزێکی جوانیشمان لەبەردەمدا بوو،

زۆری نەبرد ژنێکی کەتەمان هاتە سەر و بێ دەربەست جانتاکانی لەپاڵماندا دانا، تەماشایەکی بلیتەکەی خۆی کردەوەو پێی وتین: ئەو جێگایە هی ئەوەو دەبێت ئێمە هەستین، بە ناچاری چووینە شوێنێکی دی و دیسان ژنێکی ترمان لێ پەیدا بوو ئەویش هەڵیساندین، ئەمجارەیان چووینە وارگۆنێکی چۆڵەوە کە بێجگە لە دوو پیرێژنی دوور لە یەکتر کەسی تیا نەبوو. من و زاهیر گاڵتەمان بە خۆمان هات کە بۆ وامان بەسەرهاتووەو ئەو هیچی نەدرکاند، ئیتر کەوتینە قسەو دەنگمان لێ هەڵبڕی، یەکێک لە پیرێژنەکان هاتە سەرمان و وتی: ئەم وارگۆنە تەنیا بۆ خوێندنەوەیە و قسەی تیا ناکرێت. ئیتر وەک کەوی بەزیومان لێ هات و وتمان دیارە ئەمشەو لە ئێمە نیە. دوایی کە ئەم باسەم بۆ هەندێک برادەر گێڕایەوە وتیان ئەوە بلیتی ئاسایی بووە کە بڕیوتانە نەک تایبەتی، لەبەرئەوەی نرخەکەی هەرزانتر بووە بۆیە زاهیر ئەویانی بڕیوە! دوای ئەوەی لە مالمێ شەمەندەفەرمان گۆڕی سەعات دەوری دە گەیشتینە ستۆکهۆڵم و ڕاست چووینە ماڵی زاهیر. ئەوانەی زانیبوویان و تەلەفوونیان بۆ کردم: دانا ڕەووف، هێرش عومەر رەزا، ئارامی کاکەی فەلاح و هیوا قادر بوون.

بەیانی رۆژی دوایی لەگەڵ زاهیر و ئارامی کاکەی فەلاحدا چووین بۆ مۆزەخانەی شاهانەی سوید کە مێژووی دەیان ساڵەی بنەماڵەی پاشاکانی سویدە. هەموو ئاسەوارەکانیان دیارە، لە جل و بەرگ، وێنە، ژووری جیاوازی وەک دانیشتن و میوان و نانخواردن و جێگای دەست و پێوەند. گەلێک وێنەمان لە ناوەوەو لە گۆڕە پانە گەورەکەی دەرەوەیدا

گرت. پاشان چووینه ماڵەکەی (ئەلفرید نۆبڵ) کە جێگای کار و تاقیکردنەوەکانی بوە، ناوی ئەو زانا و داهێنەرانەی تێدایە کە لە بوارە جیاوازەکاندا خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە، هەندێک بەهۆی هێدفۆنەوە گوێیان لە باسەکان دەگرت . لە گەڕانەکانماندا بەو کۆڵانانەی کە کۆن خودی شاری ستۆکهۆڵم بوون و هەروەک خۆیان ماونەتەوە و لە سەنتەری شاردان، باران و بەفری زۆر لێیداین، بەڵام هەر کە دەچووینە بازاڕێک، یان کۆگا و ڕێستۆڕانتێکەوە زوو گەرم دەبووینەوە و پاڵتاوەکانمان لادەبرد. شەو گەڕاینەوە بۆ ماڵی ئارام لەگەڵ دانا رەووف و عەبدوڵا دانساز و زاهیردا، ئارام لە چیرۆکنووسە باشەکانی نەوەی نوێیە، ئەو شەوەو سەر لە بەیانیەکەی هەندێ لە چیرۆکە تازەکانیم خوێندەوە، تاقە کچێکی هەیەو بە تەنیا دەژی.
رۆژی ١١/١٧ گەلێک شوێنی ناو ستوکهۆڵم گەڕاین، لەوانە: شوێنی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ و کتێبخانەی مەرکەزیی شار، ماڵی سترێن بێری، شارە کۆنەکە (گەملەستان)، کلتورهوست (ماڵی کلتور)، کتێبخانەی ئەنتەرناشناڵ کە بەشێکی زۆر لات و کەساسی کوردییشی تیا بوو هەر لە ژوورێکی بێ خاوەن دەچوو. پێش چوونە ژوورەوە هیوا قادری شاعیر بە کۆدێک ٢-٣ کتێبی خۆمی پیشاندام کە لە کتێبخانەکەدا هەیە.
بۆ شەو دانیشتن چووین بۆ ماڵی هیوا، سەحەر ڕەسایی هاوسەریی قورمە سەوزی بۆ لێنابووین کە من زۆر حەزی لێ دەکەم، سەحەر چیرۆکنووسە، خەڵکی مەریوانە و من لە سلێمانیەوە دەیناسم، کە

تازە گیرسابوونەوەو سەری دەزگای سەردەمی دەدا، لەبەر بەهرە درەوشاوەکەی من زۆر حەزم دەکرد بەردەوام بێت و واز لە نووسین نەهێنێت، بەڵام پێدەچێت کاری زۆری ئەوێ لە نووسینی کەم کردبێتەوە. شەو تەها باراوی و سەمەدی مەلا ئەحمەد هاتنە لامان و کردمان بە شەوێکی گەرمی سلێمانی.

ڕۆژی دوایی هیوا بلیتی کەشتی خەتی (ڤیگن لای) بڕیبوو بەرەو فیلەندا، پێشتر ئەنوەری ڕەشید ئەوڵای شاعیر چەند جارێک تەلەفوونی بۆ کردین بۆ ئەوەی بچین بۆ فیلەندا، بەڵام برادەران ڕایان وا بوو ڕێگای هاتنی ئەنوەر بۆ پێشوازیمان دوورە بۆیە وازمان لەو بەرنامەیە هێناو دوو ڕۆژ و شەوێک لە پاپۆرەکەدا (بۆت) ماینەوە. کەشتیەکە ناوی سەندریلاو یانزە قات بوو، لە سواربووندا من کەشتیەکەی ئیستونیام بیرکەوتەوە کە ساڵی ١٩٩٤ لە دەریای بەلتیکدا نقوم بوو زیاد لە ٨٥٠ کەسی تیا مرد و زۆربەیان سویدی بوون. لە ناو کەشتیەکەدا ریستورانت، سەماگا، کۆگای جل و بەرگ و مەی، یاری منداڵان، ساوناو شتی تری تیا بوو. چەندان ژووریش کە هەر ژوورەی چوار قەرەوێڵەی دوان لەسەر یەکتری تیابوو. بە درێژایی شەو لە سەماگاکەدا ژن و مێرد، ژن و پیاوی ڕەبەن سەمایان دەکرد، تیپێکی مۆسیقای فرە ئامێریش ئەو پارچانەیان دەژەند کە بۆ سەماکان دەگونجان. لە خاوەوە تا ئەوپەڕی خێرا. زوربەی سەماکەران تەمەنیان لە نێوان ٥٠-٧٠ ساڵاندا بوو، بەڵام بە ڕۆحی لاویەتیەوە سەریان بە سنگی یەکەوە دەنا، دەستی یەکدیان لەنێو دەست و سەرشانی ئەوی تر دادەنا و

جۆرەها سەمایان دەکرد. بە دەگمەن گەنجی تێ دەکەوت. من زۆر سەرنجی ژن و مێردێکم دا کە لە دوای هەر پشوویەکی کەم دووبارە تێهەڵدەچوونەوە، ماندوو نەدەبوون و تا زۆرتر بمانایەتەوە گەرمتر دەبوون، ئێمە بێگومان بووین کە تەمەنیان لە شەست ساڵ کەمتر نیە، دوا سەمایش (تشا تشا) بوو کە ڤاڵسێکی زۆر خێرایە و ئەوانیش تامەزرۆیانە شەپۆلی مۆسیقاکە دەیهێنان و دەیبردن و هەر ئەوە نەبوو باڵ نەگرن، ئەوان مەست بوون و باکیان بە دنیا نەبوو.

من لە دەم و چاوی ئەو پیرە — گەنجانەدا کە هەر ئەوەنەبوو پێیان لە زەوی ببڕێت، سەماکەی زۆربام هاتەوە بیر، زۆرباییش هەر لە تەمەنی ئەماندا بوو کە لەگەڵ سەرۆک یان خاوەن کارەکەیدا «کە زیاتر بیروباوەڕی –کازانتزاکیس–ی نووسەری هەڵگرتووە» پرۆژەی تەلفریک و کانی خەڵووزەکەیان لە دوورگەی (کریت) هەرەسی هێنا و نابوود بوون، زۆربا کە لە فیلمەکەدا (ئەنتۆنی کوین) دەوری دەبینی، بۆ دواجار زۆر بە سەرخۆشی لەبەردەمی سەرۆکدا کەوتە سەماکردنێک کە تا ئێستایش مۆسیقای فیلمەکەی چێژێکی ناوازە دەدەنە بینەر و گوێگر. سەماکەی زۆربا سەرسەختانەیە کە وەک سەرۆکەکەی دەڵێت: «وام هەست دەکرد زۆر شارەزایانە مێژوویەکی شەیتانانەی ئادەمیزادی بەسەر بەردەکانی ژێر پێیەوە دەنووسی» زۆرباییش لە کاتی سەماکەیدا، بە لەشی، بە ڕۆحی، بە زمانی، بە بیرو لێکدانەوە ناوازەکەی خۆی دەیوت: «تۆ ئەی خوداوەندی بە توانا، دەتوانیت چی لەگەڵ مندا بکەیت؟ تۆ بێجگە لە کوشتن ناتوانیت هیچی ترم

لەگەڵدا بکەیت، قیروسیا بمکوژە، من داخی دڵی خۆمم ڕشتوە، ئەوەی دەمویست بیڵێم وتوومە، دەرفەتی سەماکردنیشم بۆ ڕەخساوە و ئیتر چ پێویستیەکم بە تۆ نیە». خەیاڵی زۆربا گەڕاندمیەوە بۆ گەلێک شت، شەڕی نێوان ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی ژیان، مەترسیەکانی ناو گیانی مرۆڤ و کێشە ئەزەلیەکانی، خۆشەویستیە بەهادار و خۆڕسکەکان کە مرۆڤدۆستی و ڕۆحی لێبوردن و خۆنەویستیمان فێردەکەن، لەگەڵ تیورە وشک و نادیدەگیرەکانی ناو کتێب کە زۆرجار لە ڕوانگەیەکی میکانیکیانەوە ڕوو لە چارەسەر دەکات و زیندوویەتی ناداتە هەڵوێستەکانی مرۆڤ و بەخشندەییە بێ سنوورەکانی. لە زۆرباوە تێدەگەین کە کاریگەریی مرۆڤ لەوەدا نیە چەند کتێبی خوێندۆتەوە و چەندان لاپەڕەی هەڵداوەتەوە، بەڵکو لەوەدایە کە چەندە ئەقڵ و هەستی پێکەوە لە کاردا بوون و بەرجەستەی کێشەو دیاردەکانیان کردووە. زۆربای نەخوێندەوار جۆرە قسەیەک دەکات کە ڕەنگە گەلێک زانا لەبەردەمیدا بە چۆکدا بێت: «خوا هێند گەورەیە لە حەوت تەبەقەی ئاسمان و حەوت تەبەقەی زەویدا جێگای نابێتەوە، تەنیا لە دڵی مرۆڤدا جێگای دەبێتەوە، بۆیە ئاگاداری خۆتان بن دڵی کەس مەشکێنن». لای زۆربا گەورەیی یەزدان و دڵی بچووکی مرۆڤێک لە ئاستی یەکتردان. من ئێستایش لە کاتی ناڕەحەتی و خەمە هەمەجۆرەکانی خۆمدا، دەست دەدەمە ڕۆمانی زۆربا بۆ خوێندنەوە، دوای ئەوەی دەیان جار خوێندومەتەوە و ساڵی ٢٠٠٠یش وەرمگێڕاوە بۆ کوردی کەچی وا هەست دەکەم تازەیە و بۆ یەکەمجارە دەیخوێنمەوە،

ئای لەو زۆربایەی کە هەموومان خۆمانی تیا دەبینینەوە بەڵام کەسمان وەک ئەو بوێر نین!

کاری سەماکردنی ئەو مرۆڤە جوانانە ڕاست بێت کە بۆ ماوەیەک کازانتزاکیس و ئەنتۆنی کوێن و زۆربایان هێنایەوە یادم. بەڵام هاوڕێکانی خۆیشم کە لەگەڵما دانیشتبوون، واتا هیوا و عەبدوڵڵا و زاهیر جار جارە دەچوونە سەر شانۆکە و دەستی پیرێژنێکیان دەگرت و کەمێک خۆیان بادەدا، بەڵام من لای خۆمەوە وام هەست دەکرد لە ڕەشبەڵەکێکی کوردەواریی خۆماندا سێ پێیی هەڵدەپەڕن، بۆیە چەند ویستیان منیش وەک خۆیان لێ بکەن ملم نەداو لە جێگاکەم هەڵنەستام.

بە درێژایی ئەو شەوو ڕۆژەی لەناو دەریای بەلتیکدا بووین و تەماشای گشت لایەکمان دەکرد، بە هەزاران دوورگەمان دەبینی گەلێکی سەوز و دارستان و پڕ لە خانووبەرە بوو. یەکێک لەو دوورگانە شارۆچکەیەک بوو بە ناوی بەندەری ماری (ماریا هامن) کە ڕێگای شەمەندەفەر و دەزگای حکومەتی زۆر و شلۆقی خەڵکیی پێوە دیار بوو. برادەران وتیان دانیشتوانەکەی بە زمانی سویدی دەپەیڤن بەڵام ئیدارەکەی سەر بە فیلەندایە. لە تەنیشت ژوورەکەمانەوە کۆمەڵێک کوڕ و کچی جوان کە پێ دەچوو سەر بە ڕێکخراو یان پەیمانگایەک بن دوو ژووریان گرتبوو، برادەرێکی فزوولیمان چاودێریی دەکردن کە چی دەکەن و چی ناکەن، زوو زوویش لێیان نزیک دەبووەوەو ئەوان گوێیان پێنەدەدا. ئەوانیش جارێک لە سەر شانۆکە پێکەوە سەمایان دەکرد و دەکەوتنە قریشک و هووڕ، تاوێکیش دەچوونە ساوناکە یان لەبەر

ژوورەکاندا خۆیان هەڵدەخست و تامی تامی هەموانیان دەدا.
سەعات دەوری حەوتی بەیانی گوێم لە شووتی ئاگادارکردنەوەی پاپۆڕەکە بوو بۆ سەرنشینەکانی. وا دەزانم هەواڵی گەیشتنی سەر سنووری فیلەندا بوو بۆ ئەوانەی دەیانویست دابەزن (لەوانە سێ چوار کوڕی منداڵکاری کورد بوون، کە پێشتر ئێمەیان بینی ڕایان لە هاوڕێکانم وەرگرت کە چی بکەن، چونکە وەک خۆیان وتیان هیچیان پێ نیە بێجگە لە بلیتی کەشتیەکە کە پێی دەچوون بۆ فیلەندا).
لە گەڕانەوەماندا بۆ ستۆکهۆڵم دیسانەوە نیوەڕۆکەی کرایەوە بە موسیقا و گۆرانی و سەماکردن، هەندێک ژنی پیر و کەل و کۆمیش دەبینران لەوە دەچوو بەدوای مشتەریدا بگەڕێن و زوربەیان ناشیرین بوون. لە ئێوارەدا دیسان سەما و یاری دونبەڵە دەستی پێکردەوە. سەعات دەوری حەوت گەیشتینەوە ستۆکهۆڵم و چەمی ماڵی دانا ڕەووف بووین، دانا دەمێکە لە سویدەو مامۆستای هونەرە، ژنێکی بە وێڵی هەیە ناوی (لیسا) و تازە کچێکی جوانیشیان بوە ناویان ناوە (لارا) دانا خۆی ، هەر بەیادی سلێمانیەوە برنجی بۆ لێناین و خواردنەوەو خواردنی تری بۆ ئامادە کردین. دنیا سارد و باران بە وردیی دەباری و ئێمەیش بە شەرابە هەمەجۆرەکانی دانا ئارەقەمان دەردابوو.
ڕۆژی ١١/٢٠ من و زاهیر ویستمان بە هۆی ئەنتەرنێتەوە بلیتی فڕۆکە بۆ هۆڵەندا ببڕین، بەڵام نرخی جیاواز و ڕێگای جیاوازیان تیا بوو، بە هۆی هەڵەیەکی ئێمەوە لەگەڵ یەکێک لە نوسینگەکاندا کە زاهیر ڕێگاکەی بە هەڵە پێ وتبوو و نزیکەی شەش سەعات هەوڵی چاک

کردنەوەی دا و هەموو رۆژەکەمان لەکیس چوو، نە چووینە دەرەوەو نە کەسمان بینی. ئیتر خۆ ئەم تەکنەلۆژیایە چەندە رێگای دوورت بۆ نزیک دەکاتەوە ئەوەندەیش کێشەی هەیە، بە هەڵەی کلیکێک چی بەرنامەو ڕەنجی نووسین و کۆکردنەوەت هەیە لەکیسی دەدەیت. من پەلەی گەڕانەوەی هۆڵەندام بوو، چونکە دەمویست ماوەی مانەوەکەم درێژتر بکەمەوە، دەبوو بۆ بەیانی لەوێ بوومایە ئەگینا چەند رۆژێک پشوەو کارەکەم دوا دەکەوێت. شێرزاد حەسەن و شیلان لە نەرویژەوە زۆریان داوا لێ کردم بۆ گرتنی کۆڕێک بچم بۆ ئەوێ، بەڵام من بڕیاری خۆم دابوو کە تەنیا لە گەشتی ڕووتدا بم و خۆم بە چ بەڵێنێکەوە نەبەستمەوە. دواجار بلیتی (ئایندهۆڤن)مان بڕی کە شارێکی هۆڵەندایە و نزیکەی سەعات ١:٣٠ لە دانهاخەوە دوورە.

بەیانی سەعات ١٠ بە یارمەتیی -لیسا-ی هاوسەری دانا بەرەو فڕۆکەخانەی (سگافستا) بە پاس بەڕێکەوتین لە شاری (نیوکوبن) کە ناوی هەمان شارەکەی میدیایە لە دانیمارک. شارەکە دەکەوێتە باکووری ستوکهۆڵمەوەو بە درێژایی رێگاکە بەفر باریبوو. سەعات ١١:٣٠گەیشتینە فڕۆکەخانە بچووک و جوانەکە. نزیکەی دوو سەعات ماینەوە تا فڕۆکە هات و بەرەو شاری (ئایند هۆڤن) سوار بووین و سەعات ٣:٣٠ گەیشتینە شارەکە. لەوێ دیسانەوە رەوەز چاوەڕێی دەکردین و لەگەڵ زاهیردا هێنامانی بۆ دانهاخ. شەو شێرزاد حەسەنیش گەیشت و تا درەنگانێک بەدەم خواردنەوەو گۆرانی وتنەوە دانیشتین. بەیانیەکەی کۆڕەکەی شێرزاد بوو کە نزیکەی حەفتا کەسێک هاتبوون.

به درێژایی ئەم ڕۆژانە باران و بەفرە. ڕۆژی ١١/٢٣ مەڵبەندی کلتووری کوردیمان لە دانهاخ کردەوە و ئاهەنگێکی بچکۆلانەمان بۆ گێڕا.
ڕۆژی ١١/٢٤ ئازاد کاکە ڕەش من و شێرزادی برد بۆ شاری ئەمستردام بۆماڵی مەریوانی وریا قانع، شەو گۆران بابا عەلییش هات بۆ لامان. مەریوان نزیکەی پانزە ساڵە لەوێیە. لە ساڵانی ٨٢-٨٥ پێشمەرگەی یەکیەتی بووە، هاوسەرێکی میهرەبانی خەڵکی ئەوێی هەیە بە ناوی (پاولین) و کچە ٦-٧ ساڵەکەیشی ناوی (بارین)ە.
بۆ ڕۆژی دوایی کەوتینە گەڕانی ناو شار. چووینە مۆزەخانەی (ڤان کوخ)-ئەمە دووەم جاری من بوو- زیاد لە دوو سەعاتێک پیایدا گەڕاین، ئەمجارەیان بۆ من زۆر باش بوو، چونکە برادەرەکانم زوربەی نووسراوی سەر تابلۆ و دۆکۆمینتەکانیان بۆ دەکردم بە کوردی. ڤان کوخ ساڵی ١٨٥٣ لەدایک بوەو ساڵی ١٨٩٠ مردووە. لە ژیاندا شکست خواردەو نەخۆش و زۆر جاریش تووشی خەمۆکی هاتوە و بردویانەتە نەخۆشخانەی ئەقڵیەوە. ژیانی لە فەرەنسا و هۆڵەندا بردۆتە سەر تا دواجار لە ساڵی ١٨٩٠دا دوو فیشەکی بە دڵی خۆیەوە ناوەو مردووە. تابلۆکانی ڤان کوخ تا ئێستا بەرزترین فرۆختیان لەسەر ئاستی دنیا هەیەو ساڵانە بە هەزاران گەشتیار و هونەرمەند ڕوو لە مۆزەخانەکەی دەکەن. زوربەی هەرە زۆری تابلۆکانی ڕەنگی زەردیان تێدایە یان هەر ڕەنگێکی سەرەکیە، وەک خۆی وتوویەتی: ڕەنگی زەرد سەرنجی خودایش ڕادەکێشێت. دەشت و مەزرا و دروێنە و ژیانی جۆراو جۆری خەڵک و بە گشتی دیمەنەکانی سروشت بابەتی کارەکانین، تابلۆی (گوڵە بەڕۆژە) (کێڵگەی گەنم و قەلەڕەش)،

(کێڵگەی گەنم و دروێنە)، (پەتاتە خۆرەکان) (دیمەنی خۆراوا) و دەیانی دی بەرهەمی بەناوبانگی ئەون. لە ژیانی تایبەتیشیدا حەزی بە تەریکی و تەنیایی بوەو دەشت و دەری لە شار و ئاپوورەی خەڵکی لا خۆشتر بووە. کە گەڕاینەوە ناو بازاڕ، هەر بۆ فزوولی سەرمان لە شوێنی لەش فرۆشەکان دا کە من جارێکی تر دیبووم. لەوێدا ڤان کوخم هاتەوە بیر، لە ژیاننامەکەیدا خوێندوومەتەوە کە یەکێک گێڕاویەتەوە، گوایە جارێک لەش فرۆشێک داوای پارەی لە ڤان کوخ کردووە، ئەویش هەرچیەکی پێ بوە داویەتی و پاشان خۆی بە برسیەتی ماوەتەوە، دەڵێن بەڕێزەوە تەماشای لەش فرۆشی کردووەو وەک قوربانیی لێی ڕوانیون، دیارە ئەمە ڕوانینێکی هونەرمەندانەیە کە تێگەیشتنێکی بابەتیانەیە لە ژیان و دیاردەکانی. ئەو ڕۆژە نزیکەی حەوت سەعات لەناو بازاڕدا سووڕاینەوە.
شەوی ئایندە هەر لە ماڵی مەریوان بووین، بەدەم خواردنەوەیەکی سووکەوە گەلێک باسی ئەدەب و باری ئێستای کوردستان و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی خۆی و بەغدا و هاوڕێ هەرە نزیک و خۆشەویستەکانمان کرد. مەریوان کوڕێکی ڕووناکبیرە و گەلێک بە تەنگ ئارامی و ژیانی نەتەوەکەیەوەیەتی، هەرچەندە مامۆستای زانکۆیە و لە کەناڵە تەلەفزیونیەکان و ڕۆژنامەکانی هۆڵەندادا ئامادەگیەکی بەرچاوو شوێنی متمانەیە و ژیانی تایبەتیشی باشە، بەڵام لەوێ بێزارە و حەزی بە هاتنەوەی کوردستانە، تاقە خەمی کچەکەیەتی کە کەی پێ دەگات و لە بەرپرسیاریەتی ئەم دەردەچێت. سەرلەبەیانیەکەی پارچە شیعرێکی کۆنی خۆی بۆ خوێندمەوە کە بۆ شەهیدبوونی هاوڕێیەکی پێشمەرگەی

نووسیبوو، لێوان لێو بوو لە سۆز و خۆشەویستی و نوستالۆژیای ئەو ڕۆژە پڕ لە شکست و سەرکەوتنانە، من بە شیعرەکە گەلێک هەستم وروژا و زۆر لە دیمەنە تراژیدیەکانی ئەو سەردەمانەم هاتنەوە یاد. پاشان دەستمان بە خوێندنەوەی شیعری نالی و مەحوی کرد. مەریوان شارەزایی لە ئەدەبی کلاسیکیی کوردیدا هەیە. بۆ بەرچاییش ئەمەندە پەنیر و نانی جۆراو جۆری بۆ هێناین سەری تام و هەڵبژاردنمان لێ تێک چوو، ڕەنگە هۆڵەندا دەوڵەمەندترین وڵاتی ئەورووپا بێت لە بەرهەمهێنانی شیرەمەنیدا. پاشان بردینی بۆ گەورەترین پارکی ئەمستردام و زۆر لەناویا گەڕاین و وێنەمان گرت، ئینجا بردینی بۆ سەر دەریا و سواری پاپۆڕی کردین، یەکێک لە پاپۆڕەکان پڕ بوو لە منداڵ، تایبەت بوو بەو منداڵانەوە کە لەو ڕۆژەدا لەدایک بوون. هەر منداڵێک لە هەر ڕۆژێکدا لەدایک بووبێت دایک و باوکی دەیهێنن بۆ سەر ئەو پاپۆڕە و ئاهەنگی بۆ ساز دەکەن، واتا دەبێتە بۆنەیەکی گشتی و پاپۆڕەکەیش کرێیان لێ ناسەنێت.

لە کۆفیەکی سەر دەریاکە دانیشتین، گۆران بابا عەلی و هاوسەرەکەیشی هاتن و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد. نزیکەی سێ سەعاتێکماینەوە. پاشان هەر بە پێ چووین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر، لەگەڵ سەردار فەتاح و یادی کوڕی و باخچەی هاوسەریدا لە ڕیستورانتێکی چینیدا دانیشتین. دوای نزیکەی دوو سەعات باخچەخان من و شێرزادی بردەوە بۆ دانهاخ.

## -٣-

شانۆگەری (ئاهەنگی کارمەندان) و سروودی -خوایە وەتەن ئاواکەی- لە دانهاخ.

ڕۆژی ١١/٢٥ شانۆگەریەکی دوو سەعات و نیویم بینی، ئەگەرچی من و هاوڕێکانم (شێرزاد حەسەن و زاهیرە ڕەش) زمانی هۆڵەندیمان نەدەزانی، بەڵام هەر لە سەرەتاوە خۆمان بۆ ئەوە ئامادە کردبوو کە ئەگەر بتوانین تەنیا لە ڕێی دەربڕینەکانی جەستەوە لە مەبەستەکە بگەین، ئەمەیش بۆ شانۆگەرییەک کە لە دوو دیمەنی سەرەکی پێکهاتبێت و، یەکەمیان تەنیا گفتوگۆیەکی جیدی چڕو پڕی دوو کاراکتەری (وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەری قوتابخانە)یەک بێت، لەسەر کێشە هەنووکەییە هەرە دیار و ئاڵۆزەکان و ڕێگای چارەسەرکردنیان، دووەمیش لەڕێی چەند جووڵەیەکی کرژی ئەکرۆپاتیکەوە بێت کە دیالۆجی زۆریشی لە خۆگرتبێت، تێگەیشتنی کارێکی وا ئاسان نییەو

تا ڕادەیەک ستەمیشە. ئەگەرچی ئەکرۆپاتیکەکان زیاتر لە گەمەیەکی گەنجانە دەچوون (هەموو ئەکتەرەکان گەنج بوون)، بەڵام گەمەیەکی تاسەر ئێسک ترسناک و بەئازار، ترس لە ئایندەی نەوەیەک کە نەتوانێت ڕێز لە بەها جوانەکان بگرێت، لە سایەی سیستمێکدا کە لە هەستیارترین جومگەیدا کە پەروەردە و فێرکردنە لەوپەڕی نشوستی و گەندەڵیدا بێت.

ناوەڕۆکی شانۆگەریەکە باسی ئەو گەندەڵیە بوو کە لە ئێستای وەزارەتی پەروەردەی هۆڵەندادا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی دوای لێشاوی ئەو کۆچبەرانەی روویان لەو وڵاتە کردووە. ئەو پەیوەندییە ناجۆرو دزێوەی لە نێوان مامۆستا و قوتابی و سیستمی پەروەردەدا دروست بوەو بۆتە مایەی گەلێک پەرچەکردار لەلایەن قوتابیانەوە (وەک چەقۆو دەمانچە هەڵگرتن)، گاڵتەکردن بە بەرنامەو مامۆستا، تەنانەت سوکایەتی کردن بە مامۆستا تا سنووری پێشاندانی هەندێک دیمەنی سێکسی نێوان مامۆستای ژن و قوتابی کوڕ.

شانۆگەریەکە لە باڵەخانەیەکی ٤٢ نهۆمیدا پیشاندرا کە نزیکەی ١٥٠ مەتر بەرزە و بەسەر هەموو شاری دانهاخدا دەڕوانێت و بەرزترین باڵەخانەیە لە هەموو هۆڵەندادا.

وەک ستایلێکی نوێ کە ئێمە یەکەمجارە بیبینین، لە یەک کاتدا دیمەنێکی شانۆگەریەکە لە نهۆمی ٤٢ نمایش دەکراو دیمەنەکەی تری لە نهۆمی یەکەمدا. لە نێوان هەردوو دیمەنەکەدا پشوویەکی کورت هەبوو بۆ گۆڕینی جەماوەر و دیمەنەکان. واتا دیمەنی نهۆمی ٤٢

بەخۆی و جەماوەرەکەیەوە دەهاتە یەکەم نهۆم و بە پێچەوانەیشەوە.
نمایشەکە بەتایبەتی لە دیمەنی دووەمیدا کە بۆ هەندێکی تری ئەو ڕۆژە یەکەم دیمەن بوو، پڕبوو لە جووڵەی ئەکروپاتیکی پڕ لە دەلالەت لەسەر ئاستی جەستە، قوتابی و مامۆستاکان لە ڕێگای دروستکردنی فەزایەکی سەرشار لە ئاژاوەو گفتوگۆیەکی خێراو توندوتیژەوە تەعبیریان لەو بارە نادروستە کرد کە سیستەمی بێ بەرنامەیی و تەنگژەی پەیوەندیە ناجۆرەکانی نێوان مامۆستا و قوتابی و بەگشتی نەبوونی میتۆدێک لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی پەروەردەدا هاتبووە دی.
بەو مانایە کە سەرجەم چەمکەکانی ئەم دەزگایە بە میتۆدو کەسە کاراکانیەوە شپرزەن و لەگەڵ شیرازە تێکچوونی ڕاهێڵەکانیدا هەموو بەهاکانی ئەو پەیوەندیانە هەرەس دەهێنن و پەیامە ئینسانیەکانی دەزگاکە دەگۆڕێن بۆ بەرهەمهێنانی نەوەیەکی سەرەڕۆی نادەربەست بەو خەسڵەتە شکۆدارانەوە کە ئەرکی بەرهەمهێنانی پەروەردە و هەر کۆمەڵگاو وڵاتێکە. بەتایبەتی لەلایەن ئەو کۆچبەرانەوە کە قوتابین و لە نێو نۆستالۆجیای وڵات و یادەوەریەکانی کۆنی خۆیاندا دەژین (بۆ نموونە سیروان جەمالی ئەکتەری کورد کە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و باسی گەلگامێش و وڵاتی دوو زێ و کوردستانی وڵاتی خۆی دەکات و پاشان بە حەسرەتێکی زۆرەوە سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی) هەر بەزمانی کوردی دەڵێت.
کاتی نمایشەکە وەک پێشتر وتم دوو سەعات و نیو بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە زمانەکەمان نەدەزانی نەک هەستمان بە بێزاریی نەکرد،

بەڵکو پێمان خۆشبوو لەوە زیاتر بخایەنێت، ئەمە زیاتر جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکاتەوە کە دەستەڵاتی جەستە لە شانۆدا لە دەستەڵاتی زمانی ئاسایی کەمتر نییەو، گوزارشتەکانی لەوە کاریگەرترن کە بینەر بە پاساوی زمان نەزانینەوە خۆی لە نمایشی شانۆی جیدی بدزێتەوە، جەماوەری ڕاستەقینەی شانۆ ئەم هەقیقەتە دەزانێت، بۆیە هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت ناهێڵێت نمایشی باش لەدەست بدات.

لە دوای کۆتایی هاتنی نمایشەکە، هەر لە کافتریای تیپی (Drang) دا کە لە تیپە دیارەکانی ئەم شارەیە، لەگەڵ دەرهێنەری شانۆگەریەکە خاتوو لوسیانی ڤان ئەمسفورت (Lucienne Van Amelsfort) کە خۆیشی ئەکتەرە، دانیشتین و گفتوگۆمان لەسەر نمایشەکە کرد، بەتایبەتی دەربارەی ناوەڕۆک و نواندنی هەندێک لە ئەکتەرەکان کە تاڕادەیەکی باش سەرنجی ئێمەیان ڕاکێشابوو، لەوانە ئیلیەن ڤان ڕۆسوم (Ellen Van Rossum) لە ڕۆڵی مامۆستادا، موریک مینگلین (Morike Mingelen) لە هەمان رۆڵدا و (Monique Baas) لە رۆڵی وەزیری پەروەردەدا، بیورت ڕۆتمان (Burt Rutteman) لە ڕۆڵی بەڕێوەبەردا، دی ڤەرچە (Diewertje Van Der Ree) لە ڕۆڵی قوتابی، سیروان جەمال (Sirwan Jamal) لە هەمان ڕۆڵدا، ڕۆخێر هیلفغ (Rogier Helwig) و دی خراف (Jeroen de Graaf) لە رۆڵی مامۆستادا، (Theta Tazelaar)لە رۆڵی ئەو کچەی کە ئەکوژرێ. پاشان خاتوو لۆسیان داوای لێ کردین هەوڵی ئەوە بدەین پردێکی پەیوەندیی هونەریی نێوان هۆڵەندا+ کوردستان

دروست بکەین بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونەکانی هەردوولا کە ئەوان زۆریان مەبەستە.

شایانی باس کردنە کە نووسەری تێکستەکە تۆن تەیۆ سمیت (Ton Theo Smit) لە نووسەرە دیارەکانی دەقی شانۆیی و ئامادەکاری ئەو وڵاتەیە.

رۆژی ١١/٢٨ هەردوو هاوڕێی بەڕێز مەحمود رەزا و خالید رەزا و مامۆستا مەحمودێکیش کە ئێمە نەماندەناسی چەمی یانەیەکی گەورەی چینیان کردین و هونەرمەند هاوڕێ ساڵح یشمان لەگەڵدا بوو، یانەکە گەلێک خواردنی نایابی تیابوو بێجگە لە هەموو جۆر خواردنەوە، پێش داخستنیشی ژن و پیاو کەوتنە دانس و گۆرانی وتن، ئێمە تەواوی دانیشتنەکەمان باسی سیاسەت بوو، بە تایبەتی دیاردەی گەندەڵیی لە کوردستاندا و دروست بوونی بۆچونی جیاواز لەناو خودی ڕیزەکانی ی.ن.ک و باڵی ڕیفۆرمخوازی کاک نەوشیروان مستەفا. برادەرانی مەڵبەندی یەکێتی لە هۆڵەندا زوربەیان ئەگەر نەڵێم هەموویان سەر بە ڕیفۆرمن و گەلێکیان کۆنە پێشمەرگە و کادری پێشکەوتوو تێکۆشەرن. ئەمەندەیش کۆڵیان بەو مەسەلەیەوە هەڵگرتوە کە بەردەوام لە باسکردنیدان و بێزار نابن. یەکیەتیش لەسەر یاداشتێکی لایەنگیریان لە باڵی ڕیفۆرم هەندێکیانی دەرکردبوو مووچەی بڕیبوون، لەوانە دوکتۆر چیا عەباس و ئازاد کاکەڕەش و هەندێکی دی.

-٤ -

بەیانیەکی کپ و هێوری گەڕەکی (ماریا هۆڤا) بوو، شەپۆلی نەرم و ئاونگاوی تەمە تەنکەکە تەواوی باڵەخانە و شەقامەکانی شاری (دانهاخ)ی داگرتبوو. ئەگەر لەو کەسانە بوومایە کە چەند ساڵێکە لەو شارەدا دەژین و لەگەڵ هەموو شتێکی وڵاتەکەدا ڕاهاتوون، لەوانە بوو کشوماتی و مەودای زۆری تەمتومانەکەم لا ئاسایی بوایە، بەڵام لەو کاتەدا بیرم لە وڵاتەکەی خۆم کردەوە کە مانگێکە لێی دابڕاوم، ئێستاو لەم چرکەساتەدا چ هەراوزەنایەکی تێدایە! ئەو دەنگە زبر و هەراشانەی خەوت لە چاو دەتەرێنن و ئەو دووکەڵ پێچانەی ئاسمانی شار ڕەش و ژەهراوی دەکەن، دەنگ و باسە ناقۆڵا و ناخۆشەکانیش کە بەردەوام لە زاووزێدان. بە خانە خوێکەمم وت: ئەم وڵاتی تەم و ئاوو هەمیشە بارانە بەیانی و ئێوارەی لەیەک دەچێت و نیشانەیەکی جیاوازی وەک نیوەڕوانی خۆمانی تیانیە! وتی: ئێمە لەگەڵ بێ خۆریدا

ڕاهاتووین، ئەگەر بە ساڵ سەرمان لێ نەدات لێی ناپرسین، لەوانەیە دانیشتوانەکەیشی بووبێتن بە بەشێک لەم سروشتە؟
وتم: ڕاستت دەوێت ئەم ماوەیە کە لێرەم، لەگەڵ هەموو جوانی و ناوازەییەکی سروشت و پەیڕەویکردن لە یاسا و پاکی ژینگە و مامەڵەی خۆشی خەڵکەکە لەگەڵ بێگانەدا، کە هەموو ئەمانە لای ئێمە دەگمەنن، کەچی بۆ کەسانێکی وەک ئێمە ژیان لێرە قورس و بێزارکەرە، دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک وەستاوە، دۆخە گشتییەکەی لە تونێلێکی دوور و درێژی تاریک دەچێت کە چوویتە ناوی ئیدی تا ئەوسەری چ جیاوازیەکت نایەتە ڕێ، تەنیا ئەوەت مەبەستە کە زوو کۆتایی بێت و بکەویتە ناو دنیای ڕووناکی.
هاوڕێکەم وتی: مەسەلەکە ڕاهاتنە، لێ ئەوە ڕاستە کە ژیان لێرە یەک ڕیتمی هەیە و تەنیا ڕۆژژماردنەو پێچەوانەی ژیانی لای خۆمانە کە بەردەوام لە پەیوەندی و زۆر گۆڕاندا دەبینێتەوە. ئێرە واتا کارکردن، لە بەیانیەوە تا ئێوارە چ دەرفەتێکی ترت نیە بۆ دۆزینەوەی بواری دی. لای خۆمان ئەمە بە پێچەوانەوەیە و تا ڕادەیەکی زۆر کات لە بەردەستا کراوەیە.
-دەزانیت ئەم ماوەیە هەر برادەر و ناسیاوێکم دیوە کە ویستوویەتی شەوێک بەیەکەوە دانیشین پێی وتووم: شەممە یان یەک شەممە لە خزمەتتام. وەک ئەوەی تەنیا ئەو دوو ڕۆژە لە هەفتەدا هەبێت، خۆ منیش ناتوانم تەنیا لەو ڕۆژانەدا ئەم هەموو برادەر و ناسیاوە بەسەر بکەمەوە، لەوانەیە دوایی گلەییشم لێ بکەن؟ پاشان من دەتوانم هەر

چەند ڕۆژێک لێرە بمێنمەوە و لەوە زیاتر خۆم قەتیس ناکەم، لێرە هەر کارەو کارە، وەک خەڵکەکەی بژین بۆ ئەوەی کار بکەن نەک کار بکەن بۆ ئەوەی بژین.

–هەمووی وایە، بەڵام بە نیسبەت خۆمەوە من وا هەست ئەکەم لێرەو لەوێش هەر تەنیا بووم، بڕوا بکە کە هاتوومەتە ئێرە وام بیر لێ کردۆتەوە لە خەوێکدام و تا ئێستا بە ئاگا نەهاتوومەتەوە. ئەمە بە ڕەشبینی مەزانە، بەڵام بەڕاستیی بۆ من وڵاتێک نەماوە ڕۆحم بگرێت و مۆمێکی خۆشنوودیم تیا دابگیرسێنێت. لێرەو لەوێ کەسێکی پەڕاگەندەو نامۆم و هێزێک نیە کۆم بکاتەوە. من لە پاڵەوانە دوو کەرت بوەکەی ئیتالۆ کالڤینو دەچم کە بەردەوام هەردوو بەشەکەی شەڕیان لەگەڵ یەکدایە. وتم: ئاخر ئەوەندەیش بێ ویژدان مەبە، تۆ لێرە هاودەمیی گوڵ و کۆتر و پەپووڵە و شەونم و ئاوو درەختیت، ژنێک نیە سڵاوت لێ کرد بە دەمتەوە پێنەکەنێت و تەنانەت دڵنەواییت نەکات! لەم وڵاتەدا چیایەک، گردێک تاوێرێک نیە مانایەکی ڕەق و زبرت بداتێ، شتەکان سادە و نەرم و نیانن، بەتایبەتی بۆ تۆ کە ماوەی چەند ساڵێکە لێرەیت و ڕاهاتوویت!

–تەنیایی زۆر لەوە بە توانا و دڵڕەقترە کە دوای ماوەیەک لەوانەیش بێزار نەبیت، ئەوەی لەگەڵ خۆیدا نەگونجێت زۆر زەحمەتە هیچ بیگونجێنێت. ئەگەر بە کورتی بیڵێم چ مانایەکی ژیانی لا نامێنێتەوە کە خۆی پێ بخەڵەتێنێت.

–تەواو بێ هودەیی هاوڕێ!

-خۆزگا وشەی-تەواو- ەکەت لە جێی خۆیدا بوایە، زۆرم ماوە بگەمە ئەو خاڵە درەوشاوەیە، چونکە هێشتا خۆم تەفرەدەدەم.
هاوڕێکەم بە دەم هەناسەیەکی زۆر قووڵەوە مۆبایلەکەی هەڵگرت و وتی: با قسەیەک لەگەڵ ئەم وڵاتی خۆرەی تۆدا بکەم بزانم چی هەیە و چی نیە. وتم: دواجار هەر ئەوێ فیردەوس و فریادڕەسی هەموومانە.
وتی: ئەو فیردەوسەی کە من تا نزیک پەتی سێدارە هەموو ژیانی خۆم پێ بەخشی و ئەو دواجار تێی هەڵدام و ڕای نەگرتم، دواجار وەک هەر دزێوێک نەفرەتی لێ کردم و ڕێگای پەناهەندەیی و دەربەدەری نایەبەرم!
-حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە منیش لەوێ هەندێک جار دەگەمە سنووری شێت بوون، بڕوا بکە. وتی: تۆ بۆ؟ وتم: لەوێ لە بەیانیەوە تا ئێوارە لە شەڕێکی بێ وچاندایت، دەیان گێچەڵت تووش دێت و تا سەر ئێسقان ئازارت پێ دەگات، جاری وا هەبووە لەو کێشانەدا گەیشتوومەتە کۆڵانێکی بن بەست، لە حاڵەتی وادا ئەگەر وریا نەبیت هۆش لە دەست دەدەیت و ڕێزت بۆ هیچ پیرۆزیەک لا نامێنێتەوە، تەنانەت خۆشەویستترین شتت کە وڵات و نەتەوەکەتە!
-من لێرە لە زیندانەکەی خۆمدام، تۆ لەوێ لە زیندانی ئەوانی تردایت، لە جیاوازیی ئەم دوانە تێدەگەیت!
-بەڵێ، بەڵام سەردار گیان لە بیرت نەچێت هەر کەسێک زیندانێکی بۆ خۆی نەبێت ناتوانێت چێژ لە بەشێکی زۆری ژیان وەربگرێت.
-چۆن؟

-پێت بڵێم، ئەو شەڕەی کە لەوێ دەیکەم شەڕێکی پیرۆزە و کە ئێوارەم لێ دێت هەست دەکەم ئەرکێکی خۆم بەرانبەر بە خەڵک و وڵاتەکەم بەجێ هێناوە. ئەوە پێویستیی سەرشانی هەر کەسێکە کە بە تەنگ رووناک کردنەوەی تاریکییەکانی ناو ژیانی دەوروبەریەوە بێت و، کار بۆ بەختەوەریان بکات.

هەر بە دەم ئەم ئەو دەست پێکردنی مۆبایلەکەیەوە هاتە پاڵمەوەو لەبەر پەنجەرەکەدا وەستا، پەنجەی بۆ لای ئاپارتمانێکی خوارەوەی خۆمان درێژ کرد کە درەخت نیوەی داپۆشیبوو. ئاماژەی بۆ باڵکونێک کرد کە بە تەواویی لە خۆمانەوە دیار بوو، وتی:

-تۆ چیرۆکنووسیت، بەسەرهاتێکت بۆ دەگێڕمەوە لەو ئاپارتمانەدا روویداوە، گوێم بۆ دەگریت؟

-لە بیستن و بینیندا هەستی چیرۆکنووس لە هەستی هەندێک گیانداری زۆر دەگمەن دەچێت. لەگەڵ یەکەم زەنگی وشەیەکی سەیردا ڕادەچەنێت و لە بینینی دەم و چاوێکی نامۆیشدا گەلێک شت دەخوێنێتەوە، بۆیە چیرۆکەکەتم بە وردی بۆ بگێڕەوە.

-من نووسەر نیم، ئەوەی روویداوە وەک خۆی دەیگێڕمەوە، دیارە گێڕانەوە جیاوازە لە داڕشتنی هونەری و خەیاڵ و فانتازیا.

-بە ئارەزووی خۆت، نەک دوایی من بیکەم بە چیرۆکی خۆم و تۆ نەیناسیتەوە!

وتی: تەماشای ئەو باڵکۆنە بکە کە ڕێک بەرانبەرمانە، من کە تازە هاتبوومە ئێرەو کەشتی غەریبیم لە بنی دەریادا نقوم بوو بوو، لەو

ئاپارتمانەدا کچ و دایکێکم ناسی، ببوورە سەگێکیش. کچەکە ناوی «جانێت» و تەمەنی لە بیست ساڵیدا بوو. تاقە منداڵی ژنێکی تەمەن پەنجا ساڵان بوو کە ژیان و مانەوەی خۆی بەو کچەوە گرێدابوو، ژیانی ئەو دایک و کچە گەلێک ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی لەم چیرۆکەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە جانێت کەڕو لاڵ بوو.

کە هاوڕێکەم بێدەنگبوو من تەواویی خەیاڵم دا بە دوا ڕستەی، چونکە لەوانەیە ئەو کچە بۆ من باشترین کاراکتەری چیرۆکێک بێت. وتم:

-کەڕو لاڵیەکەی زگماک بوو یان..

- دایکی دەیگوت زگماکە. گوایا بۆماوەی نەنکی مێردەکەیەتی، بە منداڵی زۆر هەوڵی چاکبوونەوەیان داوەو بێ سوود بووە، تەنیا ئەو کچەی بوەو دە ساڵێکیش دەبێت مێردەکەی بە شێرپەنجە مردووە، بەڵام با پێت بڵێم من کچی وام هەرگیز لە ژیانمدا نەدیوە، کچێکی سەیر و پڕ لە نهێنی!

من بە ئانقەست خۆم لێ دایە گێلی و وتم:

-ژیان لەوە گەورە و پڕ لە نهێنی ترە کە ئێمە بتوانین پەی بە هەموو شتەکانی بەرین، یان زۆر خۆمانی پێ سەخڵەت بکەین. یان وا بزانین هەموو سیحری ژیان لە کچێکی کەڕولاڵدا کۆبۆتەوە.

ئەو لەگەڵ قسەکردنندا هەر دەستی بە مۆبایلەکەیەوە بوو کە زوو زوو دەیگوت: تکایە ئەو ژمارەیەی داوات کردووە داخراوە، تا بە یەکجاری وازی لێ هێناو پێی وتم» ئێ.. بۆ بەجیدی باسی کچەکەم لێ ناپرسیت»؟

وتم: ئەگەر خۆت پێت خۆشە فەرموو.

-وای لێهات، کەواتە بە پارە نەبێت نایگێڕمەوە!

-گێڕانەوەیش تامی خۆی هەیە کوڕی باش، هەموو کەسێک ناتوانێت تام و چێژ بە گێڕانەوە بدات، تەواو وەک نووسینی چیرۆک. سەرەتای چیرۆک و ڕۆمانیش حیکایەت بووە کە هەر بە زمان وتراوە. دەیشزانم تۆ حەزت بە گێڕانەوەیە و بیڵێم و نەیڵێم وازم لێ ناهێنیت.

-بەلای منەوە ئەو کچە کەڕو لاڵە لە عاشقە هەرە مەزنەکانی دنیا بوو، تۆ هەرگیز ناتوانیت لای خۆتەوە وێنای ئەو خۆشەویستیە بکەیت، تەنانەت بە خەیاڵیش.

ویستم هەودایەکی پێ بدەم و خۆیشم لەوە گرانتر بگرم کە ئەو مەبەستیەتی، ڕەنگە ئەمەیان بۆ کۆک کردنی لایەنی گێڕانەوە یان تەکنیکەکەی بێت. بەهەرحاڵ هەر بۆ ئەو مەبەستە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و چاوم بەرەو ژوورتر هەڵبڕی.

گەواڵە هەورەکان بەسەر ئاسمانی شارەکەوە تا دەهاتن لە یەکدی زیاتر نزیکتر و خەست تر دەبوونەوە. ئەمەندەیش هاتبوونە خوارێ کە وردە وردە سپیایی تەمەکەیان گۆڕی بە تاریکیی. لە پڕێکدا ڕێژنە بارانەکە بوو بە تەرزە، هێشتا سەرسامی دەنگی تەقەوڕەقەی تەرزەکە بووین کە کردی بە بەفر، لە پێشدا لەسەرخۆ و ورد و ئینجا بوو بە کلوو کلوو. بە دەم دەربڕینی سەرسامیی خۆمەوە بە سەردارم وت: بەفریش جوانە هاورێ، وا دەزانم ئێستا لە سەفەری کوردستانەوە گەڕاونەتەوە و بەتایبەتی هاتوونەتە لای من.

وتی: دەزانیت چەند جارێک بە ڕێکەوت گیانم لە دەست ستەمی بەفر و سەرما دەرباز بووە، ئەو ساڵانەی لە چیا بووم وەک دوژمن لە بەفرمان دەڕوانی، هەر کە دایدەکرد ئیدی هەموو بەرنامەیەکی لێ تێکدەداین و هەڕەشەی مەرگێکی کوت و پڕی لێ دەکردین. تەنانەت چەند هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی ڕەق کردینەوە.

-باشە، با مەتەڵێکت لێ دابهێنم: ئەمە چییە لە ئاو دروست دەبێت و لە ئاویشدا دەمرێت؟

-بە ڕاست زوربەی مەتەڵی کوردی سەرچاوەکەی سروشتە!

-مانگە کوردیەکانیش هەر بە ناوی دیاردە سروشتیەکانەوەن. بۆ نموونە ئەم مانگە ناوی سەرماوەزە، بە ڕاستییش ئێستا لەوێ سەرما دەستی پێ کردووە.

-ئەی ئەگەر بزاوتی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری ئیقاعی سروشتیشی گۆڕی چۆن؟ بۆ نموونە لە باران بڕاندا بەفر باری و سەرتاپای مانگی ڕێبەندان گەرما بوو!

-ناچار ئێمەیش ناوی مانگەکان دەگۆڕین.

کۆترێک هات و لە سەر شیشی باڵکۆنەکە نیشتەوە، چاوی گێڕا، ئێمەی بینی و بێ دەربەست بوو، من لێی ڕامام و بە سەردارم وت: بڕوانە، کۆتری لای خۆمان کە چاوی بە مرۆڤ دەکەوێت دەترسێت، دەدات لە شەقەی باڵ و هەڵدێت، چاویشی ئەمەندە ترسی تێدایە هەر لە چاوی نێچیرێک دەچێت لەبەردەم چەقۆی ڕاوچیدا، کەچی چاوی ئەم کۆترە لەوپەڕی دڵنیاییدا دەسوڕێت و تەماشامان دەکات، لەوانەیە

ئەگەر دەرگاکەی بۆ بکەینەوە بێتە ژوورەوە.

-ئەگەر کەمێک گەنم یان نانە وردە بخەمە بەردەمی بێ ترس دادەبەزێت و میوانداریمان قبووڵ دەکات.

-ئەو گیاندارانەی ئێمە بە کێوی و بێ ئاوەزیان دەزانین، وایش فێرکراوین کە تەنیا مرۆڤە بە هزر کار دەکات و ئەمەیش بەخشندەییەکی خودابیە کە مرۆڤی لە جوانترین شێوەدا بەرجەستە کردوە. ئەگەر ئەو گیاندارانە زمانی ئێمەیان هەبوایە، یان هەر زمانێکی هاوبەشی تر، پێیان دەوتین ئەوان چەند لە ئێمە ژیان دۆست ترن، چەند هەست و سۆزیان لە ئێمە زیاتر و پاکیزەترە.

-ئێمە تەنیا هاوار و ناڵەی مرۆڤ کارمان تێ دەکات چونکە لە زمانەکەی دەگەین، ئەگەر کاریشمان لێ بکات! بەڵام ئەگەر لە زریکەی کەروێشکێک دەگەیت کاتێک تانجی گەمارۆی گرتنی دەدات، یان لە ناڵەی ئەسپێک و بەرازێک لە کاتی خەساندنیاندا، ئەوسا دەزانیت مرۆڤ چەندە ستەمکار و دڵڕەقە، چەندە بێ هەست و سۆزە! هەندێک جار لەو ژوورە زۆر پیسە دەچێت کە شەرم دەکەیت مۆمێکی تێدا دابگیرسێنیت.

-بەتایبەتی کەسانی لای خۆمان، هەندێک هەن تەنیا پێستی مرۆڤیان لەبەردایە ئەگینا لە ناوەوەیاندا دڕندەی ناو چەنگڵستانن.

-ئەمە زۆری دەوێت، بابگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان.

-کۆترەکە؟

-نەخێر کیژە کەڕو لاڵەکە.

-وەک وتم ئەو کچە لای من یەکێک بوو لە عاشقە مەزنەکانی دنیا.
-منیش مێژووی هەندێک لەو عاشقە گەورانەم خوێندۆتەوە.
-من نەمخوێندۆتەوە ئەمەیانم بە چاو دیوە.
هاوڕێکەم تەماشایەکی لای باڵکۆنەکەی کرد و وتی:
«ئەو کچە هەموو ئێوارەیەکی ڕۆژانی شەموان لەو باڵکۆنەدا دادەنیشت، مێزێکی بچووکی بۆ خۆی دەڕازاندەوە، رووی لە ناو درەختەکان دەکرد، کوڕێکی کەڕولاڵی تریش کە رەنگە تەمەنی دوو سێ ساڵێک لەو گەورەتر بووبێت لە ناو درەختەکاندا و بەرانبەر بە جانێت دادەنیشت، کوڕەکە ناوی (هنریک) بوو، ئەویش مێزێکی بچووکی لە هەمان ڕەنگ دادەنا و خواردن و خواردنەوەی لەسەر ڕیز دەکرد، ئەم دوانە بە دەم خواردنەوەی شەرابەوە و لەنێو چراخانی گڵۆپدا تا نیوەی شەو و زیاتریش بەرانبەر بە یەکدی دادەنیشتن و دوور بە دوور لە یەکیان دەڕوانی، جار نا جارێک ئاماژەیان دەکرد، پێدەکەنین، ماچیان دەنارد، جگەرەیان دەکێشا، کە سەریان گەرم دەبوو عەشقەکەیان بڵێسەی دەسەند و جەستەیان دەکەوتە جووڵە، (هنریک) وەک گۆرانیی بڵێت دەنگی هەڵدەبڕی، کەس لێی تێنەدەگەیشت. بەڵام جانێت وەک پەپوولەیەک سەری لە قۆزاخە هێنابێتە دەرەوە و تازە ئاشنای هەتاوو ڕوناکی بووبێت، دەتریقایەوەو لەشی دەلەرزاند. جار هەبوو هەڵدەستا و کەمێک سەمای دەکرد. من هەر لێرەوە تەماشام دەکردن. دوو ساڵی تەواو ئەمە کاریان بوو.
-ئەی ئەگەر سەرما و باران بوایە؟

- ئەگەر بەفر و باران بوایە کوڕەکە بە پۆشتەیی دەهات و خەیوەتێکی چکۆلانەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و لە ناویا دادەنیشت، جانێتیش شتێکی بەسەری خۆی و باڵکۆنەکەدا دەدا.
وتم: باشە، لێرە شتی وا هەیە کوڕ و کچێک هێند ڕۆمانسی بن تەنیا لە دوورەوە ماچ بۆ یەکتری بنێرن؟
وتی: سەرەتا کە چەند جارێک ئەو دیمەنەم بینی پێم خۆشبوو لە خێزانەکە نزیک ببمەوە و بەتایبەتی کچەکە بناسم، یەکەمیان لە بەرئەوەی ببوونە هاودەمێکی زیندووی غەریبی و تەنیایی ئەوسام و دڵداریە کۆنەکانی خۆیشمیان دەهێنامەوە یاد، دوەمیان بۆ ئەوەی لەوە تێبگەم کە جێگای بەیەک گەیشتنی دوو دڵدار لەم وڵاتانەدا ئەوەندە زۆرە کەس پێویستی بە ماڵ و گەڕەکی خۆی نیە..
-کوڕ و کچ لێرە لەسەر شەقام و ئەندەرگراون و پارک و وێزگەکاندا یەک لە ئامێز دەگرن و ماچ و مووچ دەکەن.
-بەڵێ، خۆت ئەمانەت دیوە، هەر بۆیە زیاتر ویستم لەو نهێنییە بگەم.
-ڕەنگە کەڕولاڵیەکەیشیان هۆیەکی تر بێت؟
سەدار کەمێک ڕاما، وەک ئەوەی بیەوێت لە چرکە ساتێکدا تەواوی هۆکارەکان بخاتەوە بەر زەینی، وتی: چەند جارێک چوومە ماڵیان و بە تەواویی خۆم پێ ناساندن کە کێم و چی هانیداوم بۆ ناسینیان، بێگومان باسی دانیشتنی ڕۆژانی شەموانی هنریک و جانێتم کرد. دایکی بە ڕاشکاویی پێی وتم ئەو زۆر حەز دەکات ئەو دوانە ببنە

هاوسەر، تەنانەت چەند جارێک بە جانێتی وتبوو با هنریک بێت بۆ ماڵەوەو لەگەڵیا بمێنێتەوە، کەچی جانێت قبووڵی نەکردبوو، بە دایکی وتبوو هنریکیش ئەوەی ناوێت، گوایا ئەوان خۆشی و بەختەوەری لەو وێنەیە دەبینن کە بەو جۆرە بۆ خۆیان کێشاوەو نایانەوێت ئەو سنوورە ببەزێنن، ئەوەیش خۆشەویستیەکی پاکیزەییە، جارێک جانێت بە دایکی وتبوو: ژیانی ژن و مێردایەتی درزێوترین پەیوەندیی نێوان دوو کەسە..

وتم: تۆ لای خۆتەوە چ لێکدانەوەیەکت بۆ ئەم باسە هەبوو؟

–لە پێشدا بەستمەوە بە نەخۆشیەکی دەروونیەوە کە لەوانەیە سەرچاوەکەی هەست بە کەم زانینی خودبێت، لەبەرئەوەی کەڕولاڵن دەیانەوێت بەو ڕێگایە سەرنجی خەڵکیی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بەڵام ئەمەیان وا دەرنەچوو. چونکە کە جانێتم ناسی زۆر لەوە گەورەترم هاتە بەرچاو ئەو هەستەی تیا هەبێت. بێگومانبە داوام بکردایە شووی پێ نەدەکردم. ئەو جوانترین موسیقاژەن بوو، کتێبە نایابەکانی دەخوێندەوە. ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت؟

–لە قوتابخانە خوێندبووی؟

–بەڵێ، پەیمانگای تەواوکردبوو، چەندین جار ڕۆمانی لە بابەتی مەسخی کافکا، نامۆی کامۆ، شانۆگەریەکانی بیکیت و ڕۆمانی دۆستویفسکیم بە دەستیەوە دیوە. هەر لە ڕێگای دایکیەوە چەندین جار لەسەر بوون و نەبوون و ژیان و مەرگ و شتی دی قسەمان کردووە. ئەو بە گشتی ژیانی بە بێ هوودە دەزانی و گاڵتەی بە هەوڵی مرۆڤ دەهات بۆ

بەختەوەر بوون و گەیشتن بە ئاسوودەیی. جارێکیان هەر بە ئاماژە بە دایکی وت کە پێم بڵێ ئایا من لە وڵاتەکەی ئەودا ئاسوودەم؟ وتم نەخێر ئەوێ و ئێرە بۆ من وەک یەک وایە. وەڵامەکەی پێ خۆشبوو، بۆیە لێی پرسیمەوە: ئەی کەوایە بۆ وڵات و باوک و دایک و کەس و کارم بەجێهێشتووە؟ وتم وڵاتەکەم پڕیەتی لە شەڕ و کارەساتی ناخۆش، دەبوو منیش یان ببمە بەشێک لەو شەڕ و کارەساتانە یان هەڵبێم. وتی: منیش بەردەوام لە شەڕدام و زۆریش بە سەختی نەمگرتووە، چونکە دەتوانم لە پڕێکدا کۆتایی پێ بهێنم. وتم: ڕاستە، بەڵام کۆتایی ئەوەی لای ئێمە لە دەستی خۆماندا نیە، یان با بڵێم بێجگە لەم هەڵوێستەی ئێستام بۆ دوورکەوتنەوە چیترم لە دەست نەدەهات. بە دایکی وت پێی بڵێ دەیتوانی بە ڕێگای تر خۆی ڕزگار بکات بەڵام..

وتم: ڕاست دەکات، پێی بڵێ من ترسنۆکم. پێکەنی و چی تری نەوت. بەڵام هەستاو کەمانچەکەی هێنا، زۆر دڵکارانە چەند پارچەیەکی ژەند و پاشان چوە ژوورە تایبەتەکەی خۆیەوە.

–دیارە کچێکی سادە نەبووە؟

–نەخێر شتی سەیری هەبوو، لە ژوورەکەیدا وێنەی دوو سێ هاوڕێی کەڕولاڵی منداڵی و وێنەیەکی بیتهۆڤن و ڤان کوخی هەڵواسیبوو، کە هەندێک جار بە ڕۆژ دەهاتە ناو دارەکان، دەیان جار سەگەکەیم لە باوەشیا دیوە، گۆڵێکی سپی تووکن دەتوت قۆزاخەی پەموە، جانێت دەستی بەسەر و تووکیدا دەهێناو دەمی بە گوێیەوە دەنا، وەک بە

چرپە قسەیەکی نهێنی پێ بڵێت وابوو، سەگەکە بۆماوەیەک هەڵبەز و دابەزی دەکرد، پاشان لە باوەشیا گرمۆڵە دەبوو یان دەکەوتە وەنەوزدان. هەندێک جاریش وەک تۆرابێت بەلای جانێتا نەدەهات و لە سووچێکدا ڕادەکشا و تەنانەت ڕووی تێ نەدەکرد، یان سەری دەخستە سەر هەردوو دەستی و بۆ دووری دەڕوانی، چاوی لە جێگایەک دەبڕی ئەگەر زۆر لێی نزیک بوویتایەتەوە واتدەزانی بیر لە شتێکی نادیار دەکاتەوە، یان سیمایەکی ئەوەندە خەمگینی لە خۆی دەگرت تۆ وات وێنا دەکرد لە چاوەڕوانیی ونبوویەکدایە، یان لە خەیاڵێکی گەلێک خۆش و قووڵدا حەزنەکات کەس دۆخەکەی لێ بشێوێنێت، تەنانەت ئاگای لە دەوروبەرەکەی نەدەما، دیارە جانێتیش ئەم حاڵەتەی لەگەڵدا بوو، مەبەستم هەم ئارەزوویەکی پڕی ژیان و هەم خەمۆکی.

–بەردەوام وا بوو؟

–ڕۆژانی شەموان کە جانێت و هنریک وەک بۆم باس کردیت بەرانبەر بە یەکتری دادەنیشتن، سەگەکەی جانێت کە ناوی (ماکس) بوو دەهاتە خوارەوە بۆ ناو درەختەکان، هنریکیش سەگێکی ڕەشیی چاوشینی لە بابەتی ئەوی هەبوو ناوی (ڕێکس) بوو، بەڵام ئەمیان دێڵەسەگ بوو، ئیتر بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەم دوانەیش دەکەوتنە یاری کردن و لستنەوەو ڕاوەدوونانی یەکتری، کە زۆر ماندوو بوونایە لەبەردەم مێزەکەی هنریکدا ڕادەوەستان و ئەو خواردنی دەدانێ، دوای کەمێک حەسانەوە دیسانەوە دەکەوتنەوە وێزەی یەکدی. یەکێکیان لەسەر پشت دەکەوت ئەوی دی قەپاڵی لە گوێچکەو دەست و قاچی دەگرت،

یان کلکی یەکیان ڕادەکێشا و دەکەوتنە قروسکە قروسک و لە یەکتر مڕاندن.
–ئەوانیش عاشقی یەکدی بوون.
–وا پێدەچێت، لە کاتی یاری کردن و ڕاکەڕاکەیاندا هەر ئەوەنە بوو وەک باڵندە باڵ نەگرن و نەفڕن، جاری وا هەبوو دەیانکردە هەراو زەنایەک ناچار هنریک دەنگی لێ دەکردن، ئەوان بێدەنگ و کڕ دەبوون، کەچی جاری تر دەتۆران و لەبن درەختێکدا بێدەنگ ڕادەکشان، کە هنریک بانگی ڕێکسی دەکرد لە جێگاکەی نەدەجوولا.
–سروشتی مرۆڤ و سەگ هەندێک جار لە یەکدی دەچن.
–وایە، بەڵام سەگ لە مرۆڤ بەوەفاتر و لە سێکسدا ئاگراوی ترە. شتێکی تریش، سەگەکەی جانێت لە کاتی زەنگی دەرگادا بە ئاماژە ئاگاداری جانێتی دەکرد تا دەرگا بکاتەوە، من خۆم ئەمەم دیوە، تەنانەت کە زەنگی تەلەفوونەکەیش لێی بدایە هەر ئەو ئاگاداری دەکردەوە، کە جانێت نەخۆش بکەوتایە یان مات و خەمگین بوایە ماکسیش بێ دەنگی دایدەگرت و بێزاریی پێوە دیار بوو.
–باشە سەگەکان جووت نەبوون؟
–من نەمدیون، خۆ ئەگەر جووت بوونایە دەبوو بێچوویان ببوایە، یان.. نازانم، بەڵام دایکی جانێت دەیوت هەموو ڕۆژێک ماکس دەشۆن، زۆر جار بە شۆردنی ئەو قایل نەبوەو حەزی کردوە جانێت بیشوات.
–بەهەرحاڵ، وەک لە سەرەتاوە وتم نهێنی ئەم گەردونە لەوە زۆرو زەبەندترە کە بتوانین تێر باسی یەکێکیان بکەین، تەنانەت لە خودی

مرۆڤ کە پێمان وایە گەلێک شتی لێدەزانین، بەڵام کە کەسانێکی وەک شێخ زوسیما و راسپۆتین و زۆربا و راسکۆڵینکۆف و دەیان ناوی لەو بابەتانەت دێنە بەردەست ئەوسا دەزانیت کە هێشتا بۆچوونەکانمان باڵی فڕینیان لێ نەڕواوە. نازانم ئەوانەت خوێندۆتەوە یان نا؟ بەهەرحاڵ دەمەوێت پرسیاری ئەوەت لێ بکەم کە چۆن بە ئاسانی گەیشتیتە ئەو خێزانە تا لەم نهێنیانە تێبگەیت؟ هەرچەند من ئەوە دەزانم هەر شتێک کە لەم دنیایەدا ڕوو دەدات گەلێک ئاسایی و چاوەڕوان کراوە، وەک چۆن لە زستاندا باران دەبارێت و بەهار گوڵ دەهێنێت.

-وا دەزانم هەموو شتێک وا دەست پێ دەکات، لە سەرەتادا گران و ئینجا ئاسان و ئاسانتر، هەندێک شتیش هەیە دەبێتە کاری پێویست و تەنانەت زۆر ماقووڵیش. من دوای چەند جارێک لەو دیمەنە سەیرە، هەستم کرد هێزێکی نهێنی توند من بەو کچەوە دەبەستێت، یان با بڵێم بە خودی حاڵەتەکەوە، هێزێک لە سەرووی ئەوەوە کە تەنانەت خۆیشم تێی بگەم. مرۆڤێکی نائاسایی و ئایندەیەکی نادیار، پەیامێکی ئینسانی و قووڵبوونەوە لە ناو کێشەیەکدا کە حەزی تێگەیشتنی دەتکاتە مرۆڤێکی تەواو فزوولی.

ڕەنگە ئەمە پەیوەندیی بە حاڵەتی خۆیشمەوە هەبێت کە وەک بار بە هەموو تەمەنی گەنجیم بە کۆڵمەوە بووە، لە دواییدا وام لێ هات هەستم بەوە نەدەکرد کە ئەو ئاپارتمانە، ئەو کچ و دایکە، ئەو سەگە، ئەو شتانەن کە یەکەمجار دیومن و بۆنیانم کردووە، نا، ئەوە دوو سەردەمی جیاواز و دوو هەستی تەواو بە یەکتر نامۆبوون.

-وای لێک نادەیتەوە ئەو کونج کۆڵیە ڕەگێکی خۆپەرستی تیا بێت بۆ تێگەیشتنی ئەو ڕاز و نهێنیانەی خەڵکی دی پەییان پێ نابات؟

-هەرگیز، من لەبەردەم پەیامێکدا ڕاگیرام لە مرۆڤێکەوە دەست پێ دەکات چەندە لە دوو هەستی گرنگ بێ بەشە ئەوەندە خاوەنی کیبریا و کەسایەتی خۆیەتی، من ئەو جۆرە کەسانە ناخەمە ناو بازنەیەکی داخراوەوە کە بە چاوی باو لێی بڕوانم، ئەو کەسانە خانەی هەرە نادیاریی راز و خەسڵەتی مەزنیی زاتی ئینسانیان تیایە کە دۆزینەوەیان دەروون شیکاریی دەگمەنی گەرەکە، چونکە من و تۆ نایانبینین و هەست پێکردنیشیان کاری هەریەکێک نیە. ئایا تۆ خۆت دەتوانیت وێنای ئەو عەشقە پاکیزەیە بکەیت و وانەزانیت زیاد لە لێکدانەوەیەکی دەروونی هەڵدەگرێت؟

-خۆت لەبەردەم ئەو پرسیارەدا ڕاتگرتووم، یان هەست کردن بە کەمیی یان ڕوانینێکی نادروست لە هاوسەری و بەو گیانی غرورەیشەوە کە باست کرد.

-دەزانیت ڕۆژێک لە ڕۆژان هنریک پێی نەناوەتە ناو ئەو ئاپارتمانەوە! بە بەرماڵیاندا تێنەپەڕیوەو ژوانیان لە جێگایەکی تر نەگرتووە. وەک دایکی دەیوت ئەگەر لە ڕێ و بانیشدا بەیەکتر گەیشتبن بێجگە لە بزەیەکی کاڵ چیتریان بۆ یەکتر نەکردووە. وەک ئەوەی عەشقی ئەو دوانە گرێ دراوی ئەو دەوروبەرو دۆخە بێت کە ئەو شوێنە بۆی بەرهەم هێنابن.

-دواجار؟ یان با بڵێم ئەو ڕۆژی شەموانە چییان بەسەرهات کە بۆ

تۆیەکی تەنیا و زگورتی دەشێ بەپارە بیکڕیت؟
هاوڕێکەم وردتر لێی ڕوانیم، پاشان بە دەم ئاهێکی حەسرەتیەوە وتی:
-تۆ چیت بە خەیاڵدا دێت؟
سەرم بۆ ڕاوەشاندو وتم: هیچ.
-چۆن هیچ؟ تۆ چیرۆکنووسیت!
-ئاخر ئەمە چیرۆکی من نیە، پاشان ئەمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو دەشێت زۆر لە خەیاڵی چیرۆکنووس مەودای فراوان و تەنانەت تراژیدیتر بێت.
-ئەو ڕۆژی شەموانە کۆتایی هات، بەڵام بەڕای تۆ ئەو دوانە چیان بەسەر دێت؟
-سەرلە بەیانیەکی ڕۆژی یەکشەمە کەسیان دیار نەماون، سەری خۆیان هەڵگرتوەو تا ئێستا کەس بە جێگایان نازانێت.
-چی تر؟
-بێگومانبە من کۆتایی تریشم بە خەیاڵدا دێت، بەڵام حەزم بە گێڕانەوەی تۆ و خودی کارەساتە ڕاستەقینەکەیە.
وتی باشە. با بۆت باس بکەم: پێرار، ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی جەژنی کریسمسی کرد، ئێوارەی شەممە ئەم دوانە وەک جاران بەرانبەر بە یەکتر دانیشتنەوە، وەک ئەوەی هیچ ئاگایان لەو جەژنە نەبێت کە خەڵکی هەمووی لە دەرەوەن و ئاهەنگ دەگێڕن، من سەر لە ئێوارەکەی وەک جاران چاوم لێ بوو هنریک خۆی ئامادە دەکرد،

خەیوەتە چکۆڵەکەی هەڵداو مێزەکەی دانا ئیتر دەبوو من ئەو شەوە بڕۆم بۆ لای هەندێک لە هاوڕێکانم بۆ شاری کۆڵن لە ئەڵمانیا، بڕیار بوو دوو سێ شەو پێکەوە بین، پاشان سەفەری کوردستان بکەین.
خۆت دەزانیت لە ئەوروپادا کریسمس یانی چی؟ بەڕاست بۆ تا ئەو کاتە نامێنیتەوە؟
-بۆ ئەو کاتە زۆری ماوە، منیش لە فیلم و کەناڵە ئاسمانیەکانەوە ئەمەندەم دیوە لەوانەیە بە ئەندازەی تۆی لێ بزانم.
-نا، وا نیە، بیستن زۆر جیاوازە لە بینین، کەناڵەکانیش هەموو کونو قوژبنەکان پیشان نادەن، لە کوێ گوڵێک بۆن بکەیت و لە کوێ لە دوورەوە تەماشای بکەیت! ئاگات لێیە لە ئێستاوە چ ئامادەگیەک بۆ ئەو جەژنە دەکرێت؟
-ئەم ڕۆژانە پارک و بازاڕەکانم دیوە چۆن ڕازاونەتەوە، بەڵام هێشتا زوو نیە؟
-ئەو جەژنە لای ئەمان سیمبولە، پێیان خۆشە هەموو شتێکی بۆ بکەن، یان با بڵێم حەزیان لێیە بۆی ماندووبن، کەس نیە خۆشی نەوێت.
-مەبەستت ئەوەیە کە تەنیا لایەنە ئایینیەکە نیە وا بۆی پەرۆشن؟
-نەخێر، ئەم جەژنە تێکەڵەیەکە لە پیرۆزیی ئاینی، پەیڕەویی کردن لە داب و نەریتی کۆنی باوو باپیران، تازەکردنەوەی پەیمان و پەیامێکی کۆمەڵایەتی خۆیانە کە چێژ بەخشینە بە ئێستا و ژیانی ئایندەیان.
-بەڵام لایەنە ئاینیەکەی زاڵترە.

-من هاوڕێم هەیە چ پەیوەندیەکی بە ئاینەوە نیە، ڕاستە مەسیحیە، بەڵام زۆر لەو شتانەی لە ئینجیلدا هەیە بە ئەفسانە و خورافاتیان دەزانێت، تەنانەت بەو جۆرە لەدایک بوونەی عیسا و هەڵکشانی بەرەو ئاسمان و شتی تریش، کەچی ئەم جەژنەی زۆر خۆش دەوێت.

-وەک نەورۆزی خۆمان. بڕوامان بە ئەفسانەکەی کاوە نیە و جەژنەکەیشمان پێ خۆشە، بێگومان بە جیاوازیی مانا ئاینیەکەیەوە.

-ئیتر ڕەگەکانی هەندێک کلتوور لە نەستی مرۆڤدایە، بێ ئەوەی بڕوات بە هۆکارەکانی هەبێت بەجێی دەهێنیت، ئەگینا بۆ هەر دەبێت یەکەم ڕۆژی نەورۆز هەموو خەڵک وەدەرکەوێت!

-باشە، بابچینەوە لای جانێت و هنریک.

-وەک وتم من بۆ ماوەی دوو مانگ لێرە نەبووم تا بزانم جانێت و هنریک، ماکس و ڕێکس چیان بەسەرهاتووە. بەڵام کە هاتمەوە ئیتر چی ببیستم!!

سەردار کەمێک بێدەنگبوو، وەک ئەوەی لە چرکەساتێکدا گەلێک دیمەنی سەیر بەرچاوی بگرن کە لەوانەیە هەندێکیانی نەدیبێ و بە خەیاڵ وێنایان بکات، پاشان ڕووی بەلای دیوارەکەدا وەرگێڕاو منیش کە تا ئەو کاتە هەر بە پێوە بووم لەسەر کورسیە تاکەکە دانیشتم و چاوەڕێ بووم.

دوای کەمێک وتی: کە هاتمەوە و هەواڵەکەم بیست چەند جارێک سەری دایکی جانێتم دا، ئەو دواجار چیرۆکەکەی بەم جۆرە بۆ گێڕامەوە:

(جانێت وەک جاران سەر لە ئێوارە باڵکۆنەکەی بۆ خۆی ڕازاندەوە،

زۆرم داوا لێ کرد بۆ بەڕێکردنی ئەو شەوی جەژنە لەگەڵما بێت بۆ شاری (برێدا) کە ماڵی برایەکم لەوێیە، ئەو نەهاتە سەر ڕێ و وتی شەممەیە و هنریکیش دێتە جێگاکەی خۆی. زۆر بە گەرمیی جەژنە پیرۆزەی لەگەڵدا کردم و سڵاوی بۆ ماڵی خاڵی نارد، ئیتر من بێ خەم ڕۆیشتم و تەنانەت ئەو شەوە تەلەفوونیشم بۆ نەکرد، چونکە شەوێکی تەواو خۆش و هەمووومان مەست بووین. وا دەزانم هیچ شەوێکی کریسمسی ترم وەک ئەو شەوە بەسەر نەبردووە، تەواو لە دنیا دابڕاو و دۆزینەوەی ئەو ئومێدانەی دەمێک بوو بزرم کردبوون کە لەوانەبوو بۆ ئایندە ژیانم بگۆڕم. بەڵام کە دوای دوو ڕۆژ گەڕامەوە نە جانێتم بینی نە ماکس، پرسیارم لە ناسیاوو هاوڕێ نزیکەکانمان کرد، هەموو بێ ئاگا بوون، تەلەفونم بۆ ماڵی هنریک کرد، وتیان لە ئێوارەی شەممەوە کە چووەتە دەرەوە ئیتر نەگەڕاوەتەوەو ڕێکسیش دیار نیە . لە سەرەتادا من زۆر نیگەران و پەرۆش نەبووم، لای خۆمەوە وتم بەڵکو ئەو دووانە گەیشتبێتنە ئەنجامێک بۆ بەیەکەوە ژیان، یان ئەو شەوە ئەوەندە مەست بووبن پێکەوە سەفەرێکی کتوپڕیان بۆ جێگایەک کردبێت. ئەمە بۆ من خەون بوو کە جانێت بۆ دواجار لەناو ژیانی هاوسەریدا ببینم، بەڵام ڕۆژێک و دوان و سیان ئەم دوانە چ هەواڵێکیان نەبوو ئێمە ئومێدمان نەبڕیبوو، لێ دوای هەفتەیەک پۆلیس ماکسیان هێنایەوە بۆ ماڵەوە، من سەرسام بووم، ماکس زیاتر لەو سەگە وێڵگەردانە دەچوو کە چەند ڕۆژێک بێت هیچی نەخواردبێت و ڕەنگ و ڕووی تەواو تێکچووبوو، کە لە پۆلیسەکانم پرسی ماکسیان

له کویێ دۆزیوەتەوە وتیان لە ڕۆخی دەریای باکور لەگەڵ سەگێکی تردا بووە، گوایە دوای ئەوەی چەند جارێک بەو ناوەدا گەڕاون و کەسیان نەبینیوە، زانیویانە ئەمانە سەگی خاوەندارن، بۆیە گرتویانن و تەماشای شناسنامەکەی ملیان کردوون، زانیویانە شوێنی سەگەکان لەوێوە دوورە و ئەمانە ناتوانن خۆیان بە ئاسانی بگەیەننەوە ئەوێ و بگەڕێنەوە، پۆلیسیش گومانی کردبوو، بۆیە ئەوان هەردوکیانیان هێناوەتەوە.

بە دایکی جانێتم وت: هێشتا بۆ دڵنیابوون زۆری ماوە، هیچ لە ماکس دەرنەکەوت؟

وتی: دوای هاتنەوەی سەگەکە ئیتر ئێمە بە ترس و دوودڵیەکی زۆرەوە لەگەڵ ماڵی هنریکدا کەوتینە گەڕان و پەیجووری ئەو دوانە، کەس چ هەواڵێکی ڕاستی لانەبوو، تەنیا لە کاتی چوونماندا بۆ سەر دەریا و ئەو شوێنەی گومانمان لێی بوو، دەریاوانێکی پیر پێی وتین کە لە بەیانییەکی زوودا کوڕو کچێکم لە ڕۆخی دەریای باکووردا دیوەو لەپڕێکدا ون بوون. تەواو لەو شوێنەدا کە پۆلیس سەگەکانیان تیا گرتبوو. ئیتر ئێمە چیمان بۆ کرا لە گەڕان و ئاگادارکردنی لایەنی بەرپرس و پۆلیس و چاودێرانی دەریا کردمان و بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتین.

وتم: ئەی حاڵی ماکس چۆن بوو؟

وتی ماکس چەند ڕۆژێک وەک مرۆڤێکی خەمگین، مرۆڤێک ناسکترین و ئازیزترین کەسی لەکیس چووبێت لە ماڵەوە دەهات و دەچوو، بۆنی

بە جێگا و جلەکانی جانێتەوە دەکرد، لە هەڵسوکەوتیدا لەوە دەچوو چاوەڕوانی کەسێک بکات، هەمیشە دەچووە بالکۆنەکەوەو تەماشای ناو دارەکانی دەکرد، چاوی دەگێڕاو بێزار نەدەبوو، تا ڕۆژێک ڕێکس لەناو درەختەکانەوە دەرکەوت، ئیتر ئەم کەوتە قروسکە قروسک و پەلەقاژەی چوونە دەرەوە، دەرگاکەم بۆ کردەوە و نازانم چەند زوو گەیشتە لای ڕێکس، وەک دوو کەسی عاشق باوەشیان بەیەکدا کرد و کەوتنە سەر زەویەکە، هەر دەت وت سکاڵای دەردێکی هاوبەش بۆ یەکدی بکەن سەریان بەسەری یەکەوەناو ماوەیەک کڕ بوون، من لێرەوە هەر تەماشام دەکردن و دەگریام، گریانێک خۆیشم نەمدەزانی بۆ کەسێکە کە ئیتر نایبینمەوە یان رەنگە هەر ئێستا خۆی بە ژووردا بکات و من بیگرمە ئامێزم و ماچی بکەم! نازانم! لە راستیا تا ئێستایش ئەو هەستە لای من کۆتایی نەهاتوە. سەگەکان زوو زوو دەچوونە جێگاکەی هنریک و بۆنیان بە گژوگیا و خاکەکەیەوە دەکرد، هەندێک جار وەک نائومێد بووبن، بەجووتە سەریان شۆڕدەکرد و دەگەڕانەوە بن یەکێک لە درەختەکان، لەوێدا هەردوو دەستیان بۆ پێشەوە درێژ دەکرد و چەناگەیان دەخستە سەر، بۆ شوێنێکی دوور، گەلێک دووریان دەڕوانی و تەنیا من هەستم دەکرد ئەوە چ ڕوانین و چ گەڕانێکە بەدوای نادیاردا! دوای مانگێکیش ماکس بەیەکجاری دیار نەماو چەند بەدوایدا گەڕاین بێ ئاسەوار بوو.

لە بێدەنگیەکی پڕ لە ئەفسووسدا سەردار چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و دوو وێنەی دەرهێنا. وێنەی جانێت و دایکی و خۆی بوون.

جانێت لەوە جوانتر بوو کە من پێشتر بۆ خۆم وێنام کردبوو. بەڵام بە پێچەوانەی چاوی دایکی و سەردارەوە لە هەردوو وێنەکەدا نیگای جانێت پڕ بوو لە پرسیار و نهێنی شاراوە، چاوێک بوو هاوارێکی لێ هەڵدەستا کە هیچ مرۆڤێک لە پێش مردندا هەست بە نهێنیەکەی ناکات و دوای ونبوونی دەڵێت: دەبوو بمزانیایە، رۆژێک لە ڕۆژان ئەم مرۆڤە لەناو گەرداوێکدا رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.

لە سەردارم پرسی: باشە تۆ ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

-نازانم، زۆریش بیرم لێ کردۆتەوە، بەڵام هیچ گریمانەیەک قەناعەتم پێ ناکات.

-تۆ بڵێی لەبەر ئەوە نەبووبێت کە تەنیایی و ئارەزووی کپ کراوی ئەو ساڵانە هێرشی جووت بوونی بۆ نەهێنابن و ئەوانیش بۆ پیرۆز ڕاگرتنی پەیوەندیەکەیان و بەتایبەتی چێژی تەنیایی و تەریکیان، وەک خۆیشت وتت کە پەیوەندیی هاوسەرگیریان بەلاوە نادروست بوە، ئیتر بۆ رزگار بوون لەو هێرشە خۆیان دابێتە دەست مەرگێکی لەو جۆرە؟

-ئەمەیش لێکدانەوەیەکی لۆژیکیە و من بۆی نەچووم، بەڵام دیارە ئەوان پێش ئەو شەوە ئامادەگیان بۆ ئەو کارە کردووە.

-مەرج نیە، ڕەنگە سەری ساڵ و جەژنی کریسمس و مەستییش هەر پاڵپشتێکی ئەم بۆچوونە بن.

-من دەربارەی ئیمان و بڕوای جانێت هیچ نازانم و پرسیاریشم لێ نەکردووە، تەنیا، وەک پێشتر وتم، ئەو جۆرە کتێبێکی تایبەتی دەخوێندەوە کە بۆم باس کردیت.

وتم: لەم وڵاتانەدا و ئەو جۆرە پاکیزەییە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەموو دەوروبەرو هەلومەرجەکانیش بە پێچەوانەی ئەو خۆگرێدانەوەیە. لێرە تا ڕادەیەکی زۆر کێشەی سێکس نیە و مرۆڤەکان بە هەردوو ڕەگەزەکەوە ئازادن چی دەکەن و چی بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەمەیان مۆدێلی خۆشەویستیەکەی شیرین و فەرهاد و مەم و زینەکەی خۆمانە، بەڵام تەکنیکەکەی جیاوازە.

وتم: کەواتە تا ئێستا هیچ دەرنەکەوتووە، بەمانای سۆراخێکی مانەوە، هەواڵێک، یان...

وتی نەخێر، ئەمانیش بەتەواوی ئومێد بڕاو بوون. وتم: دایکی هەروا ماوەتەوە؟ وتی: ئەمەیش چیرۆکێکی ترە، رەنگە پێت خۆش بێت بیگێڕمەوە، گوێ بگرە: چەند مانگێک دوای ئەو کارەساتە، ڕۆژێک دایکی جانێت تەلەفوونی بۆ کردم کە ئەگەر کارم نیە سەری لێ بدەم، شەوی شەممە لەسەر یەک شەممە بوو، بەڵێنم دایە، میوانێکم هەبوو بەڕێم کرد و چووم. پێی وتم: هەندێک شەرابی جانێت ماوە حەز دەکەم ئەمشەو پێکەوەو بەیادی ئەوەوە بیخۆینەوە. من زۆرم پێ خۆشبوو، پێکەوە هەر لە ماڵی خۆیان مێزمان ڕازاندەوەو بەرانبەر بەیەکتر لە ژوورەکەی جانێتا دانیشتین، دایکی وتی با ئەمشەو من و تۆیش جانێت و هنریک بین. من پێکەنیم و وتم: کەس ناتوانێت وەک ئەوان بێت. ئیتر دەستمان کرد بە خواردنەوەیەکی سەرومڕو باسی جانێت: بزێوی و سەرکێشیەکانی جانێت بە منداڵی و یاخی بوونی لە داب و نەریتە سواوەکانی ناو ماڵ و شەڕی بەردەوامی لەگەڵ باوکی و ئەودا کە ویستوویانە ڕێ لە هەندێک

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بگرن، تەنانەت جارێک دوو شەوو رۆژ دەمی لە خواردن نەداوەو لە ژوورەکەیدا خۆی زیندانی کردووە چونکە ئەوان سەرکۆنەی هەڵوێستێکی ئەویان کردووە. من لێم پرسی هەڵوێستەکەی چی بووە؟ دایکی وتی: ئەو کاتە تەمەنی جانێت دوانزە ساڵ بوو، رۆژێک کە لە قوتابخانە تایبەتیەکەی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنیدا بەشەڕ دێت، کوڕەکە وەک توانج پێی وتبوو کە ئەو کەڕو لاڵەو ناتوانێت لە ئایندەدا مرۆڤێکی کاریگەر بێت، بەڵام خۆی کوڕێکی تەندروستە. جانێتیش ئەوەندە بە ڕقەوە کتێبەکانی بە سەروچاویدا کێشابوو دەم و لوتی کوڕەکەی پڕ کردبوو لە خوێن، ئێمە لەسەر ئەم هەڵوێستەی لە ماڵەوە سەرزەنشتمان کرد کە کاردانەوەیەکی تیژی هەبووەو دەبوو بایەخ بەو قسانە نەدات. بەڵام ئەو تا ماوەیەکی زۆر ئەو ڕووداوەی لەبیر نەدەکرد. زۆر کاتی تریش جاری وا هەبوو ڕووی لە ئاسمان دەکرد و دەکەوتە نەفرەت کردن، یان بە ئاماژە نارەزایی بەرانبەر بە من و باوکی دەردەبڕی، یان تەواو لە خۆی بێزار دەبوو، گەلێک جار ئێمەی بێ تاقەت دەکرد، تەنانەت باوکی ئەمەندەی لە جگەرە کێشان و مەی خواردنەوە زیاد کرد تووشی نەخۆشی هات.

کە دایکی جانێت بێدەنگ بوو پێم وت: هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچوە رۆژێک لە ڕۆژان جانێت توندو تیژ بووبێت، بە پێچەوانەوە کچەکەت بارانی خۆشەویستی و میهرەبانی لێ دەچۆرا. وتی: لە منداڵیدا کچێکی زۆر هێور نەبوو، تاڕادەیەک سەرچڵ و بێباک بوو. بەڵام ئەوسایش حەزی لە خوێندنەوە دەکرد، کە فێری مۆسیقایش بوو ئیتر وردە وردە

کەوتە تەریکی و تەنیایی خۆی. وتم هەموو ئەمانەی تۆ دەڵێیت لەگەڵ دانیشتنەکەی ئێوارانیدا یەک نایەتەوە، لەو ئێوارانەیەدا جانێت ژیان و ئەوینی تیا کۆدەبوەوە. وتی: منیش تەنیا ئەو دیاردەیەم بەلاوە سەیر بوو، چونکە لە ژیانی ماڵ و ناو خێزانیشدا ئەو کچە پڕ لە شەوق و عەشقە نەبوو کە لەو ڕۆژانەدا دەبینرا.

کە سەردار بێدەنگ بوو پێم وت: دەزانیت حەز دەکەم منیش دایکی جانێت ببینم، هەر بینینی ڕووت. سەردار وتی: پەلە مەکە، ئەویش چیرۆکی خۆی هەیە، چونکە ئەو شەوە بەڕاستیی دەیویست سەرخۆش بێت، مەستیەک هەرگیز لێم نەدیوەو چاوەڕوانیشی نەبووم. ئەمەندەیش جوان خۆی ڕازاندبوەوە کە بڕوات نەدەکرد.

وتم: ئەمیش کۆتاییەکی تراجیدی نەبێت؟

وتی: نا، بە پێچەوانەوە، دوای ئەوەی خواردنەوەکەمان تەواو بوو، دایکی جانێت کە هێشتا بەو تەمەنی پەنجا ساڵیەوە زۆر لە سیمای جوانیی تیا مابوەوەو لەشی لە لەشی کچێکی بیست ساڵان دەچوو، هەستا، چووە ژوورەکەی خۆی و دوای کەمێک گەڕایەوە، بۆنێکی لە خۆی دابوو پیاوی پڕ دەکرد لە ئارەزووی سێکس، بێجگە لە ستیان و شۆرتێک چی تری لەبەردا نەبوو. پێی وتم: تۆ ئەمشەو هنریکیت و من دەمەوێت تۆڵەی کچەکەمت لێ بکەمەوە. وتم : تۆڵەی چی کریستینا؟ ئەمە چ جۆرە تۆڵەیەکە؟ وتی: نازانم، بەڵام وا هەست دەکەم هنرێکیش دەوری هەبوبێت لەو بەیەکتر نەگەیشتنەی ئەواندا، بۆیە ئەمشەو گیانی جانێت شاد دەبێت، تۆ لە سەرەتادا نەتوت کەس

ناگات بەو دوانە، با ئێمەیش شتێکی نزیک لە ڕەفتارەکەی ئەوان بکەین، بەڵام پێچەوانەکەی بێت، دەڵێیت چی؟ کەمێک لە سنگ و مەمک و چاوە شینە پڕ لە ئارەزووەکانیم ڕوانی و پێم وت: بەڕاستیی منیش زۆر سەری لێ دەرناکەم، بەڵام خۆشترین کار ئەوەیە کە سەر لە مەوداکانی دەرنەکەیت و بیشیکەیت.

کە سەردار بێدەنگبوو لێم پرسی:

- ئێ: دوای ئەوە؟

–تەواو، من ئەو شەوە هەر لەوێ و لەگەڵ کریستینادا مامەوە، شەوێک بە دڵی تۆ، بەیانیەکەیشی هەستێک گەمارۆی دابووم نەمدەزانی چییە، نا، هەرگیز: بەڵام دەزانیت دوای ئەوە چی ڕوویدا؟

دوای کەمێک بیرکردنەوە وتم:

–کریستینایش خۆی نەکوشتبێت؟

–نا، ئەو شەوە بە کامێراکەی خۆی چەند وێنەیەکی منی گرت و منیش هەروا، پاشان چەند وێنەیەکی هەردووکمان پێکەوە، دوای چەند ڕۆژێک دوو وێنەی خۆم و خۆی بۆ ناردبووم، لە پشتی وێنەیەکیانی نووسیبوو ئەو شەوەی هەرگیز دووبارە نابێتەوە، لە پشتی ئەویتریشیانی نوسیبوو: هنریک و جانێتێکی تر، لە دنیایەکی جیاوازتردا. ئیتر دوای ئەوە تا ئێستا کریستینام نەبینیوەتەوە.

–نەبینینەوەی چۆن؟

–ئەوەندە دەزانم کە ئاپارتمانەکەی ماوەتەوە، بەڵام خۆی دیار نیە، ئەوە بوو بە دوو ساڵی ڕێک تەنانەت کەس و کاریشی هەواڵی نازانن.

-جا باشه دنیای ئەمڕۆ ئەوەندە گەورەیە ئەوی تیا ون بێت؟
-بێگومان زۆریش گەورەیە، بەتایبەتی بۆ حاڵەتی خۆ ونکردنێکی لەو جۆرە، خۆونکردن زۆر لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، لەوانەیە... بڵێم چی؟
-لە پشتی وێنەیەکی نوسیبوو ئەو شەوەی هەرگیز دووبارە نابێتەوە؟
-بەڵێ، وای نوسیبوو.
وتم: سەردار گیان ئەو رستەیە لێکدانەوەی فرە هەڵدەگرێت، بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە ئەو شەوە شتێکی لای تۆ بەجێهێشتبێت.
وتی: هەموو بەیانیەک، وەک ئێستای خۆمان، کە لە خەو هەڵدەستم یەکەمجار تەماشای باڵکۆنەکە دەکەم، ڕادەمێنم، بیردەکەمەوە، لەپێشدا جانێت و هنریک دەبینم، سەگەکان لەبەرچاومدا دەکەونە یاری کردن و تەپو تلدان، وردە وردە بە دیمەنەکاندا دەگەڕێم تا دەگەمە ئەو دوا شەوەی بۆم باس کردیت، لەوێدا زۆر دەوەستم، دەلەرزم و موچوڕکم پیا دێت، هەندێک جار تەریق دەبمەوەو شەرم دام دەگرێت، بەڵام هەندێک جاری تر ئارەزووی ئەو شەوە دەکەمەوە، یان پرسیار دەکەم، ئەو پرسیارانەی زۆربەیان بێ وەڵامن، بەڵام گەلێک لە دیمەنەکانی ئەو شەوە زیندوون، بۆ منێکی ڕەهەندی ئەم دوورە وڵاتیە تا ڕادەیەکی زۆر خۆش و بەتامن، تامێکی بەردەوام، وەک ئەو زەویە تینوەی بەلێزمە باران دادەکاتە سەری و ئەو تێر ئاو نابێت، هەر تەواو وەک ئەو زەویە، ئیتر لە هەر شوێن و سەردەمێکدا بێت.

****

ئێوارەی ڕۆژی ١١/٢٩ ڕەوەز و پەیمانی دەزگیرانی من و شێرزاد حەسەنیان هێنا بۆ ئەڵمانیا، دوای ئەوەی هەر لە دانهاخ بلیتی فڕۆکەی هەولێرمان لای کاک (دانا هەڵەبجەیی) بڕی کە برادەرێکی میهرەبانی چەند رۆژی ئەوێمان بوو، ئەو بڕیاری دا خۆیشی ڕۆژی ڕۆیشتنەکەمان بگاتە فڕۆکەخانەی (دۆسفیڵد) لە نزیک شاری کۆڵن و ئاگاداری جێگا و ڕێگای ناو فڕۆکەکەمان بێت. چووین بۆ ماڵی بەختیار عەلی و نەبەزیش لە هانۆڤەرەوە گەیشتبوو. شەو لە ماڵی بەختیار نووستین و تا درەنگ قسەمان لەسەر ئەدەب و رۆمانی کوردی و باری روناکبیریی لە کوردستاندا کرد. بەختیار باسی رۆمانێکی تازەی خۆی کرد کە لە تەواوبووندایە و ڕەنگە بۆ لە چاپدانی بێتەوە بۆ کوردستان. بە درێژایی ئەو شەوو ڕۆژە، کچەکەی بەختیار (بێریان) لە ژوورە تایبەتیەکەیدا رۆمانی دەخوێندەوە، تەنانەت بۆ نان خواردنیش چاومان پێ نەکەوت. یەک دوو جار کە ڕێم کەوتە ژوورەکەی هەر لە ژێر بەتانیەکدا خۆی گرمۆڵە کردبوو سەری هەڵنەدەبڕی و دەیخوێندەوە.

ڕۆژی دوایی من و شێرزاد و نەبەز چووین بۆ ماڵی زریان و نەوشیروان کە پێشتر بەڵێنی سەردانیانم دابوو، بۆ نیوەڕۆ کفتەی سابونکەرانیان بۆ لێ نابووین، بێجگە لە سفرەیەکی زۆر دەوڵەمەند بە خواردنی تر. سەعات دەوری (٥)ی ئێوارە زریان بردینی بۆ فڕۆکەخانەی (دوسفیڵد) کە نزیکەی شەست کیلۆمەتر لە کۆڵنەوە دوورە. کوردێکی زۆرمان دی بۆ کوردستان دەگەڕانەوە، هەر لەوێ نەبەزم ڕەوانە کرد و خۆمان ماینەوە. عومەری سەید عەلی و شەماڵ عەبدولوەفایش بوون بە

هاوسەفەرمان، من دەمێک ساڵە کاک عومەر وەک پیاوێکی پاک و تێکۆشەر دەناسم، جاران زۆر ئەدەب دۆست بوو، وا بزانم سیاسەت ئەو عەشقەی تیا نەهێشتوە. سەعات دەوری ١:٣٠ گەیشتینە فڕۆکەخانەی هەولێری نێو دەوڵەتی. ماشینی تایبەتی بۆ کاک عومەر و شەماڵ ئامادەکرابوو، پێکەوە، هەر چوارمان لە ماشینێکدا بەرەو سلێمانی سوار بووین. لە ڕێگادا تاقە باسمان دوور لە سیاسەت لەسەر شیعر و گۆرانی بوو، بە درێژایی رێگاکە گوێمان لە سێ دی حەمە ساڵح دیلان و حەمەی ماملێ گرت.

تاران —هۆڵەندا– ئەڵمانیا — دانیمارک — سوید

٢٥ی ئۆکتۆبەر تا ٣٠ی نۆڤەمبەر

٢٠٠٨

# دوو دیداری

# ڕۆژنامەی چاودێر و

# گۆڤاری نووسەری نوێ

## منداڵیی

- تەمەنی منداڵیی تەمەنێکی گرنگ و هەستیارە، کاردانەوەی لەسەر دیاردەکانی سەرتاپای ژیان زۆرە. دەتوانیت بە ڕاشکاوی و بێ پەردە لەو تەمەنەی خۆت بدوێیت؟ دۆخی خێزانی و هەلومەرجەکانی؟

* باسکردن لە قۆناغی منداڵی خۆت بە دیاردە هەستیارەکانیەوە کارێکی ئەستەمە، گێڕانەوەی یادەوەری و هەستی ئەو کاتەت بۆ بەردەم زەین و هوشیاری ئێستا لە مەحاڵ دەچێت، چونکە ناتوانین بەهەمان هزر و هەستیاری کە ئەوسا هەمان بووە خۆمان بکەینەوە بەو منداڵەی جاران تا بتوانین بە دەربڕینێکی ڕاستەقینە گوزارشت لە قۆناغەکە بکەین. ڕەنگە گەلێک جار لەو تەمەنەدا کە ئێستا زۆرمان لا خۆشەویستە و تامەزرۆی گەڕانەوەیین خۆزگەمان بە گەنجێکی جگەرەکێشی سمێڵ بابڕ یان پیرێکی دەوڵەمەند خواستبێت و ئەمڕۆ لە یادەوەریماندا نەمابێتەوە یان گاڵتەمان بەو ئیرەیی پێبردنە بێت.

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە هەبوە. بەهەرحاڵ دوور لە هەر تیۆریزەکردن و ئەتەکێتێکی تری نووسین، کە بەگشتی دەگەڕێیتەوە بۆ ئەو تەمەنە، یادگار و دیمەنەکانی، خولیاو خۆزگەکانی، ئەو ڕەفتارو ئاکارانەی لەسادەیی خۆتدا هەتبوە و ئێستا بە دیدێکی جیاوازەوە پیایاندا دەچیتەوە، خۆزگەو ئاواتی ئەفسووناویان پێ دەخوازیت، بەتایبەتی سادەیی و بەرائەتە قووڵەکەی، هەروەها ئەو وێنانەی فرمێسکت لە چاودا قەتیس دەکەن یان پێکەنینت لێ دەپژێنن، ئەو حەسرەت و ئومێدانەی تاسەر ئێسک ئاخت پێ هەڵدەکێشن و ڕەنگە تا ئێستایش نەهاتبنەدی، یان هاتبنەدی و لەوە بێ تامتر بن کە تۆ چاوەڕێی بوویت. منداڵیەک  هەر لە سروشتێکی بێ جڵە و دەکات و هەموو شتەکانی خۆ بەخۆ دروست دەبوون و دەڕسکان، لێوان لێو لە تابلۆی سەیر و حاڵەتی هێند دەگمەن لەوانەیە هەندێکیان تەنیا تایبەت بن بە خۆتەوە، بەڵام بەگشتی بەرئەنجامی ئەو هەلومەرجانەن کە تۆ تیایدا دەستەوستان بوویت و ئاوەزی گۆڕینیانت بێ گیان بوە.

ئەگەرچی من کوڕی خێزانێکی هەژار بووم و کەمتر گیرفانی پڕ و بەرگی زۆر جوانم بەخۆمەوە دیوە. بەڵام لەناو خێزانەکەمدا هەستم بەڕۆحێکی دەوڵەمەند کردوە، رۆحێکی پڕا و پڕ لە خۆشەویستی، لە سۆزی باوک و دایک، لەناز ڕاگرتنی خۆم و ڕێزگرتنی ئەوی دی، لە ژیانێکی هەژارانەی پڕ لە قەناعەت. ئێستایش کە بیر لە نیگای سادەو چاوی پڕ لە قەناعەتی باوکم دەکەمەوە وا دەزانم دوو کۆتری سپین و دەیانەوێت هەڵفڕن و بەسەر سەرمەوە بنیشنەوە، من بەهرەو توانام لەو گیانە

وەرگرتووە نەک لە شتە ڕووکەشەکانی دی. دایکم و باوکم لە دوو ناوچەی زۆر لەیەک دوورەوە لە سلێمانی پێکگەیشتوون، دایکم خەڵکی ئەوبەری سیروانە و کەسوکارەکەی هێشتا لە شارۆچکەی (مەیدان) و (دەربەندیخان)ن، باوکم هەر ئەوەندەم لێ بیستووە کە دەیوت خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی مخوڕس و چۆمیەر و ساتوقەڵایە کە وا بزانم لە ناوچەی دزەییدان و من هەر لێم نەپرسیوەتەوە. کە لێرە جێگیر بووە ئیتر بەدرێژایی تەمەنی خۆی نە ڕووی لەو ناوە کردوەو نە چووە بەلای خزمەکانیدا، چونکە وەک دەیوت بە منداڵی کە باوک و دایکی مردوون کەسوکارەکەی زوڵمیان لێکردووەو هەرچی زەوی و زاریان هەبوە لێیان داگیر کردووە، ئەویش لەبەرئەوەی برا و خوشکی نەبوە پەرەوازە بووە و لەگەڵ ژنێکی خەڵکی سلێمانیدا کە وەجاخ کوێر بووە هاتۆتە سلێمانی و گەورە بووە و دایکمی هێناوە. سێ برای دایکم رویان لە بەغدا کردووەو لەوێ گیرساونەتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە باوکیان مردووەو دایکیان شووی کردۆتەوە ئیتر هەموویان پەرەوازە بوون، دایکم بەهۆی خاڵێکیەوە لە سلێمانی گیرساوەتەوە، برا گەورەکەیان (ئەحمەد سەراج) هەر لە مەیدان ماوەتەوەو ئێستا نەوەکانی لەوێن، بۆیە من باوک و دایکی ڕاستەقینەی باوکمم نەدیوە، بەڵام تارماییەکی دایکی دایکمم لەبەرچاوە کە زستانێک هاتبوە لامان، دوای گەڕانەوەی ئیتر نەمانبینیەوە، هەموو جارێک دایکم دەیگێڕایەوە کە ئەو زستانە زۆر سەخت بوە و بەفر ڕێگای گرتوە و نەنکم ماوەیەکی زۆ لێرە ماوەتەوە و زۆر پەرۆشی ڕۆیشتنەوە بوە، کە باوکم پێی وتوە باجی

-زەریف- تا بەهار لێرە بمێنەرەوەو ئەوسا خوا گەورەیە دەتبەینەوە، لە سادەیی خۆیدا وتوویەتی بۆ تا بەهار خوا دەمێنێت! ئەو ژن و مێردەی کە باوکمیان بەخێوکرد بوو، دایکمیان بۆ هێنا بوو، منی تاقە منداڵیان لێ ببووم، من هەر بە باپیر و نەنک ناودێرم دەکردن، لە کۆتایی ساڵانی سیدا لە سلێمانیەوە چوو بوون بۆ کەرکوک و لە گەڕەکی شۆڕیجە خانوویان کردبوو. باوکم و دایکم کە هەندێک جار چوونەتە ئەوێ ئیتر بە مانگ و ساڵ ماونەتەوە، بۆیە لە یەکێک لەو مانەوە دورو درێژانەدا من لە هاوینی ساڵی ١٩٤٢ لە کەرکووک لەدایک بووم و چلەم لە پیرەمەگروون چووە. پاشان هاتووینەتەوە بۆ سلێمانی. بەڵام بە درێژایی ساڵانی چل و سەرەتای پەنجاکان ئێمە بە سەردانی دوور و درێژ چووین بۆ کەرکووک و ماوینەتەوە یان ئەوان هاتوون بۆلای ئێمە. سیمای خانوەکەی ماڵی باپیرمم لە گەڕەکی شۆریجە تا ئێستاش لەبەرچاوە، ئەو بیرەی لەناو حەوشەکەدا لێ درابوو، ڕەنگی ئەو گوریسەی سەتڵەکەیان پیا شۆڕدەکردەوە ناو بیرەکەو ئەو چەمەی بەبەردەم خانوەکەدا تێدەپەڕی، مزگەوتەکەی مەلا عەبدوڵا و ماڵی باجی ئاهووی دراوسێمان، گەڕەکی قەڵا و جوولەکەکان و موسەڵاو سینەماکان، لەبیرمە چەند جارێک چوینەتە ماڵە ناسیاوی جوولەکەو نانمان لەوێ خواردوە، هەرچەندە ئێمەی منداڵ ڕۆژانی شەموان کە لە قەڵاو ناوبازاڕەوە دەگەڕاینەوە زۆر نەماندەوێرا بە گەڕەکی جوولەکەکاندا تێپەڕین، ئەگەرچی ڕێگای سەرەکیمان بوو بۆ شۆڕیجە، چونکە دەیانوت لە ڕۆژی شەمواندا منداڵی موسڵمان دەگرن و دەیبەنە

ماڵەوە، چرایان پێ دەکوژێننەوە و پاشان دەیکوژن. هەروەها ماڵی مامۆستا شوکور مستەفا کە دەیانوت بەخزمایەتی دەگاتە باوکم هەر لە شۆریجە بوو. ڕێگای نێوان کەرکووک و سلێمانی بۆ من هێند ئاشنا بوو کە ئێستایش هەر بەهەمان ئارەزووەوە پیایدا تێدەپەڕم، ئەگەرچی سیمای ڕێگاو بانەکەی گۆڕاوە، بەڵام دەرو دەشتەکەی دڵم دەکاتەوە. نەنکم ناوی «ئامینە» بوو، ژنێکی خڕ و خۆڵی سپی و دەم و چاو پان، پێیان دەگوت ئامەی خاڵە چونکە خاڵی لە دەم و چاوی کوتابوو، منی زۆر خۆشدەویست و بەساڵ لای خۆی گیری دەدام و نەیدەدامەوە بە باوک و دایکم، لە دوو مێرد منداڵی نەبوو. من زۆربەی تەمەنم لای ئەو گوزەراندوە، نەنکم دەنگی خۆش و شیعر و گۆرانیی زۆری دەزانی، شەوانە بە چیرۆک و حیکایەت هەر لە باوەشیا دەیخەواندم، هەموو جارێک دەیوت باوکی چەتەی شێخ مەحمود بووە. (دیارە لەو کاتەدا چەتەیان بەمانای چەکدار یان پێشمەرگە بەکارهێناوە) ئەمە دووەم شووی بوو کە کردبووی بە باپیرم. یەکەم مێردی ناوی ئیبراهیم بووە و مردووە، هەموو جارێک کە لە سلێمانیەوە بۆ کەرکووک دوای خۆی دەخستم، پێش هەر شتێک دەچوە سەر گۆڕەکەی، گۆڕستانەکە بەسەر بەرزیەکەوە بوو. هەر لە دوورەوە کە گۆڕەکەی دەبینی بەکوڵ دەگریا و ئەم دێڕە شیعرەی دەخوێندەوە: (سەد شوکور دیسان باڵات دیمەوە – مەردە بووم جەنۆ زیندو بیمەوە) لەسەر گۆڕەکەیش دەگریا و بەخوڕ فرمێسکی دەڕشت و دەیلاواندەوە، کە لێ دەبوەوە هەر بە سەرپۆشە سپیەکەی دەموچاوی دەسڕی، وەک تەواو ئاسوودەیی

تێگەڕابێت شایەتمانی دەهێنا، پاشان هەڵدەستا و پێی دەوتم دەی حەمە گیان با بڕۆین. من تا ئێستایش کە بیر لەو فرمێسک و جۆش و خرۆشە بەکوڵەی دەکەمەوە هەستی مرۆڤێکی زۆر دڵدارو وابەستە بە ئینسانێکی نموونەییەوە لەشم رادەچڵەکێنێت، کە گەورە بووم و لەو نهێنیەم لێ دەپرسی دەیوت: کوڕم مەگەر تەنیا ئەستێرەکان لە ئازارو خەمی من تێبگەن.

باپیرم، واتا مێردی دوەمی نەنکم (مەلا عەلی سەنجەری) شاعیر و مێژوونووس، بەئەسڵ خەڵکی شاری سنە بوو، نازانم بۆ ڕەهەندی ئەمدیو ببوو، بێجگە لە هەندێک خوێندنی مەلایەتی لە تاراندا ژیابوو، لەوێ لە خوێندنی سەردەمانەیش بەهرەمەند بوو. فارسیەکی زۆر چاکی بە قسەو نووسین دەزانی (هەندێک شیعری فارسی خۆی لای من ماوە) هەروەها چیرۆکێکی شیعریی درێژی بەدەست نووس لامە بەناوی (بێستانی خەیاڵ) کە باسی دڵداری و خۆشەویستیەکی ناکامە، شاعیرانی وەک حافزی شیرازی، سەعدی، عومەری خەیام، مەولانا جەلالەدین، مەحوی، مەولەوی، نالی و ناری باش دەناسی، ئەگەرچی بە مەلا ناویان دەهێنا، بەڵام پیاوێکی زۆر دنیایی، شەڕواڵ و ستارخانی لەبەری، مشکی بەسەری، باڵابەرز و جوان بوو، من لە دواییدا و تەنیا لە سلێمانی هەندێکجار بە کەواو سەڵتەوە دیومە، ئەگینا لە کەرکووک کە دووکانی هەویر و هەریسە و شەربەتی هەبوو، هەر شەڕواڵ و ستارخانی لەبەر دەکرد، خەڵک دووکانەکانی دەگێڕا و خۆی سەرپەرشتی دەکردن، کەم نوێژ و کەم ڕۆژویش بوو، دەیان

جار بینیومە لەژێر فشاری نەنکمدا، تا نیوەڕۆ ڕۆژوی گرتوە و پاشان شکاندوویەتی. ئەگەر زۆری نەنکم نەبوایە کە ئایندار و پڕ نوێژ بوو، بێگومانم ئەو تاکە تاکەیەیەشی نەدەکرد. لە کەرکووک چەند دیمەنێکی شەوانی سووری خواردنەوەیم لەگەڵ هەندێک لە دۆست و هاوڕێ نزیکەکانی لەبیرە، باوکیشم لەگەڵیاندا دادەنیشت و، جار جارە بۆ گەپ بازی خۆیان دەرخواردی منی منداڵیشیان دەدا و سەرخۆشیان دەکردم. کە بەتەواویی ئەوانیش هاتنە سلێمانی، هەندێک جار بەدزی نەنکمەوە دەیناردم بۆ بەردەرکی سەرا بۆلای جەرجیس ئەفەنی، ئەو دەیناسیم، چارەکێک ئارەقی دەپێچایەوە و دەیخستە گیرفانی شەڕواڵەکەمەوە —ئەوسا تەمەنم لە دەوری١٠ –١٢ساڵاندا بووـ کە دەمهێنایەوە هەر بەدزی نەنکمەوە دەمدایە، لە بۆفیەیەکی بچووکدا کە لە پاڵ خۆیدا دایدەنا و بەحساب هەندێک دەرمان و کتێب و شتی خۆی تێدا بوو، ئارەقەکەی تاقەت دەکرد، کە فرسەتی لە نەنکم دەهێنا بەپەلە دەیخواردەوە. لەبیرمە جارێکیان باپیرم فرسەتی هێناو لەکاتی نوێژکردنی نەنکمدا چارەکە عارەقەکەی بەسەرەوە ناو خواردییەوە، کە نەنکم لە نوێژەکەی بووەوە وتی: مەلا عەلی گوێم لە قوڵتەقوڵتێک بوو، باپیرم وتی بۆ نابێت ئاویش بخۆمەوە! منی کرد بە شایەتی ناهەق و منیش بۆم ئیمزا کرد. ئیتر دوای خواردنەوە سوور دادەگەڕا و دەستی بە گۆرانی وتن دەکرد، گۆرانی فارسی و کوردی، شیعری دەخوێندەوە و ئەوپەڕی زەوقی دەهاتێ. وا دەزانم نەنکم هەستی پێ دەکرد، بەڵام پێدەچوو هەر بەوەندە قایل بێت کە

بەدزی ئەوەوە کراوە بۆ ئەوەی گوناهبار نەبێت، ئەگینا دەیزانی بۆی چار ناکرێت. لەبەرئەوەی نەنکم شیری بە شێخ عەبدولکەریمی کەس نەزان دابوو، ئیتر ڕێگای قەرەداخ و هۆمەرامانی بۆ کردەوە بۆ ئەوەی تۆبەی پێبکات و واز لەو کارانە بهێنێت، بەتایبەتی لەوەش دەترسا کە ژنی بەسەربێنێت، چونکە باپیرم لەو کەم تەمەنتر بوو.

سەرەتای خوێندنم لای باپیرم بوو، فێری ئەلفبا و جزمی عەمەی کردم، گوڵستان و بوستانی سەعدی پێ وتم، هەموو شانامەی فیردەوسی پێ خوێندمەوە، دوایی خستمیە حوجرە لای ئەو مەلایانەی کە دەیناسین. پاشانیش وەک خۆی دەیوت بۆ ئەوەی لە ژیانی فەقێ و مەلا شارەزابم، ناردمیە لای چەند مەلایەکی ناسیاوی خۆی. من زیاتر لە ماڵی خۆماندا دەژیام وەک لە مزگەوت، بۆیە لەو ماوەیەدا بۆ خوێندن هیچ شار و گوندێکم نەدیوە وەک ئەوسا باوبوو، ئەوەندەیش لە باپیرەمەوە فێربووم، بەتایبەتی ئەدەبیات و خۆشەویستی شیعر لە حوجرەوە فێرنەبووم، تاقە دێڕێکی شەرعیشم نەخوێندوە. باپیرم دەست ڕەنگین بوو، زۆر کاری دەزانی، لە سەرەتای پەنجاکاندا کە بە تەواوی هاتنەوە سلێمانی دەستی بەکاری هەویر کرد، داتلی، زلوبیاو پاقلاوەی دەکرد و دەیدایە شاگرد بۆ فرۆشتن، باوکیشم داتلی دەفرۆشت و پاشان کردی بە شەربەت، منیش ماوەیەک هاوینان شەربەت و پاقلاوەو ماجوومیم فرۆشتووە. باپیرم لە داو و دەرمانیشی زۆر دەزانی، چ میللی و چ پزیشکی، بەتایبەتی لە نەخۆشی پێستدا پسپۆڕ بوو، لە زۆر شوێنی دوورەوە دەهاتنە لای و چاک دەبوونەوە. ماوەیەکی

زۆریش لە دەرمانخانەکەی «نوری عەلی» هاوکاری کاک نووری دەکرد و شارەزاییەکی باشی لە دەرزی لێداندا پەیدا کرد. هاوینان دەچوون بۆ کربچنەو هۆمەرامان، لەوێیش هەر کاری پزیشکی دەکرد.

منداڵیی من زیاتر لە گەڕەکی چوارباخدا بوە، ئەو ماڵانەی کە دراوسێ و نزیکمان بوون، منداڵی کوڕ و کچیان، پەیوەندی کەم و زۆریانم لەیادە، بۆ نموونە ماڵی برایم بەلووعەچی و کوڕەکانی، باوکی شەهید مامۆستا ئیسماعیل کە ساڵی ١٩٦٣ بەعسیەکان لەگەڵ چوار مامۆستای تردا شەهیدیان کردن، عەزیز و جەلالیان کە هاوتەمەنم بوون، هەروەها سالاری بارچاوەش کە پاشان بە پێشمەرگەیی شەهیدبوو. ماڵی برایم دەروێش وەک خێزان و بەتایبەتی حسەینیان کە هاوتەمەنم بوو. ماڵی مامە سەید عەلی کە زۆر تێکەڵاو بووین، ئافتاوی خێزانی کە من هەر بەناوی دایە (ئافتاو) بانگم دەکرد چونکە بە منداڵی شیری پێدابووم، تا ئێستایش لەگەڵ منداڵەکانیدا پەیوەندیمان خۆشەویستی و پەیوەندی خزمایەتیەو ئەوان من بە برا گەورەی خۆیان ناودێر دەکەن. ماڵی باجی زبەو عەلی کوڕی کە هاوتەمەنم بوو، ماڵی شێخ لەتیفی عەلاف و غەریب و زاهیرو عەلی هونەرمەندو وەرزشکار. هەر لەو کۆڵانانەدا شیری چەند ژنێکم خواردوە یان دایکم شیری بە منداڵانی ئەوان داوە، لەوانە باجی ئامینی دایکی حیکمەت هیندی هونەرمەند و کاک ئەحمەد و ئەمینی زەرەنگەر. زۆربەی زۆری ئەو منداڵانەی هاوڕێم بوون چووینەتە ماڵی یەکتر، شەو و ڕۆژ یاریمان پێکەوە کردووە. شەڕمان بوە و ئاشت بووینەتەوە. لە جەژناندا پێکەوە گەڕاوین،

سواری ئۆتۆمبێل و عەرەبانە و پاسکیل و چەرخ و فەلەک و جۆلانە بووین. یەکێک لەو پیاوە جوانانەی کە وێنەی لە یاد ناکەم و ماڵەکەی بەرانبەرمان بوو (مەلا سمایل)ی باوکی کاک شەوکەت بوو، ئەم پیاوە فارسی باش دەزانی و کوردێکی ڕەسەن بوو. لەنێو سەرای سلێمانیدا سکاڵانامەی بۆ خەڵک دەنووسی، شەوان زۆرجار بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵی برایم دەرویش، وابزانم مەلا سمایل خاڵی منداڵەکانی بوو، کە سەرخۆش دەبوو کوردایەتیەکەی زیاتر دەجووڵا و هەر کەسێکی بدیایە پێی دەوت: بڵێ کوردم. بەرگی کوردی لەبەردەکرد و باریکەلە بوو، لە مانگی ڕەمەزانیشدا لە چایخانەیەکی سەرشەقامی سابوونکەراندا شانامەی فیردەوسی دەخوێندەوە.

لە بەهاراندا بەکۆمەڵ دەچووین بۆ گردی شێخ محێدین و شێخ فەتاح و گۆڕستانی جوولەکەکان و ڕێگای کانی گۆمە بۆ بنە گۆزروان و پیشۆک هەڵکەندن، هەروەها لەکاتی تاقیکردنەوەی قوتابخانەدا، بۆ پیاچوونەوە و سەعی کردن دەچووین بۆ ئەو شوێنانە، بەتایبەتی بن دارەکانی گردی شێخ فەتاح و شێخ محێدین. من لە زۆربەی کۆڵانەکانی گەڕەکی چوارباخ تا دەگاتە نزیک جوولەکان و سەرشەقام یاری فتبۆڵێن، هەڵماتێن، کۆلارە هەڵدان، هەلوکێن، شەڕە گەڕەک و عەرەبانە خولاندنەوە و شەوانیش چاوشارکێ و ئاشە بەتەنوریێم کردوە، زۆر روویداوە کە منداڵی کوڕ و کچ بەیەکەوە یاری بکەین و کەسیش لاریی لەو تێکەڵبوونە نەبوو، هەندێکجار بۆ سەرنانە سەر و تووڕەکردنی کچان خەت خەتێن و ماڵە باجێنەمان لێ تێکدەدان

و ئەوانیش بە بەرد و بۆڵە بۆڵ ڕاویان دەناین. ئەو کچانەی کەمێک لە ئێمە هەڵکشاوتر بوون و خەریکی دڵ پەیدا کردن بوون، لەنێوان خۆیاندا و بێئەوەی ئێمە بزانین هەر کەسە و بەخەیاڵ یەکێکمانی بۆ خۆی دیاری کردبوو، کە لەگەڵ یەکتردا تێکدەچوون نهێنیەکانیان دەردەخست، من دێڕە گۆرانیەکم لەبیرماوە ئەگەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوی تر قسەی نەبوایە تەنیا بۆئەوەی گوێی لێ بێت دەیگوت: ئاوی ئاوبارە دڕکی چاوبازە+ فڵان بۆ فڵان کەوتە جامبازە. ئیتر ئەو دوو ناوە بەپێی کەسەکان دەگۆڕان.

پەیوەندی نێوان خێزانەکانی ئەو کۆڵان و گەڕەکانە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیی یەک خێزانی بوو، لە تەنگژە و مردن و لێقەومان، شایی و خۆشیشدا بەشداری یەکیان دەکرد، شەوانە سەریان لە یەکتر دەدا، هەروەها شەوان بەردەرگاکان دەبونە کۆڕی ژنان و لە هەموو باسێک دەدوان و کاسە دراوسێیان دەکرد. سەربانی هەر ڕیزە خانوویەک بەیەکەوە بەسترابوون، دەتتوانی سەربان بەسەربان لە یەکەم ماڵی سەرەوە تا دواماڵی خوارەوە بچیت، شەوانی هاوین لە سەربان تا کاتی خەوتن ژن و پیاو بەجیا دادەنیشتن. هەر خێزانە و چیغی تایبەتی خۆی هەبوو، ڕێحانەی لەناو تەنەکەدا دەڕواند و لەبەردەم دەرگای چیغەکە و تەنیشتەکانیەوە دایان دەنا. ئەگەر ڕەشەبا بوایە ترسی دووپشک وەک مەلۆتکە هەمووومانی بە بەتانی و لێفەوە قومات دەکرد. من یەک دوو جار لەو شەوە ڕەشەبایانەدا دوپشک پێوەی داوم، کچان هەر لە پاڵ چیغدا و لەبەر چرا هاوینان کڵاویان دەچنی، کوڕانی

گەنجیش بە کۆڵانەکاندا دەهاتن و گۆرانییان دەوت، بەتایبەتی لە پشت کۆڵانەکەی ئێمەوە چەندساڵێک چایخانەیەک کرابوو لە شوێنی حەمامەکەی چوارباخی ئێستادا شەوان لاوەکان دەهاتنە ئەوێ، بەدەم چا خواردنەوەوە سەیری کچە کڵاوچنەکانیان دەکرد و جۆرەها گۆرانی خۆشیان دەوت. یادی بەخێربێت (ئەحمەد شەماڵ) یەکێک بوو لەو گەنجانە و براکانیشی عومەرو عوسمان هاوتەمەن و هاوڕێم بوون. یەکێک لەو کچە دراوسێیانەمان کە زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوو، سەربانەکانمان پێکەوە بوو، هەموو جارێک کە لەبەر مانگەشەو کڵاوی دەچنی منی بانگ دەکردە لای خۆی و پێی دەوتم تۆ حەز لە چی دەکەیت؟ منیش بە ئەقڵە پچووکەکەمەوە دەمگوت تەنیا حەزم لە یارییە، ئەو دەیوت ئەی شتی تر؟ من هەر بە یارییەوە نووسابووم و هیچی ترم نەدەزانی، دواجار وتی با بگەیتە تەمەنی من حەز لە شتی تریش دەکەیت. دیارە من جوانکیلە بووم و ئەو تەماعی تیامدا هەبوو، لە هەرزەکاریدا کە دەمبینیەوە هەمان سیحری چاویم بەدی دەکردەوە، وەک شتێکی لەدەست چوبێت و ئیدی هیوای گەڕانەوەی بڕیبێت، بەڵام بە کەمێک شەرمەوە.

من بۆ یەکەمجار کە گوندم دیبێت (هۆمەرامان)ی قەرەداخ بوو، گوایا ناوەکە لە عومەری ئەفغانیەوە هاتوە کە ئەسحابەی پێغەمبەر بووە، گوندی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزان بوو کە وەک پێشتر ئاماژەم پێدا نەنکم بە منداڵیی شیری پێدابوو، بۆیە شێخ عەبدولکەریم بە نەنکمی دەوت (دایە ئامە) و منداڵەکانیشی هەر بەو زمانەوە ناویان

دەهێنا، هاوینان باپیرم و نەنکم دەچوون بۆ ئەوێ، لەناو کەپرێکدا دەژیان دەکەوتە داوێنی گوندەکەوە، لە پاڵ دار بەڕوویەکی زەبەلاحدا بوو کە لەم ساڵانەدا هەر بۆ بینین و یادەوەری چوومەوە بۆ ئەوێ و دار بەڕوەکەم بینیەوە، لە جاران کۆکتر و بەهەیبەت ترم هاتە بەرچاو، وات دەزانی تا ئێستا لقێکی لێ نەبوەتەوە، بەڕاستیی تەمەنی مرۆڤ لەوە کەمترە کە فریای گۆڕانی زۆری سروشت بکەوێت، من ئەمەم لە چەند جێگایەکی تریشدا هەست پێکردوە، بەتایبەتی لە ڕێگای زێویەو چیای پیرەمەگروندا کە پێش چل ساڵ دار و بەرد و ئەشکەوت و دۆڵ و تاوێریم چۆن دیبوو وەک خۆیان ماونەتەوە، من لە شەستەکاندا سێ ساڵ مامۆستای قوتابخانەی (زێویە) بووم.

لە گوندی هۆمەرامان بۆ یەکەمجار تەکیەو دەروێش و خەلیفە و شێخ و کۆڕی زیکر و تەپڵ و دەف و زەرگ و شمشێر لەخۆدان و مارو دووپشک خواردنم بینی، کە کۆڕی زیکر دادەمەزرا، من و چەند منداڵێکی هاوتەمەنم خۆمان تێهەڵدەقورتاند و جارجارەیش تەپڵمان لێدەدا، یەکێک لەو منداڵانە ببوو بە دەروێش —واتا ئیجازەی لە شێخ وەرگرتبوو— قاچی دەنایە سەر شمشێر و بەسەریدا دەڕۆیشت بێئەوەی قاچی ببڕێت یان برینداری بکات. کچانی شێخ عەبدولکەریم هەموویان بۆ خوێندن دەهاتنە لای باپیرم و لەگەڵماندا زۆر خۆیی بوون، من لە خوێندندا لەوان پێشکەوتوتر بووم و هاوکاریم دەکردن. تا ئێستایش ئەو خۆشەویستی منداڵیەمان هەر تیا ماوەو ڕێزی لێدەگرین، بەتایبەتی لەگەڵ کافیەیاندا کە لەم ساڵانەدا کۆچی دوایی کرد. برا

گەورەکەیشیان (شێخ حسەین) لاوێکی جوان چاکی نەترس و بێ باک و هاوڕێی نزیکی شێخ سەلامی شاعیر بوو، من زۆرم خۆشدەویست و پێم دەگوت (شێخی خۆم). ڕاوچیەکی زۆر چاک و بەدەست و تفەنگ بوو. باپیرم لە زۆربەی نەخۆشیەکانی دەزانی، زیاتریش هەر بۆ ئەوە دەچوو بۆ هۆمەرامان کە چارەسەری نەخۆش بکات، واتا ئەوە سەرچاوەی دەرامەتی بوو، هەر پێشیان دەوت دوکتۆرەکەی شێخ، بەڵام زستانان دەگەڕانەوە بۆ سلێمانی.

هەندێک دیمەنی ئەو کاتەم لەبیرە کە پاشان بوو بەهۆی دابڕانم لەو دۆخ و کەش و هەوایە. وام هەست کرد کە پەیوەندیی نێوان شێخ و دەروێش و دانیشتووی گوندەکە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی نێوان ئاغا و جووتیارە، قسەی شێخ ڕەت کردنەوەی نیە و دەبێت فەرمانی زوو جێبەجێ بکرێت، تاڕادەی بێگار و ستەم کردنییش، شێخ خاوەنی زەوی و زار و باخ و ئاو و تەواوی گوند و دەرامەتەکان و تەنانەت مرۆڤەکانیش بوو. بۆیە ئەو پەیوەندیە ڕۆحیەی من لە سەرەتادا بۆ ئەو جۆرە فەزایە وێنام کردبوو وا دەرنەچوو. بەلای منەوە بەدەورێشبوون پێش هەر شتێک دەربەستبوونێکی ئەقڵانییە بە بەرنامەو کەسانی زۆر نموونەیی و رۆحی ناو ژیانەوە دوور لە بەرژەوەندی ماددی و هەڵسوکەوتی رۆژانەی ئاساییەوە.

لەو گوندەدا بۆ یەکەمجار ڕانە مەڕو گاگەلم بینی کە ئێواران بەلای کەپرەکەماندا تێدەپەڕین و ئەو ناوەیان دەکردە تەپ و تۆز. لەوێ جارجار گوێم لە تەپڵی شەوانی ڕاوکەر و گۆرانیی عاشقانەی لاوان و

لووره لووری گورگ و دەنگی چەقەڵ دەبوو. لە شەوانی ئەوێوە زانیم کە ڕەشماڵە تاریکەکەی سروشت چەندە بێدەنگی و کرپی لە دواوەیە، چ خەوێکی حەسانەوەیە بۆ لەشە ماندوەکان! هەر ئەوەندەی تاریکیی دادەکەوت، ئیتر وات هەست دەکرد مرۆڤەکان کۆچیان کردووە و گیانداری تر جێگایان گرتوونەتەوە، هەر لەو شەوانەدا بۆ یەکەمین جار گوێم لە دەنگی باڵندەیەک دەبوو بە ناوی (تاق تاقکەرە)وە ، شەو بەسەر دارێکەوە هەڵدەنیشت و تا بەرەبەیان تاق تاقی دەکرد، نەنکم دەیوت ئەوە زیکرەو داوای لێبوردن لە خودا دەکات. شەوانی نێو گوند لە گۆڕستانی شەخسەکەی داوێن دەچوو کە پانتاییەکی فراوانی بەبەرد پەرژین کرابێت، ناوەوەی کەلاکی ئەو کۆتەرە دارانە بێت کە چەندین ساڵە بانگی مەرگی خۆیان داوە، کەچی کەس لە ترسی قسنەکە، ئەگەر لەسەرماندا منداڵەکانیشی ڕەق ببنەوە، بۆ سوتاندن دەست بۆ بڕە دارێکی نابات، ئەو گۆڕستانە لەو دوورگە ئەفسانەییانە دەچوو کە بێجگە لە تارمایی مرۆڤ بەمردوویی نەبێت ڕێگای تێنەکەوێت. بەڵام ئێمەی منداڵ، بە دزیەوە شووراکەمان دەبەزاند، زۆرجار ئاومان لە چەمەکەو کانی کچانی خوار گۆڕستانەکەوە بەجام و مەسینە دەهێنا و دەمانکردە کونی دووپشکەوە، دووپشکەکان دەهاتنە بەر کونەکە و ئێمەیش پێشتر دارێکی تیژمان ئامادە کردبوو کە لە پشت دووپشکەکانەوە بەکونەکەدا دامان دەکوتا و ئیتر بە ئاسانی دەرماندەهێنان، دەزوومان بە کلکیانەوە دەبەست و لە کونی تردا دووپشکی ترمان پێ دەردەهێنان. ئەگەر ئاومان پێ نەمایە میزمان

له کونەکان دەکرد، بەم جۆرە توانیبوومان لای خۆمانەوە ترسی ئەو گۆڕستانەی کە گەورە پێی نەدەوێرا ئێمەی منداڵ، لە خۆماندا بیرەوێنینەوە و نەریتە تەمەن دەیان ساڵەکە ببەزێنین.

- منداڵیی قۆناغێک بوو تێپەڕی.. یاخود تا هەنووکەیش ئامادەیی هەیە؟

* ڕاستە منداڵیی قۆناغێکی تەمەنە و هێند زوو تێدەپەڕێت تۆ هەستی پێناکەیت، بەڵام ئەوەندە جوانی تێدایە —بە ناخۆشیەکانیشیەوە— کە ناتوانیت لە یادەوەریتدا پارێزگاریان لێ نەکەیت یان خۆیان خۆیان نەهێڵنەوە، خۆ هەیانە هەمیشە لەگەڵتا دەژین. ئێستایش ڕۆحی منداڵیی وزەیەکە بۆ گەلێک لە بەهاکانی ژیانم، ئەگەر ئەوەم تیا نەما بێگومانم لە مردنەوە نزیکم، ئێستایش بە سەعات بەدیار یاری دوو منداڵ و زیاترەوە دەوەستم، بەتایبەتی فتبۆڵێن، خۆ ئەگەر پاسم بدەنێ ئامادەم لەهەر شوێنێکدا بێت یاریان لەگەڵدا بکەم. عەفەویەتی منداڵیم لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەدا تیا زاڵەو ناتوانم وازی لێبهێنم، خۆش باوەڕم و وەک منداڵیش زوو دەخڵەتێم، لەو کەسانە نیم کە چەند جارێک تف قووت دەدەن بۆ ئەوەی قسەیەک بکەن. منداڵ کە شەلێک دەبینێت بێ سێ و دوو کردن و ڕووبەڕوو لێی دەپرسێت ئەوە بۆ دەشەلیت؟ ئەو چ مەبەستێکی خراپی نیە، ئەوە باوکیەتی کە سەرکۆنەی دەکات و پێی دەڵێت جارێکی دی پرسیاری وا نەکەیت. ئەگەر منداڵ لە سادەیی و ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەکانی بێبەش نەکرێت،

کەسانی سەر ڕاست و بێ فێڵ و درۆمان زۆر تیاهەڵدەکەوێت، منداڵی قوتابخانەی سەرەتایی کەرەسەیەکی خاوە، مامۆستاو دایک و باوک دەتوانن گەلێک نۆرم و بەهای جوانی تێدا بڕوێنن. ئێستایش کە شەوانە درەنگ دەگەڕێمەوە ماڵەوە، لەبەر دەرگاوە وا هەست دەکەم گوێم لە دەنگی باوک و دایکمە لەسەری کۆڵاندا وەستاون و هاوارم لێدەکەن واز لە یاری بهێنم و بگەڕێمەوە ماڵەوە، زۆر عاشقی یاری بووم، تەنانەت جارێکیان شەو زۆر درەنگ ببوو من و چەند منداڵێک هێشتا بۆ یاری کردن مابووینەوە. باوکم چەند جارێک هاواری لێکردم واز بهێنم و بگەڕێمەوە ماڵەوە، من بەگوێم نەکرد، تا لەپڕیکا هات، لە پشتەوە دەستی گرتم و ڕایکێشا، زللەیەکی لێدام (باوکم لە هەموو تەمەنیا ئەوە یەکەمجار و دواجاری بوو لێی دابم) گریام، کە گەیشتینە ماڵەوە خۆیشی چاوی پڕببوو لە فرمێسک، هەرگیز ئەو زللە و فرمێسکانە لەیاد ناکەم. باوکم زۆری خۆشدەویستم، ڕەنگە زیاتر لەبەر ئەوە بووبێت کە خۆیشی تاقانەی بێ خوشک و برا و کەس و کار بوو، هەموو خەون و ئاواتی غەریبی و بێ کەسی خۆی لە مندا کۆکردبێتەوە.

ئێستایش لە ناو حەوشە و چیمەنەکەی ماڵی خۆماندا، زۆرجار لەگەڵ نەوەکانمدا یاری تۆپ تۆپێن دەکەم، دەیانکەم بە گۆڵچی و شوتیان بۆ لێدەدەم، لێسەندنیان لەگەڵدا دەکەم، لەسەر گۆڵ دەبێتە دەمەقاڵمان و هەرگیز هەست ناکەم لەوان گەورەتربم، تەنانەت وەک ئەوان لە ژمارەی گۆڵەکانم خۆش نابم.

من وادەزانم دوور لەمانەیش، گیانی منداڵی پڕە لە لێبووردن، لە سادەیی و خاکەڕایی، لە خۆشەویستی و ڕق هەڵنەگرتن، لە منداڵیدا بەیانیان شەڕمان دەکرد و سەری یەکترمان دەشکاند (هەرچەندە من ئەمەم لە هاوڕێکانی ترم کەمتر بوە، چونکە منداڵێکی لاسار و هار و هاج نەبووم) کەچی ئێوارە هەر بەسەری پێچراوەوە دەستمان بەیاری دەکردەوە وەک هیچ رووی نەدابێت وابوو (کە دایک و باوکمان لەسەرمان دەهاتنە دەنگ پێیان دەوتن خۆتان خراپ مەکەن، منداڵن و زوو ئاشت دەبنەوە) تەنیا جارێک نەبێت کە لەگەڵ سەلاح حامیدی وەرزشەوانی هاوڕێمدا بوو بە شەڕمان، قەڵەمێکی کرد بە لاچاومداو زۆری بریندار کردو، قسە پێکەوەنەکردنمان زۆری خایاند. لە ژیانی گەورەییمدا زۆر ڕێکەوتوە بڕیارم دابێت کە ئیتر لەگەڵ فلانە کەسدا دانەنیشم یان تێکەڵ نەبم، لەبەرئەوەی گرژیەک یان بەدحاڵیبوونێکمان تێکەوتووە، کەچی بۆ ڕۆژی دوایی لەبیرم چۆتەوە و پەیوەندیەکەمان وەک خۆی لێهاتۆتەوە. منداڵ کە شەو دەخەوێت هەموو ڕق و کینەکانی ڕۆژی ڕابردووی دەسڕێتەوە، کە بەیانی هەستاو هاتە کۆڵان، یان جانتاکەی بۆ قوتابخانە هەڵگرت، بەچاوی ڕوونی ئەو بەیانیەوە تەماشای دنیا و هەموو هاوڕێکانی دەکات، ئەوە کەسانی ترن کە دوێنێی لا زیندو دەکەنەوە بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە، (ڕەنگە باوک و دایکی بن) بە وتەی سارتەر ئەوانی دۆزەخین. من پێم خۆشە تا ئێستایش پارێزگاریم لەو گیانە کردوە، یان هەر خۆبەخۆ ماوەتەوە و منیش درۆم لەگەڵدا نەکردوە. ئەو منداڵەی لە منداڵیەتیمدا دروست بووە، ئەگەرچی خۆم

کەوتبێتمە تەمەنەوە، بەڵام ئەو هەر هەمان منداڵە و پیر نابێت، هەر بەچاوی ئەو منداڵەوە تەماشای دنیا و ژیان دەکەم، سادەیی لە کاردا و بێباکیی لەوەی ڕوودەدات، ژیان لای منداڵ نە پێویستی بە ڕاستە و پرگاڵە نە بە قەپان و تەرازوو. ئەمە پێوانەی ئەوانەیە کە ژیان هێند بەقورس دەگرن خۆیان لە ژێریدا دەچەمێنەوە یان هەر بەتەواوی هەرەس دێنن. لە کاتێکدا خودی ژیان لەوە سانا و ساکارترە کە ئێمە بەگران بیگرین و هەمیشە بیری لێ بکەینەوە. بە زاراوەی (میلان کۆندێرا) سووکەڵەیی ئەو بوونەوەرەی تەحەمول ناکرێت. دیارە ژیان لەوە سووکەڵەترە کە خۆمان ئەوەندە قورسمان کردووە.

- گەنجیەتی قۆناغێکی هەستیارە لە ژیانی مرۆڤدا، بەتایبەت ئەگەر کەسێک هوشیار نەبێت رەنگە لەو قۆناغەدا دووچاری هەڵەی زەق بێت، ئایا تۆ ئەو قۆناغەت بە وشیارییەوە تێپەڕاند یاخود چۆن؟

* گەنجیەتی نەوەکەی من پڕە لە چەرمەسەری و سەرگەردانی، لە کوشتنی تاکایەتی و خۆگونجاندن لەگەڵ رەوەو پۆلدا. ئێمە نەوەیەکی بێ مامۆستا بووین، مامۆستا بەمانا گشتییە مەعریفییەکەی، لەلایەکەوە سیاسەت کردبووینی بە رۆبۆت و، لەلاکەی ترەوە وەک لەم سەرزەویە دابڕابین بەتەنیا خۆمان دەبینی و خۆیشمان لە هەموو دنیا بە جوان و ڕاستتر وێنا دەکرد، کەسێکیش لە دەوروبەرماندا نەبوو وەک (سوهراب) پێمان بڵێت چاوتان بشۆن بۆ ئەوەی دنیا جوانتر ببینن. گیانی ناسیۆنالیزمێکی هێند پەڕگیر ڕەگی تیاماندا داکوتابوو کە وەک ئاینە

ئاسمانیەکانی هەر قەشەو دەروێشێک پەیڕەوییمان لە چاک و خراپی دەکرد، بەمانای ئایدیایەکی ڕەهای دوور لە گفتوگۆ و تێگەیشتن لەوی دی یان دروست بوونی هەستی تاکایەتی لە خۆماندا.

تەمەنی لاویەتیم لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٦١دا سەریهەڵدا. من لە گەرمەی تێکۆشانی ڕێکخراوەیی قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و، لە هەموویش زیاتر لە شانەکانی خودی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاتبوومە ناو سیاسەتەوە. شۆڕش بۆ ئەو تەمەنەی من لە خەونێک دەچوو کە کورد دەگەیەنێتە ئاسمانی ئازادی و یەکپارچەیی بەشە داگیرکراوەکانی، ئیتر پارسەنگی شۆڕشی کورد لە تەرازووی هێزەکانی دەوروبەر و نێودەوڵەتیدا چیە و ئایندەی چۆن دەبێت و فەلسەفەی کوردایەتی لە کامە ستراتیژدا خۆی دەبینێتەوە، بۆ من و زۆری تری وەک خۆم گرنگ نەبوو یان هەر پرسیارمان لێ نەدەکرد، گرنگ شۆڕشە، بەتایبەتی کاریگەری شۆڕشی میسر و جەزائیر و کوبا و شۆڕشی ڕوناکبیری ماو و پاشانیش گیڤارستی، سەری ئێمەی پڕ کردبوو لە گیانی یاخی بوون و دروشمی  کوردستان یان نەمان و نەسرەوتن تا سەرکەوتن. شۆڕش بۆ نەوەکەی من هەنگاوێکی سەرکەوتن بوو لە تیورەوە بۆ پراکتیک، لە هەڕەشەی ڕووتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕووبەڕوو، لە دەرکەوتنی دەمامکدارەکان و ڕووی ڕاستەقینەی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەر، لەو دۆخەدا چرکە ساتێک بۆ گومان کردن و ڕاڕایی نەدەما، یان دەبێت سەر بە شۆڕش و پ.م بیت یان سەنگەری دی بوونی نییە.

له هزری ئەوسای ئێمەدا پارتی بوون واتا سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی و لە پوخت ترین پێناسەدا واتا (کورد بوون) کوردبوونێکی ڕوت و قووتی بێ فەلسەفەو بەرنامەیەکی دیار. ئیتر لە هەر بوار و دەرفەتێکدا بوایە دەبوو بانگەشە بۆ ئەو جۆرە کوردایەتیە بکەین و کەسی ترمان پێ قبوولْنەبێت، ئێمە زۆر توندڕەو بووین، توندڕەوییش لەگەڵ بۆچوونی ئەقڵانی و گیانی لێبووردندا نایەتەوە، بەڵکو زیاتر شەڕئەنگێزی دروست دەکات کە خراپترین خەسڵەتی مرۆڤە، ئێمە ئەوسا کارمەندێکی تەواو گوێڕایەڵی حیزب بووین، دەبوو هەموو کەسێکیش وەک ئێمە بیربکاتەوە. لەبیرمە ساڵی ١٩٦١ کە لە قوتابخانەی زێویەی سەرەتایی بۆ یەکەمجار بووم بە مامۆستا وانەی کۆمەڵایەتیم دەوتەوە، یەکەم تاقیکردنەوەی قوتابیەکانی پۆلی شەش بێجگە لە پرسیاری ناو کتێبەکە پرسیارێکی لابەلام لەسەر مێژووی کورد هێنابووەوە کە پەیوەندی بە کۆماری مەهاباد یان شێخ مەحمودەوە هەبوو، هەرچەندە زانیاریەکە لە بەرنامەی خوێندندا نەبوو، بۆیە قوتابیە داماوەکان هیچیان لێ نەدەزانی و تێکڕا پرسیارەکەیان وەڵام نەدابوەوە، بە بۆچوونە نادروستەکەی ئەوسام وام دەزانی ئەو زانیاریانە وەک ئاوخواردنەوە وان و پێویستە گەورە و بچووک، خوێندەوار و نەخوێندەواری کورد بیانزانێت و چ پەیوەندیەکی بە بەرنامە و خوێندنی قوتابخانەوە نیە! لای ئێمە کوردایەتی (بەو کلێشە و فۆرمەی ئەوسایەوە) پیرۆزترین مانا و ناوازەترین بەهای مرۆڤایەتیە، هەر کوردێک خۆی لە پێناویدا بەخت نەکات زۆڵ و ناپاکە، هەڵەی کوشندەی ئێمە لەوەدا بوو کە

بڕوامان بە هیچ بیروباوەڕێکی تر نەبوو، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کەسانی دەرەوەی خۆمان بە لادەر و بەکرێگیراوی بێگانە دەزانی و دەمانوت (ئاو و هەوای کوردستانیان پێ حەرامە) بەگشتی حیزبەکانی خۆرهەڵات بە جیاوازیی بیروباوەڕ و میتۆدی کاریانەوە هەموویان فۆڕم و میکانیزمی پارتە کۆمۆنیستەکانیان لەخۆ گرتبوو، ئەندامەکانیان وا گۆش دەکرد کە دەبێت هەموو شتێک، هەموو هەڵسوڕان و چالاکیەک تەنیا بۆ حیزب بێت، واتا ژیان کورت بکرێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیایەکی ڕووت کە حیزبێک سیاسەت و بەرنامەی بۆ دادەڕێژێت، تەنانەت ئەندامەکانی ئەم حیزبانە لەوە بێ بەش بوون کە مومارەسەی مافە سروشتیە ئینسانیەکانی خۆیان بکەن، خۆشەویستی ئافرەت، خواردنەوە، سێکس، جگەرەکێشان، ڕای ئازاد، لە تابۆکانی حیزب بوون و بیرکردنەوە یان درکاندنی هەر دیاردەیەکی لەو بابەتە شکاندن و دەرکردن و ناوزڕاندنی لێ دەکەوتەوە. تەنانەت هەوڵی ئەوە دەدرا کە خوێندنەوەکان تەنیا لە ئاقاری ئەدەبیاتی حیزبدا بن و چ زانیاریەکی تر پەسەند نەدەکرا، ئەگەر نووسەرێکیش ئەم ڕاستییەی بگوتایە، هەر دەبوو کارەکەی، واتا ناوەڕۆکی بابەتەکانی لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی سیاسیدا بێت و ئەوە تاقە شوناسی ئەو بوو.

گەنجایەتی ئێمە لەناو ئەم دۆخە ئابڵووقە دراوەدا بوو، واتا زۆربەی کاتمان تەرخان بوو بۆ هەڵسوڕان و پاشانیش خەون بینین بە دنیایەکەوە کە کورد تیایدا شای گەلان بێت. دیدێکی تەسکی ناسیونالستانە، لەڕاستیدا هۆشیاریی ئێمە لەمەوە سەرچاوەی دەگرت،

تاکە تاکەیەکمان نەبێت کە کەم تا زۆرێک لەو یاسایە دەرچووبێت، ئەگینا پەتاکە هەمووی گرتبوەوە.

ئەوەی کە من هەمبوو تەنیا خوێندنەوەی ئەو بەرهەم و کتێبە ئەدەبی و ڕووناکبیریانە بوو کە بۆ ئەوسام تروسکەیەکی تری بە ڕۆحم دەبەخشی و تاڕادەیەک هۆشیاری دەکردمەوە. لەوانە کتێبەکەی گاندی «چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ هەقیقەتدا» کە مونیر بەعلەبەکی کردبووی بەعەرەبی، ئەم کتێبە بۆ یەکەمین جار وانەی لێ بووردن و خاکەڕایی و گیانی ناتوندوتیژی فێرکردم، زانیم مەرج نیە تەنیا بە چەک و وێران کاری و مرۆڤ کوشتن وڵات ڕزگاری بێت، بەڕاستیی مرۆڤ لە گاندیەوە هەست بە خۆنەویستی و ئارام گرتن و کۆڵنەدان دەکات. ڕۆمانەکانی ئیحسان عەبدولقەدوس و نەجیب مەحفوز و یوسف سباعی و جۆرجی زەیدان و کتێبەکانی سەلامە موسا و سێ سوارەکەی ئەلکساندەر دۆما، هەندێ ڕۆمانی دوور و درێژی وەک ڕۆکامبڵ و میشال زیفاکۆ کە هەر کۆتاییان نەدەهات، چیخۆف و موباسان و پاشتر ڕۆمانەکانی ئەلبێرتو مۆراڤیا زیاتر بەمانای گشتی ژیانەوە بەستمیانەوە. لەوانەوە زانیم کە دنیا هەر سیاسەت نیە و ڕووناکیی زۆرتری تیایە، ئەوسا هەرچیەکەم دەست بکەوتایە دەمخوێندەوە، ئێستایش لە کتێبخانەکەمدا ڕۆمانی سوڵتانە زاهیە و محەمەدی فاتیح و چەندانی تر هەن کە لەو ساڵانەدا خوێندومنەتەوە. ئەمە ئەو سەرەتایە بوو کە بێجگە لە بەرهەمە کوردیەکان چێژی ئەدەبیات —بەتایبەتی ئەدەبی گێڕانەوە— یان لا خۆشەویستتر کردم.

من له قۆناغی گەنجیدا زۆر هەلم لەدەست داوە. چ لە بواری خوێندندا و، چ لە بواری خۆپێگەیاندنی زیاتری ئەدەب و رووناکبیریدا، نزیکەی هەشت ساڵ لە گوندا مامۆستا بووم، هەر لەوێش ماومەتەوە، دەرفەتی خوێندنەوەی زۆرم هەبووە، کەچی زۆر کەمتر لەوەی کە ئێستا هەستی پێ دەکەم کەڵکم لەو کاتانە وەرگرتوە، بەڕۆژ خەریکی ڕاو و بەشەو لەگەڵ مامۆستاکانی تردا سەرگەرمی یاریی و بادە نۆشین بووین. ناڵێم خوێندنەوەم نەبووە، بەڵام دەمتوانی لەباتی دوو سەعات دە سەعات بخوێنمەوە. من پێشتر ئەوەندە بەژیانی گوند ئاشنا نەبووم، بۆیە حەزی زۆرم لە پەیوەندیی خەڵکەکەی بوو، شەوانە لەگەڵیاندا دەچووین بۆ شەوارە، یان لە ماڵ و قوتابخانەدا یاریە میللییەکانمان دەکرد، دەمویست لە شتە هەرە تایبەتیەکانیان نزیک ببمەوە: داب و نەریت، شێوازی بیرکردنەوە، وابەستەیی بە بەها کۆمەڵایەتیەکانەوە، ڕێ و ڕەسمی بۆنەکانیان، پەیوەندیان لەگەڵ سروشتدا، تێگەیشتنیان لە دیاردەکانی گەردوون و دنیای نوێ، کاریان، پلەی ژن لایان، ڕادەی خۆشەویستیان بۆ ژن و ئاڕاستە جیاوازەکانی، (لە چیرۆکی —چۆن ژنم هێنا— دا کە ساڵی ١٩٦٩ نووسیومە و لە کۆمەڵە چیرۆکی —هەڵۆ— دا بڵاوبۆتەوە هەوڵمداوە هەندێک لەم دیمەن و نۆرمانە بەرجەستە بکەم). بێجگە لەمە سووسەکەرێکی باش بووم بۆ تێگەیشتن لەباری دەرامەتیان و چالاکیی کشتوکاڵیان. حەزم دەکرد ناوی هەموو درەختەکان و تایبەتمەندیان بزانم، لە قوتابخانەی زێوێ بۆ یەکەمجار لە نزیکەوە کەوێڵی پڕ لە بەفر و ئاسۆی دووری بێ ڕەشاییم دی،

بۆ یەکەمجار حەیوانە کێویم بینی لەبەر دارماڵ بوونی چیا لە بەفر و ژێرکەوتنی خۆراکەکەی و نەمانی ڕەشایی پەنای دەهێنایە ناو گوند و، دانیشتوانیش سەگەلیان تێبەردەدا یان خۆیان دەیانکوشت. بۆ یەکەمجار لەوێ زگورتیەتی فێری برنج لێنانێکی پڕ لە کەموکوڕیی کردم، ئەگینا پێشتر نەمدەزانی برنج و ڕۆن چۆن دەکڕێت و، دۆشاوی تەماتە و خورما لە ماڵدا بۆچی باشن، تا ئێستایش لە کاروباری ماڵدا زۆر کۆڵم و گەلێک جار کە شوکری هاوسەرم کاری پیاوانەی ناو ماڵ دەکات من خەجاڵەتیی دەکێشم.

قۆناغی گەنجیی خاڵی نیە لە هەندێک یاخی بوون و سەرەڕۆیی و، گوێگرتن لە ترپەی دڵ و پەنابردنە بەر چێژە سێکسیەکان کە مافێکی ڕەوای هەر لاوێکە، بۆیە منیش خاڵی نیم لەو دەستەڵاتە بایالۆژییەی کە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵ کردنی خۆی نیە. زیاتر دڵدارییەکی هەرزەکارانەی ڕووکەش و، پەیوەندییەکی ڕێبوارانە کە زۆر کەم کاریگەریی بەجێ دێڵێت، دیارە پێچەوانەی ئەمەیشیان هەیە کە پەیوەندیەکی ڕەگاژووی قووڵەو هەندێک جار سەر بەرەو تراژیدیا دەکێشێت. من لە تەمەنێکی زوودا تووشی دڵداریەکی هەرزانەبووم، لەپڕێکدا ئەو کچەی خۆشم دەویست شووی بە خزمێکی خۆی کرد. ئیتر وەک کچ لەسەر زەوی بڕابێت کەوتمە گریان و خۆڕنینەوەو دەمگوت خۆم دەکوژم، دنیام لە خۆم کرد بە دۆزەخ. دایکم پێیزانیم و نەنکمی ئاگادار کرد، نەنکم هەندێک سەرکۆنەی کردم و پاشان پێی وتم: »کەرە، تۆ هێشتا منداڵیت، ئەمە یەکەمجارتە تووشی کاری

وادەبیت، لە ژیانی داهاتووتدا سەدان جاری تر گیرۆدەی پەیوەندی خۆشەویستی دێیت. بۆیە دەبێت وەک هوزار وابیت، بگەڕێ، لەکام باخدا گوڵی جوان و بۆن خۆشت بینی بەسەریەوە بنیشەرەوەو تێر بۆنی بکە، پاشان هەڵفڕەو بەدوای یەکێکی تردا بگەڕێ» ئەم ئامۆژگارییە تاڕادەیەکی زۆر هێوری کردمەوەو بۆ ئایندەیش بەسەقەتیی هەوڵی جێبەجێ کردنی کەمێکیم دا.

بەڵام بەگشتی من هەر عاشقێکی شەرمن و دۆڕاوبووم، ئەگەرچی مشتەری کچم زۆربوە، بەڵام نە توانیومە پەیوەندییەکە بە قووڵی ڕابگرم نە زمانی دڵداریم بەو شێوەیە زانیوە کە هاوڕێکانم فێری ببوون، بەڕاستیی زمانی دڵداریی پەیوەندی بە قۆزی و جوانیەوە کەمەو زیاتر شارەزایی و وەستایی دەوێت، من لە هەموو تەمەنمدا شاگردێکی دواکەوتووبووم و لەو وانەیەدا دەرنەچووم. زۆرجار بەرانبەرەکەم داوای لێ کردووم پەیوەندییەکە قووڵترو توندوتۆڵ بکەین، بەڵام هەمیشە ترسێکم تێدابووەو خۆم پاراستوە، یان بێبایەخانە تەماشام کردووەو تاقەتی خۆپێوە ماندوکردنیم نەبووە. یەکێک لەو کچانەو هەر لەو تەمەنەدا چەند جارێک داوای پیاسەی لێ کردم، من ملم نەداو گوتم نەوەکا یەکێک بمانبینێت، ئەو چەند وتی دەچین بۆ گەڕەکێکی دوور من نەچوومە ژێری. دیارە ئەمە پاشماوەی پەروەردەی خێزانی و کلتووری ئاینە. جێ ژوانیش ئەگەر زۆر تەریک و مسۆگەر نەبووبێت خۆم لێ نەداوە، ئەویش بە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر خێراوە، تەنانەت نامەگۆڕینەوەیشم زۆر لەوە کەمتربوو کە هاوڕێکانم دەیانکرد،

بۆیە بەردەوام لە نیوەی ڕێگادا یان من وازم دەهێنا یان ئەوان بەدوای سوارچاکێکی ئازادا دەگەڕان، کە دەستیان دەکەوت ئەوسا من لە حاڵی خۆم نیگەران دەبووم و تازە پەشیمانیش فریام نەدەکەوت.

- باسی یەکەم لەحزەی ئاشنابوونت بکە بە دنیای کتێب و خوێندنەوەو، پاشان ئەزموونە سەرەتاییەکانت لە بواری نووسیندا.

* ڕەنگە تەمەنم ١٢-١٣ ساڵان بووبێت کە بوومەتە دۆستی خوێندنەوە، بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی ئەوسا (ژین و هەتاو) لە مەتەڵ هەڵهێنانەوە بۆ خوێندنەوەی شیعر و نووسینەکانی تریان. لەو تەمەنەدا من تەنیا زمانی کوردیم دەزانی و حەزی زۆریشم لە خوێندنەوەی بوو. لە تەمەنی ١٥-١٦ ساڵیدا خۆیشم شیعرم دەنووسی، بەڵام تەنیا لەبەر خاتری کێش و سەرواکەی کە چێژی مۆسیقای پێ دەبەخشیم، ئەگینا لەو تەمەنەدا و بەو خوێندەواریە ناچیزەوە کەس لای ئێمە توانای نووسینی شیعری جوانی نیە، بەتایبەتی کە شیعر لە هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب گرانترە، چونکە مامەڵە کردنە لەگەڵ زمان و وێنەگەلێکدا کە لە واقعیدا نین و تۆ لەگەڵیاندا ڕانەهاتوویت، بەو مانایەی لەناو دنیایەکدا کار دەکەیت بنەما سەرەکیەکەی خوازراوە و، هاوکێشەکانی لەوە سەخت ترە بە ئاسانی دەرکی بکەیت. ئەو شیعرانەی لەو تەمەنەدا و دواتریش نووسیومن ئەوەندەی لاسایی کردنەوە بوون و چێژی خوێندنەوەی زۆری شیعری شاعیرانی کورد پێیان بەخشیبووم هیچ داهێنانێکی خۆمیان تیانەبوو، شیعری هەرزەکارانەی پڕ لە سۆز

و ئەوینی کچ و خۆشەویستی نیشتمان بەهەمان ئەو فۆرم و مانایانەی
لە شیعر و نووسینی تردا دەمخوێندەوە یان لە زمانی سیاسەتەوە گوێم
لێ دەبوو. شیعر لە زەینی ئەوسای مندا نە پرۆژە بوو نە کارێک وەک
ئەنجام بیکەم بە پیشە.
دەبێت ئەوەیش بڵێم کە بە خوێندنی گوڵستان و بۆستانی حافزی
شیرازی لای باپیرم و، خوێندنی هەندێک کتێبی سەرف و نەحوو
رەوانبێژی و لۆژیک و ئەدەب کە ئەوسا لە مزگەوتا دەخوێندرا و،
زۆربەی ئەو مامۆستایانەیش کە ئەو وانانەیان پێ دەوتم هاوڕێ و
دۆستی باپیرم بوون، لە زۆربەی ئەو زانستانەشدا شیعر باڵادەستە،
من شیعرم خۆشویست، تەنانەت پڕ کێشی ئەوەم کرد —دیارە لە
نەزانینەوە- شیعر بۆ گۆڤاری هەتاوی هەولێر و ژینی لای خۆمان و
شەفەقی کەرکووک بنێرم و زۆریان بڵاوببنەوە. کە ناوی خۆم بەچاپ
کراوی دەبینی تووشی گەشکە دەبووم و وام هەست دەکرد ئیتر دنیا
دەمناسێت. کە بۆ یەکەمجار چوومە قوتابخانەی سەرەتایی و لە پۆلی
پێنجەم وەرگیرام، بەدرێژایی هەردوو پۆلی پێنج و شەش مامۆستایەکی
بیرکاریمان هەبوو حەزی لە خوێندنەوەی کوردی بوو، وەک لە بیرم بێت
لە گرەوێکی گۆڤاری شەفەقدا کە لە کۆتایی ساڵی پەنجادا بۆ یەکەم
جار بۆ چیرۆکی کوردی سازیدا، ئەو بە چیرۆکێک بەشداری کرد، ئەو
مامۆستا کۆچ کردووە یادی بەخێربێت ناوی (مەحمود محەمەد ئەولێ)
بوو، کە زانی حەزی نووسینم هەیە زۆر هانیدام، تەنانەت جارێکیان
لە تاقیکردنەوەی مانگانەی وانەکەیدا کە من تیایدا لاواز بووم سی

و پێنج نمرەم هێنابوو، بەڕێکەوت لەو ڕۆژانەدا شیعرێکی بڵاوکراوەی منی خوێندبوەوە. هەر لە پۆلدا وەرەقەی تاقیکردنەوەکەی لێوەرگرتم و نمرەکەی بۆ کردم بە پەنجا.

هەر لەو ماوەیەدا خولیای شیعرەکانی عومەر خەیام لێی دابووم کە مامۆستا شێخ سەلامی شاعیر دیوانەکەی کردبوو بە کوردی، لەوانەیە سەدان جار ئەو دیوانەم خوێندبێتەوە و تا ئێستایش ئەو بەرگەم لایە کە شێخ سەلام بە خەتی خۆی پێشکەشی باپیرمی کردوە. بەتایبەتی شەیدای ئەو ڕۆحە یاخیەی خەیام بووم کە سەلام بە هەستێکی شاعیرانە و پاراستنی ئەو گیانە مەزنەوە شیعرەکانی کردبوە کوردی. خۆیشم بە پەیڕەویی لەو شیعرانە دواتر کۆمەڵێک چوارینەم نووسی و پیشانی مامۆستا ئەحمەد هەردیم دا و تائێستا هەرماون. کە وردە وردە عەرەبیەکەیشم پێی گرت ئیتر بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی جوبران خەلیل جوبران و مستەفا لوتفی مەنفەلوتیەوە سەرقاڵ بووم، لەلایەکەوە ڕۆمانسیەت و لەلاکەی ترەوە چێژیی ئەدەبیی کارەکانیان کە لەنێوان چیرۆک و زمانی شیعردا بوو، هەوڵی خوێندنەوە و بەهرەی نووسینیان تێدا زیاتر کردم.

ئەگەر وەڵامەکەم بۆ چەند پەیڤێک کورت بکەمەوە، دەڵێم من لەناو دۆخێکی شیعریدا منداڵی و مێردمنداڵیم بەسەربردوە. گەلێک شاعیر و نووسەر هاوڕێی باپیرم بوون و سەریان لە یەکترداوە و شیعریان بۆ یەکدی خوێندۆتەوە. لەوانە شێخ سەلام و قانیع و مامۆستا کەریم زەند و مەلا محەمەدی کوردی و نەجمەدین مەلا، وەک باپیرم خۆیشی باسی

دەکرد لە کۆماری مەهابادا کە خۆی بەشداریی تیاکردبوو هاوڕێی هەژاری شاعیر بووە، لەگەڵ قانیعدا شیعریان بۆ یەکتر نووسیوە و هەر لەناو شیعرەکەدا ناوی یەکیان بردووە کە من ئێستایش سەرەتاکانیم بیرماوە، لەگەڵ شێخ سەلامدا لەبەرچاوی خۆم لەسەر مانای شیعری فارسی بوەتە دەنگە دەنگیان تا ئەو ڕادەیەی کە هەریەکەیان بەوی تری وتوە زمانی فارسی نازانێت. چەندان جار ئاگاداربووم کە لەگەڵ نەجمەدین مەلادا شیعر و دیوانیان ڕاست کردۆتەوە. هەموو ئەمانە سەرچاوەی بەهرەیەک بوون بۆ گەڕان و دۆزینەوەی خۆم لە بوارێکدا، یان بەگشتی پەیبردن بە دنیایەک کە بەڕاستی پڕ بەپڕی خۆشەویستی و ئارەزووی خۆم بوو.

- تەمەن بێ ڕەحمانە دەڕوات و ڕەئووف بێگەرد هەروا بە بێگەردی ماوەتەوە، هێشتاش بە حەوسەڵەیەکی گەنجانەو خوێن گەرمانەوە لە ئەدەب و نووسین و وەرگێڕاندا کاردەکات، بەگشتی ئەدەب لای تۆ چییەو سەرچاوەی ئەم تواناو حەوسەڵەیەت لەکوێدایە؟

* کەسی بێگەرد لە ژیاندا نەبوەو نیە، گەرد بەمانا بارگاویە کۆمەڵایەتیەکەی کە تەنانەت کوشتنی مێرولەیەکیش دەگرێتەوە یان بە وجودهێنانی کەسانێک کە تەنیا بۆ چرکەساتێکی دامرکاندنی ئارەزوەکانت ژیانت پێ بەخشیون و بە واتاکەی (مەعەری) تاوانێکت کردوە کە لە باوکتەوە بۆت ماوەتەوەو، تۆ ئەوەندە هۆشیار نەبوویت دووبارەی نەکەیتەوە. بێگەردیی لای من تەنیا لە نازناوێکی ئەدەبیدا

خۆی دەبینێتەوە، وەک چۆن مەرج نیە ئەو کەسەی نازناوی بێکەسی هەیە لە ڕاستیدا کەسی نەبێت و، ئەوەیش کە خۆی ناوناوە بێزار هەمیشە وەڕز و بەژیان نامۆ بێت، بەڵام خودی بێگەرد بوون وەک زمان مانایەکی ڕێژەیی هەیە، هەمووکمان لە منداڵیدا بێگەردبووین، کەس بە تاوانباری نەهاتۆتە دنیاوە، بەڵام ژیان و هەلومەرجەکانیەتی کە هەندێکمان دەگەیەنێتە ڕادەی شەیتان و، هەیشە تاڕادەیەک بەپاکی و کەمە بێگەردیەک دەمێنێتەوە، کەس نیە لە ژیاندا هەڵەی نەکردبێت، بەڵام باشترینمان ئەو کەسەیە کە پەشیمان بوو‌بێتەوە و جارێکی تر نەچووبێتەوە سەر هەڵەکە، بەداخەوە ئەمە لای ئێمە کەمەو هەڵەکانمان، لە زۆر بواری ژیاندا، دووبارە و دە بارە دەبنەوە. من لە منداڵیشدا شەڕانی و هار و هاج و ڕق لە دڵ نەبووم، ڕاستە لەشەڕدا سەرم شکاوە و ڕەنگە سەری منداڵی ترم شکاندبێت، بەڵام شەڕو بەرگری کردنەکانم هەمیشە کاردانەوە بوون و لە خۆوە نەهاتوون. لە گەڕەک و کۆڵانەکەماندا تا ئێستایش ماون کە لەبەر خۆشەویستی من باوک و دایکیان بەناوی منەوە کوڕی خۆیان ناو ناوە، مانای وایە منداڵیەکی هێور و دۆستانەم بەڕێ کردووە، ئەم سیفەتەم بۆماوەیی باوکمە، باوکم لەم ڕووەوە گەلێک ڕەند و بێوەی بوو، هەرگیز شەڕم لێ نەدیوە.

بەڵام ئەوسا و ئێستایش لە ناهەقی کردندا، چ لە خۆم یان خەڵکانی دی، خۆم پێ نەگیراوە و تا سنووری مەترسیی بەرگریم کردوە و بەگژداچوومەتەوە.

ئەو بێگەردە ڕێژەییەی کە باسم کرد، دەشێت لە دەرەوەی خۆمدا هەڵبسەنگێنرێت و، بەپێی پێوانەکانی هەر کەسێکیش بگۆڕێت. من بەهەمووی قایلم. لە دیمەنی دزێوو هەڵوێستی نالەباردا ناتوانم هاوسەنگی خۆم ڕابگرم، جاری واهەبووە زیاد لە ڕادەی خۆی هەڵچووم، ئەمەیشیان بۆماوەی دایکمە کە یەکێک بوو لە کێشەکانی نێوان باوک و دایکم. دایکم کە ڕقی هەڵبسایە کۆی لە هیچ ترس و لەمپەرێک نەدەکردەوە، چەند جارێک لەسەر من پرچی ژنی لەنێو دەستیا لوول کردوەو خستوویەتە ژێر خۆی، ژنێکی بەتواناو هێزو جەستەیەکی پڕی هەبوو.

بۆ ئەوەش کە تا ئیستا بە حەوسەڵەی گەنجانەوە لە ئەدەبدا کاردەکەم، حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە لە ئەدەبدا گەنج و پیر نیە، ئەمە بەر لەمپەری فیزیکی ناکەوێت چونکە خودی کارەکە ڕۆحیە و، ڕۆحیش لە گەورەبووندا زیاتر گەشە دەکات و دەدرەوشێتەوە، لەبەرئەوەی پڕ دەبێت لە ئەزموون، لە گەورەبووندا چێژە ڕۆحییەکان باڵا دەکەن و بەخشندەتر دەبن. من ئەوەندەی ئێستا چێژ لە نووسین و خوێندنەوە وەردەگرم و هەست بەکاریگەریی و جوانیەکانی دەکەم، پێشتر وانەبووم. ئێستا دەزانم نووسین چ بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە کە پێشتر نەمزانیوە، بۆیە لەسەرخۆ و هۆشیارانەتر دەنووسم، بەداخەوەم، هەندێک نووسەری ئێمە لە لاویەتیدا چالاک بوون و دەشێت کاری جوانیان کردبێت، کەچی هەر ئەوەندەی گەیشتنە تەمەنی ٥٠ و ٦٠ ساڵی ئیتر وا دەزانن لە مەرگ نزیکن و دەبێت بەهرە و تواناکەیشیان هەر ڕوو لە مردن بێت. گارسیا مارکیز دەڵێت

لە دوای تەمەنی پەنجا ساڵیەوە نووسەر دەزانێت بەباشی بنووسێت، ساراماگۆیش دەڵێت لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا خەونەکانم پێگەیشتن. گەورە نووسەرانی ئێستای دنیا زۆربەیان لە تەمەنی شەست و حەفتا ساڵی و زیاتردان. بێجگە لەمە من وا دەزانم کە هەندێک نووسەری لای ئێمە هەیە تەنیا پشت بەو بەهرەیە دەبەستێت کە هەیەتی و ناتوانێت لە بەهرەی ڕووتەوە بچێتە ناو ئەزموونی ڕاستەقینەی ئەدەب و ڕووناکبیری و خۆپێگەیاندنەوە، یان با بڵێم عەشقی خۆپێگەیاندن و بەرەو پێشچوونی تیا نیە و دەستی بە کڵاوی بەهرەکەیەوە گرتوە و هیچی تر، تەمەنی داهێنانی ئەم کەسانە کەمە و زوویش دەکوژێتەوە. بەڕاستیی ئەوەی ئەدەب دەکاتە پرۆژە بۆ خۆی هیچ جیاوازیی لەگەڵ ئەو وەرزشکارەدا نیە کە هەموو ڕۆژێک چەند سەعاتێک پرۆڤە لەسەر ڕاکردن و ڕێژیم دەکات و بەردەوام ئارەقە دەڕێژێت بۆ هێشتنەوەی لیاقە و تواناکانی جەستە و فێربوونی هونەری نوێ، من ئەگەر ڕۆژێک نەخوێنمەوە وا هەست دەکەم هەنگاوێک ڕێگای دووری مردنم لە خۆم نزیکتر خستۆتەوە، ژیان بێ خوێندنەوە وەک ئەوە وایە لە ئەشکەوتێکدا بەتەنیا بژیت و تەنانەت بەردێکی سەبریشت دەست نەکەوێت سکاڵای خۆتی لا بکەیت. خوێندنەوە هەوڵی بەردەوامی و تازەبوونەوەیە، تازەبوونەوەیش ئامادەگییەکی ڕۆحیی نووسەرە بۆ بەزاندن و تێپەڕبوون و قایل نەبوون بەوەی کە هەیە. ئەمەیش سەنتەری گۆڕانی خۆتە لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بۆ کەسایەتیەکی ئامادەتر.

یەکێک لە هۆی مانەوەی حەوسەڵەی جارانم بۆ نووسین سەرەتا دەوڵەمەندەکەی خوێندنەوەی ساڵەکانی حەفتامە. لەو ساڵانەدا کۆمەڵێک بەرهەمم خوێندەوە لە ڕەگەوە هەژاندمیان و وەرچەرخانیان تیا دروست کردم. هەندێک نووسەرم ناسی پێیان وتم لەودیو خۆتەوە کەسانێک هەن لە ئێوە ناچن، داهێنانێک بوونی هەیە کە یان دەبێت لێی ڕابکەیت و وازبێنیت یان -ئەگەر سەرکێش بیت- خۆت فڕێ بدەیتە گەرداوەکەیەوە، ئیدی یان دەخنکێیت یان ئەگەرێکە خۆت نازانیت چارەنووست بەچی دەگات، من ئەمەیانم هەڵبژارد، زۆر بەگەرمی کەوتمە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کافکا و کامۆ و دۆستۆیفسکی و سارتەر، ڕەنگە کتێب بوێرم نەکردبن و ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەش کە لەسەریان نووسراوە ئەگەر بەردەستم کەوتبن خوێندومنەتەوە، ئاشنایەتیم لەگەڵ دنیا کابووسیەکەی کافکا و ڕۆحە پەژموردەکانی دۆستۆیفسکی و ئازادیە خودیەکەی سارتەردا زیاتر پەیدا کرد. ڕۆمانی -ئەلغەریب-ی کامۆ کە لە ڕێگای -مێرسۆوە- دیدی فەلسەفەی بێهوودەیی ڕۆدەنێت یەکێک بوو لە بەرهەمە کاریگەرەکانی سەر گۆڕینی بیری من، هەر لەو ماوەیەدا کتێبێکی تری کامۆ -ئەفسانەی سیزیف-م خوێندەوە و زیاتر لەو فەلسەفەیە تێگەیشتم، ئەو کتێبە تیۆریزەیەکە بۆ فەلسەفەی بێهوودەیی کە -سیزیف-ی مەحکوم بە فەرمانێکی خودایی بەزۆر بەسەردا سەپێنراو کە هیچ مانایەکی نیە پراکتیزەی دەکات. لە پاڵ ئەم بەرهەمانەدا دیوار و هێڵنجەکەی سارتەر و دۆزەخەکەی هینری باربۆس ئەوەندەی دی

منیان بە ژیان و چەمکەکانی ئاشنا کرد و، ڕەوتی باوەڕ و نوسینیان گۆڕیم، ئەگەر تەماشای کۆمەڵە چیرۆکی -بوار- بکەیت کە یەکەم بەرهەممەو ساڵی ١٩٧٧ بڵاوبوەتەوە هەندێک لەو سیماو درەوشانەوانە دەبینیت. یەکێکی تر لەو کتێبانە -ڕیالیزمی بێ کەناری- روجیە گارۆدی بوو کە بەدیدێکی زۆر تازەوە قسە لەسەر کافکاو سان جۆن بێرس و پێکاسۆ دەکات و، واقیعیەت تەنیا لەو قوتابخانە ئایدۆلۆژیەدا قۆرخ ناکات کە مارکسیەکان ناوی-ڕیالیزمی سوشیالیستی-یان لێنابوو (لە بیرمان نەچێت لەو کاتەدا گارۆدی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بوو، ئەراگۆنی شاعیریش کە پێشەکی بۆ نوسیبوو هەر ئەندامی لیژنەی مەرکەزی هەمان پارت بوو)، ئەوسا بەناوی ئەدەبی سەرمایەداری و بۆرژواوە گەلێک ڕەخنە لەو شاعیر و هونەرمەندانە دەگیرا، بەتایبەتی کافکا کە بەرهەمەکانی قەدەغە کران گوایە ئەدەبی نائومێدی و ڕسوان و مرۆڤ لە خەباتی چینایەتی دوور دەخەنەوە.. گارۆدی بە پێچەوانەوە ڕیالیزمێکی هونەری هێنایە کایەوە دوور لە ڕەنگدانەوە ئایدۆلۆژیە کۆنکریتییەکانی پارتی کۆمۆنیست کە خۆی بە تاقە کەناڵی ڕەخنەگرانەی ئەدەب و هونەر دەزانی و ئەو نووسەرەی پەیڕەویی لەو بۆچوونە نەکردایە یان دەخرایە پەراوێزەوە یان بەتەواوی ئەفەرۆز دەکرا. هەر لەو ساڵانەدا ئەم دیاردەیە لە کوردستانیشدا ڕەنگی دابوەوە، ئێمە بەناوی ئەدەبی نهلیستی و پووچگەرایی و بوونگەراییەوە لای هەندێک لەو دۆگمایانەوە تاوانبار دەکراین، گوایە ئەمانە سەر بە میعرفەی بۆرژوان و بۆ کۆمەڵگای ئێمە

دەست نادەن، بەڵام ئەوان زوو هەواریان پێچایەوەو ئێمە هەر هەین.
سەرچاوەی حەوسەڵە و مانەوەی ئێستام لەو شاکارانەوەیە کە تا
ژیان بمێنێت ئەو کارانە بە نەمری دەمێننەوە. بێگومان نەمویستووە
ناوی هەموو ئەو کتێب و نووسەرانە بهێنم کە کاریان لە بیر و چێژ و
زمانی ئەدەبیم کردوە و گیانیان بۆ وزە و توانای بەردەوامبوون ئامادە
کردووم، چونکە زۆر لەوە زیاترن کە ناوی هەندێکیانم هێناوە.

- کێ نازناوی بێگەردی پێ بەخشیت (ئەدەب یا عەشق)؟
* کۆتایی ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابوردوو چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک
لە باشووری کوردستاندا دەردەچوون کە بەڕاستیی جێگەیان لە هەست
و دەروونی خەڵکیدا زۆر دیار بوو، وەک ڕۆژنامەی ژین لە سلێمانی،
گۆڤاری هەتاو لە هەولێر، هیوا لە بەغدا، گۆڤاری شەفەق لە کەرکووک.
من لەو سەرەتایەمدا بەرهەمی شیعریم زیاتر بۆ گۆڤاری هەتاو دەنارد
چونکە هەر بەفەرمی بەشداری گۆڤارەکە بووین و ئابوونەی ساڵانەمان
دەدا، بێجگە لەوە مامۆستا گیوی موکریانی کە بەڕێوەبەری چاپخانەی
کوردستان و گۆڤارەکە بوو هاوڕێی باپیرم بوو کە هەر لە هەتاودا
شیعری ئەویشی بڵاودەکردەوە، جارێکیش چوومەتە چاپخانەکەی
مامۆستا گیو زۆر بەتەنگ کوردی نووسینەوە بوو، بەتایبەتی زمانی
کوردی پەتی. بۆیە جارێک لە گۆڤارەکەیدا بانگەوازێکی بڵاوکردەوە کە
هەر نووسەرێک نازناوی کوردی نەبێت ئەو بەرهەمی بۆ بڵاوناکاتەوە.
منیش لای خۆمەوە و بێ هیچ مەبەستێکی دی نازناوی -بێگەرد- م

بۆ خۆم هەڵبژارد، هەرچەندە دوای بڵاوبوونەوەی نازناوەکە هەندێک هاوڕێم پێیان وتم ئەوە ناوێکی کچانەیە، بەڵام من تازە بڕیاری خۆم دابوو، بۆیە هەروا مایەوە و تا ئێستایش لە کچێنی خۆی نەکەوتووە.

- پێچەوانەی زۆرێک لە هاوجیل و هاوتەمەنەکانت تۆ تا ئێستایش هاندەرێکی باشی دەنگە ئەدەبییەکانی گەنجانیت، پێتوایە ئایندەی ئەو دەنگانە بەکوێ و بەچی دەگات؟

* وەک لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا وتم، نەوەی ئێمە نەوەیەکی نەگبەتی بێ مامۆستا بوو. کەسێک نەبوو بەجیدی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ، چ لە ئەدەب و سیاسەتدا بێت، یان لە ژیاندا بەگشتی، چاودێریمان بکات و ڕابەرمان بێت. من کە ئێستا بیر لەو کاتانە دەکەمەوە ڕادەچەنم، بێگومانم ئەگەر ئەو فریاد ڕەسەمان هەبوایە ئێستا ڕادەی بیرکردنەوە و داهێنانی لەوە جوانتر و درەوشاوەترمان دەبوو کە شەرم لە ناوهێنانیان نەکەین. بۆیە ئەمە لای من وەک گرێی ئۆدیبی لێ هاتووە، ئێمە هەموومان پێویستمان بە ئەزموون و چاوساغیی خەڵکی تر هەیە، بەتایبەتی لەکاری ئەدەب و ڕوناکبیریدا بەردەوام قوتابین، چونکە لەناو گەلێکی دوور لە شارستانی و ژیاریدا ڕسکاوین و، خێزان و دەوروبەریشمان زەمینەیەکی هێند دەوڵەمەندی فیکری و هونەری بۆ نەڕەخساندوین کە لە پشتمانەوە وەستابێت و لە گەورەییدا فریامان بکەوێت. ئێمە ئەزموونێکی خاکیمان لەو بوارەدا هەیە، بۆیە دڵنیام ئەوەی کە نەوەی ئێمە نەیتوانیوە بیکات،

نەوەی داهاتوو، لەناو ئەم هەلومەرجە ڕەخساوە جیهانگیریەدا توانای بەزاندنی واقیع و ئەو ڕابوردوەیان هەیە. من کە نووسەرێکی لاو ببینم وەک نەوەی ئێمە چیرۆک بنووسێت پڕ بەدڵ پێم ناخۆشە، دەبێت دیدی دنیابینی و هونەری نووسین لای ئەو لاوە گەورە و ناوازەتر بێت لە ئێمە، لەبەرئەوەی هەلومەرجەکانی جیاوازن و دنیای بەیەکگەیشتن و پەیوەندیەکان فرە ڕەهەند و هەراون، ئەگەر ئەوسا ئێمە لە گوندێکدا ژیابین ئێستا ئەوان لە شارێکی پڕ لە ساختمان و کارگە و پەیوەندیدا دەژین و، بەهۆی میدیاکانیشەوە دنیایان لەبەردەستدایە. بەڕاستیی دەیڵێم من هەمیشە ئەو دەنگە تازانەم خۆشدەوێت کە گیانی سەردەمیان تیایە و دەنگی تایبەتی خۆیان هەیە و کۆپی کەسی تر نین، ئەوەی لە دەنگی نوێ دەترسێت گیرۆدەی خۆپەرستیە و بەتاڵبوونەوەیەتی لە بەها جوانەکان. ئەگینا ئەمە سونەتی ژیانە و کەس توانای ڕێپێگرتنی نیە. تاقە قسەیشم بۆ لاوەکان ئەوەیە کە کاری خۆیان بکەن و پەلەقاژەی دەرکەوتن و ناوبانگیان نەبێت، بە بەرهەمێک و دوان، بە خەڵات و پیاهەڵدانێک نەخڵەتێن و تووشی خۆپەسەندی و نەرجسیەت نەبن. داهێنەرەکانی دنیا خاکین و کە بەرەوڕوو باسیان دەکرێت شەرم دەیانگرێت. بە چیخۆفیان وت لە ڕیزبەندکردنی نووسەرانی ڕووسیادا تۆ ژمارە چەندیت، وتی لەدوای هەزارەوە. لاو دەبێت کەم بنوسێت و زۆر بخوێنێتەوە بۆئەوەی لەڕێی خوێندنەوەوە بزانێت ئێمە چەند لەدوای خەڵکانی ترەوەین. خوێندنەوەی زۆر واتا خۆ ئامادەکردن بۆ ئاینده و، ناسینی بەهرە جوان و دەگمەنەکانی دنیا، بەتایبەتی دنیای

ئەدەب، لە ئەدەبدا مەحاڵ نامێنێت، دەست بۆ هەموو پشکۆیەک دەبرێت و تابۆ نارەواکانی ئاین و سیاسەت دەخرێنە سەر تەنافی ڕسواکردن، بۆیە نووسەران هەمیشە جوامێر و ئاسوودە ژیانیان دەگوزەرێنن، مەبەستم ژیانی ناوەوەو گیانی لەخۆبووردەیی و نەبوونی خەمە شەخسی و مادیەکانە. سروشتی خودی ئەدەبیش هەروایە. پول ئاستەر دەڵێت: ئەدەب تاقە جێگایەکە لە دنیادا کە دوو کەسی غەریب تیایدا پێکدەگەن، بۆ ئەوەی بەڕاشکاوی لەسەر مەسەلە جیدیەکان بدوێن و هەست بەوە بکەن کە شوناسی هاوبەشی مرۆڤایەتی لەوێدا کۆی کردوونەتەوە.

- ناخۆشترین شت کە لە کاتی چیرۆکنووسیندا تووشی دێیت؟ حسەین عارف و نووسەری میسری خەیری شەرابی دەڵێن مەرەکەب نەمان لە قەڵەم پاندان‌دا. ئەمەی دواییان لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا دەیوت من پێش نووسین دوانزە سیانزە قەڵەم پاندان پڕدەکەم لە مەرەکەب.

* کاتی نووسینی چیرۆک کاتێکی زۆر ئاوارتەیە، هەر لە کاتی دەرچوونی کەشتیەکی فەزایی دەچێت لە بنکەیەکی ئاسمانیەوە. بەتایبەتی لای ئەوانەی سازیان کردووەو دڵی ماندووبوون و سەرکەوتن و شکستهێنانیان لەسەر سەد لێدەدا. کاتێکی زۆر بە ژاروژەنگە. نووسەر لەو ڕاوچیە دەچێت کە بە سەعات لەناو قوڕو بەر سەرمای ناو حەشاردا خۆی مت دەکات تا نێچیرێکی بۆ دەردەکەوێت، کەمترین جووڵەو بچووکترین چرکە ڕاوەکەی لێ تێکدەدات، بۆیە گومانی لە

ترپەی دڵ و هەناسەی خۆیشی هەیە. لەبەرئەمە کوژانەوەی گڵۆپێک، وەستانی قەڵەمەکەت، دەنگێک، هۆڕینی ماشێنێک، گریانی منداڵێک و بانگی مزگەوتێکی نزیک شیرازەی بیرکردنەوەت دەپچڕێت و دەتکاتەوە بەو مرۆڤە ئاساییە ساردو سڕەی کە مەستی و گەرماییت تیا کوژراوە، بێدەنگی بەلای منەوە خەیاڵی ئەفسوناوی بەرهەم دێنێت و وزەی داهێنانت سەردەخات. بۆ من ناخۆشترین شت شکاندنی ئەو بێدەنگییەیە. مارسیل برۆست کە باس لە حاڵەتی نووسین و بێدەنگی دەکات دەڵێت کون و کەلەبەری ژوورو دەرگاو پەنجەرەیش بە فلین دەئاخنم تا گوێم لە جریوەی چۆلەکەیش نەبێت. بەلای منەوە بێدەنگی بۆ نووسەر ڕاوچییەکی وریایەو هەموو خەیاڵە سرک و نامۆکان دەستەمۆ دەکات.

- زۆر جار باسی دۆستۆیفسکی دەکەیت و ڕۆمانی تاوان و سزاکەیشت کردووە بە کوردی، تۆ نەمریی ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

* نازانم قسەی کێیە بەڵام بڕوام پێیەتی کە دەڵێت سەدەی نۆزدە سێ بلیمەتی گەورەی خستۆتەوە کە مارکس و دۆستۆیفسکی و فرۆیدە.

لای من دۆستۆیفسکی لەسەرووی ئەوەوەیە تەنیا ناوی ڕۆماننووسی لێبنێیت، بەڵکو بیرمەندێکی گەورەیشە. من نووسەری وا بلیمەتم لە بواری ڕۆماننووسیدا نەدیوە کە بتوانێت بەو ڕادە زۆرە کارا بێت لە خوێندنەوەو شیکردنەوەو توێکاری ناوەوەی کەسایەتیەکانی و

تەقاندنەوەی ئەو خەم و حەسرەت و گینگلانەی ئەگەر نووسەرێکی وەک ئەو نەبێت کەسی تر ناتوانێت پێیان بدرکێنێت. نەک پاڵەوانە سەرەکیەکان تەنانەت لاوەکیەکانیش، ئەوانەی لە پشت کەوالیسی شانۆوەن ئەوانیش حیکایەتی پڕ لە ژاروژەنگی خۆیان هەیەو لە هەلومەرجی ڕەخساودا دێنە گۆ، بۆیە ڕۆمانی دۆستۆیفسکی ڕۆمانی کەسایەتیە دەگمەنەکانە، کێ هەیە سمیردیاکۆف و راسکولنیکۆف و مارمیلادۆف و ئەلیوشاو ئالنائیڤانوڤناو قەشە زۆسیماو سۆنیاو بوشکین نەناسێت و زوو زوو یادیان نەکاتەوە؟ سەرجەمی پاڵەوانەکانی و ڕەهەندی فیکریان لە جیهان بینیە کەم نموونەکەی نووسەرەوە بەرجەستە دەکرێن. دۆستویفسکی لەبەردەم لێکدانەوەدا هەمیشە یاخیەکی ڕام نەکراوە. لە هەندێ جێگاداو لەڕێی بەدەنگهێنانی کەسەکانیەوە زاهیدێکی خەڵوەتکێش و مەسیحیەکی ئینجیل پەرستە، کەچی لە شوێنی تردا گومڕایەکی دوور لە باوەڕو ئاینە. ئەو وەک هەندێک ڕۆماننووسی تر وابەستەی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو نیە کە پاڵەوانەکانی بکاتە دۆگماو ڕەوشیان قۆرخ بکات. کەسەکان بەرئەنجامی نەزعەی ئینسانی خۆیانن و هەندێک جار سەراسیمەی ئەوەن کە فلانە ڕەفتاریان بۆ کردووە، یان تەواو شارەزای ئەوەن کە فلانە کار دروست نیەو بەرئەنجامەکەی خراپە کەچی دەیکەن، ئیتر یان لەبەر ئەو نەزعەیەیە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا بۆیان ڕەخساوە یان بە پاساوێک کە بەردەوام لەبەردەم دوودڵیدا ڕایان دەگرێت. ئەو کەسەی بە وردی ڕۆمانی دۆستویفسکی بخوێنێتەوەو

هەڵوێستی کەسەکانی لە بارودۆخی تایبەتیدا هەڵبسەنگێنێت بێگومان دوای کۆتایی هاتنی خوێندنەوەکەی تا دایدەگرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر نایەتەوە سەر خۆی. دۆستۆیفسکی لە سیبریادا وەک ئینجیلی خوێندۆتەوە قورئان و بەرهەمەکانی هیگڵیشی خوێندۆتەوە.بۆیە لات سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئەو چیرۆکنووس و ڕۆمان نووسەی بەردەوام دۆستۆیفسکی نەخوێنێتەوە، لە نهێنی و ختووره ترسناکەکانی ناوەوەی مرۆڤ تێناگات و خوێندنەوەکانی بۆ سەرجەمی ژیان شلوێ دەبێت.

- هەندێک یان چەند چیرۆکێکت خوێندبێتەوەو لە یادت نەچووبنەوە.

* کارێکی ئەستەمە ناوی ئەو هەموو چیرۆکانە بهێنم، بەڵام تیایاندا هەیە نزیکەی ١٥-٢٠ ساڵ و ڕەنگە زیاتریش بێت خوێندومنەتەوەو تا ئێستا زۆرجار لە کاتی بیرکردنەوەو ڕاماندا دەکەونەوە گەمەی چاوشارکێ لەگەڵ یادەوەریەکانمدا. هەندێک جار کەسایەتی یان بابەتەکان دەبنە میوانە ڕەندەکانی سەرمێزو دەمەتەقێی گەرمی ئەدەبی. من زۆر چیرۆکی چیخۆفم لەیادە بەتایبەتی خانم و سەگەکەی، کەمانچەی ڕۆچێڵد، مەرگی کارمەندێک، عەرەبانچی، هۆڵی ژمارە شەش و لە ڕێگاداو هی تریش. هەروەها چیرۆکی (بارانی) گریس ئوکیتو (سەگی بەرەڵای) سادیقی هیدایەت و (تابلۆ نادیارەکانی) ستیڤان زفایج (چارەنووسی ئەندرێ مۆروا) و (گورگ)ی سیلیسا سافیتش و (زمانی ئای ئای) یوسف ئیدریس و (شەهیدەکان لەم هەفتەیەدا دەگەڕێنەوە)ی تاهیر وەتار، (ڕوویەکی تر)ی فوئاد تەکەرلی و (ارجوحە) و (تقاسیم علی

وتر الربابه) و (تاج لطيبوسة)ی محەمەد خزەیرو (ماتبقى لكم) و (رجال فى الشمس)ی غەسان کەنەفانی و (زوليخا البعد يقترب)ی جەلیل قەیسی و( ئەندێشەی کچێکی قەموور)ی لویجی براندیلو و (ژێرزەمینی پیاز) ی گۆنتەرگراس و گەلێکی دی.

- ڕۆماننووسێک یان چیرۆکنووسێکی تایبەتی هەیە کاریگەرییەکی دیاری بەسەرتەوە بەجێهێشبێت؟ بۆ نموونە یەشار کەمال دەڵێت من تا ئێستایش بۆئەوەی وزەو توانا بۆ ڕۆماننووسین بخەمە بەرخۆم (سوورو ڕەش)ی ستانداڵ دەخوێنمەوە. ئەگەر نووسەرێکی ئاوا لە ژیانتا هەبێت لەبەر چی؟

*کلتووری مرۆڤایەتی لەسەر هەموو ئاستەکانی چالاکی و داهێنان کلتوورێکی هاوبەشە، چونکە دواجار باس لە ژیان و خەون و خولیاکانی مرۆڤ و هەستە ئینسانیە مەزنەکانە. ئەوەی لە یۆنانی پێش دوو هەزارو پێنج سەد ساڵەوە کراوە تا ئێستا کاریگەریی لەسەر سەرجەم بیری مرۆڤایەتی هەیە. بلیمەتی و هەڵکەوتوویی سەدەیەکی ئەوسا کە مەزنترین فەیلەسووف و بیرمەندو نووسەری خستۆتەوە لە ئاوارتە (استثناء) دەچێت نەک ڕێسا. بۆیە تا ئێستایش بە زیندوویی ماوەتەوەو سەرچاوەی بێ ئەندازە بەپیتی بیرو داهێنانە. دیارە بە جیاوازیی شێوازو جوانکاریەوە. ئەوەی ئێمە کۆدەکاتەوە بابەت و مەسەلەکانن و ئەوەیش جیامان دەکاتەوە شێوازی وتنە کە لە زمان و تەکنیک و وێنەو فانتازیادا خۆی بەرجەستە دەکات. ئەگەر ئێمە

نەتوانین لە بیرو ئەندێشەکانی پێش خۆمان کەڵک وەربگرین دەبینە سواڵەتی شکاو. ئەگەر هەر تەقلیدی ڕووتیشی بکەین ئەوا یەکسان دەبین بە هیچ، دەبێت ئێمە ئەگەر بتوانین و بەهرەیەکی خاکیمان هەبێت دەنگێکی تایبەتی بین بۆ گەیاندنی پەیامەکەمان. من تەنیا قەرزاری ڕۆحە ئینسانیەکەی هەندێک نووسەری گەورەم، بەڵام لە دواییدا تۆ خاوەن شێوازی خوتیت بۆ بەرجەستەکردنی هەستێکی دی. بۆ نموونە من چیخۆفم لە دوو سەرەوە زۆر خۆش دەوێت. وەک خۆی، واتا وەک مرۆڤێکی ئاسایی کە کۆمەڵێک پێکهاتەیەو وەک ئێمە دەخوات و دەژی و دەمرێ، بەڵام ژیانێکی شاعیرانە دەژی، واتا خودی ژیانەکەیشی هەر شیعرە، دوور لە ڕق و دەمارگیری و چاوچنۆکی و فیزو خۆپەرستی و زیان گەیاندن بە خەڵکی دی. دووەم وەک داهێنانەکانی کە توانیویەتی پەیامە مرۆڤایەتیەکەی بە دەنگی خۆی بڵێت و لەناو دەنگی تردا نە خەفە بێتو نە یەکسان بێت بەوانی دی. هەروەها کۆمەڵێکی زۆری تری نووسەر هەن کە لای من خۆشەویستن، هەریەکەیان لە دیدێکەوە کە ناتوانم ناوی هەموویان بهێنم، بەڵام بە تەئکید کازانتزاکیس و هێرمان هیسەو کۆندیراو مارکیزو دۆستۆیفسکیان تیایە. من هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە وەک ئەوان بنووسم، ئەگەرچی سەدان جار خۆزگەم پێ خواستبن، زۆر حەزم بە مامەڵەی دۆستۆیفسکیە لە هەڵکۆڵینی ناخی پاڵەواندا کە زیاتر زانایەکی داهێنەری سایکۆلۆژیە. بەڵام کێ دەتوانێت بگاتە ئەو خودا -شەیتانەی کە دۆستوفسکیە و هەموو ناخود ئاگاییەکانی مرۆڤ بە وردبینەکەی پیشان بدات. مادام بۆڤاری

و کڵۆڵەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ گەلێک کاریان لەسەر ویژدان و هەستم کردووە. هەرگیز ڕۆمانی ژیانەوەی تولستۆی و (عقب الحدیدیە)ی جاک لندن و (لمن یقرع الاجراس و شێخ و بەحر)ی هەمەنگوای و (للحب وقت للموت وقت)ی ریمارک و (عناقید الغضب)ی جان شتاین بیگ و (زۆربا)ی کازانتزاکیس و (گەمەی مورووە شوشەییەکانی) هیرمان هیسەو (الوضع البشري)ی ئەندرێ مالرۆو (مەسخ)ی کافکاو (الحب فی زمن الکولیرا)ی مارکیزو (سورو ڕەش)ی ستاندالٚ و (شوخی) کوندیراو (سەعاتی بیست و پێنج)ی کونستانتتان جیۆرجیۆ و (جیهان لە ١٩٨٤)ی جۆرج ئۆریل و دەیان ڕۆمانی تر کە ئەگەر ناویان بهێنم زۆر داگیر دەکەن و هەرگیز لەیادیان ناکەم. ڕاستە ئەمانە بۆکاتی خۆی و هەندێکیان تا ئێستایش وزە بە ڕۆحی نووسەر دەدەن و عەشقی بەردەوامبوون و نەمریت زیاتر تیا خەست دەکەنەوە، بەلاٚم وەک ئەنجام هەر نوسەرێک دەبێت خاوەنی دەنگ و شێوازی تایبەتی خۆی بێت کە ئەمەیان کەسایەتیە ئەدەبیە ڕاستەقینەکەیەتی.

- چ کاتێک دەنووسیت؟ یان کاتێکی دیاریکراوت هەیە بۆ نووسین، کاتی ڕۆژانە یان کاتی سالاٚنە، بۆ نموونە گابریل مارکیز لە ئەزموونی ڕۆمان نووسینی خۆیدا دەڵێت: من لە کاتژمێری نۆیی بەیانیەوە دەنووسم تا سەعات سێی ئێوارە بەرهەمەکانم تایپ دەکەم، یان ئەگەر بە هەڵە نەچووبم نەجیب مەحفوز دەڵێت: من شەش مانگ دەنووسم و شەش مانگ پشوو دەدەم.

* کاتی دیاریکراوم بۆ نووسین نیە. نووسین حەزێکی بەئازارە. دێت و لە خۆتت دادەبڕێت و دەیشزانیت ڕوو لە توناوتون و ساردی و گەرمی و ئازارو تەنانەت شکستیشە. چونکە زۆر جار ڕوویداوە دوای چەند ڕەشنووس و تەنانەت پاکنووس کردنیش هەموویان بوونەتە میوانی سەبەتەی خاشاک. بڕوام بە ئیلهامیش نیە، کە میزاجم تەواو بێت (نایشزانم ئەو میزاج تەواویە کەی و لە کوێوە دێت). نووسین خۆی بڕیار دەدات و منیش خۆم دەدەمە دەستی و نازانم دوا قۆناغم کوێیە. زۆرجار ڕەشنووس لە پاکنووس ناچێت یان گەلێک جیاوازە. باشترین کاتی خوێندنەوەو نووسینم دوای نیوەی شەوە تا بەرەبەیان. کە دنیا تەواو کڕ دەبێت و جریوەی چۆلەکەیش نایەت. بێگومان، وەک پێشتر وتم، نزیکەی بیست ساڵێکە نووسین و خوێندنەوە ئەم کاتەیان داومەتێ. بۆیە ئەوەی لە ژوورەکەمدا بخەوێت هەر لە ئێوارەوە پێی دەڵێم من شەو هەڵدەستم و گڵۆپەکان دادەگیرسێنم، ئەوانەی بە ڕووناکی خەویان لێناکەوێت یان دەبێت هەڵبێن یان بە درێژایی دانیشتنەکەم لەناو جێگادا هەر ئاخو ئۆفیان بێت و منیش بەزەییم پیایاندا نایەتەوە. من ئەم کاتی کڕی و بێدەنگییەم زیاتر بۆ خوێندنەوەیە، بەڵام نووسین بەتایبەتی دەقی داهێنان نازانم کەی سەرم لێدەدات و چۆن پێشوازی لێدەکەم. زیاتریش لە ژوورە تایبەتیەکەی خۆمدا دەنووسم کە بێجگە لە کتێبخانە گەورەکەم سەر مێز و زەویەکەیشی هەر کتێبە.

- تا ئێستا حەوت کۆمەڵە چیرۆکت چاپ کردووە، هۆی نەنووسینی ڕۆمان لای تۆ چییە؟

* ئەم پرسیارە لای ئێمە زۆر دووبارە دەبێتەوە. لای خەڵکانی دی ژانرە ئەدەبیەکانی تر سەنگ و گرنگی خۆیان هەیەو لە ڕۆمان کەمتر نین، ڕەنگە لە ژیانی خوێندنەوەی هەریەکێکماندا چەندان چیرۆکی کورت یان شیعر هەبێت زیاد لە هەندێک ڕۆمان کاریگەریی تیا دانابین. ئەگەر تۆزێک بچووکیشی بکەینەوە وەک بۆرخیس دەڵێت ڕۆمانیش چەند چیرۆکێکەو لێکدراوە. بەهەرحاڵ مەرج نیە ئەوەی چیرۆکی کورت بنووسێت بیەوێت یان بتوانێت ڕۆمانیش بنووسێت، گەلێک کورتە چیرۆکنووسی گەورە هەن ئاوڕیان لە نوسینی ڕۆمان نەداوەتەوەو خۆزگەیشیان بە ڕۆماننووسی نەخواستووە. بۆ نموونە چیخۆف و بورخیس و ئالان پۆو ریموند کارڤەر، لە نووسەرە عەرەبەکانی عیراقیش محەمەد خزەیرو جەلیل قەیسی لە ناوە هەرە دیارەکانی چیرۆکی کورتن. وا ئەزانم ئەوەندەی ناوی محەمەد خزەیر لە بواری داهێنانی کورتە چیرۆکدا دێت هەرگیز ناوی ڕۆماننووسە عیراقیەکان نایەت.

بێجگە لە هەموو ئەمانە من نوسینی ڕۆمان بەکاری سەخت دەزانم. هەموو ئەوانەی ڕۆمانی جوانیان نوسیوە تایبەتمەندییەکی فیکری و ڕووناکبیری و تا ڕادەیەک بلیمەتیان تیایە. کات و شوێن یارمەتی داون و باری دەروونی و هەلومەرجە تایبەتیەکانی نووسینی درێژیان بۆ فەراهەم هاتووە. بەلای منەوە ڕۆمان کۆی کۆمەڵێک مەعریفەیە لە کتێبێکدا، ڕۆماننووس شارەزایەکی چاکی بواری کۆمەڵناسی و سوسیولۆژی و

سایکۆلۆژیەو، لە پاڵ هەموو ئەمانەیشدا وردبین و هونەرمەندە. ئەگەر ئەمانەی تیانەبێت ناتوانێت ڕاوی هەڵوێست و ڕەفتارە هەرە حەساس و خەونە دەگمەنەکانی مرۆڤ بکات. نە دەتوانێت ناخی کەسەکانی بە دروستی بخوێنێتەوەو نە دیدگایەکی روناکی دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. کولن وڵسن بۆ نووسینی ڕۆمانی (ئەلحالم) چەندان کتێبی لەسەر تاوان خوێندەوەو چەندان جار سەردانی بەندیخانەو لای شێتەکانی کرد، کەسانی ڕۆمان خاوەنی ڕەهەندی فیکری جیاوازو قووڵی خۆیانن و هەریەکەیان چیرۆکێکن بۆ خۆیان. گاڵتە نیە ڕۆمان نووسە گەورەکان بە ١٠-١٥ ساڵ ڕۆمانێک دەنوسن.

کەسایەتیە زۆرەکانی ڕۆمان دەشێت هەریەکەو پەیام و حیکمەتێکی ژیان بگەیەنێت و ڕۆماننووسیش بێلایەن بێت تیایدا. ئەم بێلایەنیە لە خۆیدا گێڕانەوەو بەرخوردو کێشەکانی ناو ڕۆمانەکە دروست دەکەن، چونکە خودی کارەکە هەڵگری ململانێیە لەسەر ئاستی تاک یان چین و ئایدۆلۆژیاو سروشت و هەر چالاکیەکی تری ئینسانی. بێجگە لەوەی زمانی ڕۆمان کە زمانی پەخشانە بارگاویە بە لۆژیک و ڕەهەندی ڕاوبۆچوونی جیاواز. هەموو هاوسەنگیەکی ئەم چەمکانە لەسەر شارەزایی و سەرکردایەتیکی هۆشیارانەی ڕۆمان نووسە. ئەگەر یەکێک تواناى سەرکردایەتی نەبێت با لەشکرێک بەکوشت نەدات. ئەمە ماراسۆنێکە زەحمەتە بە تاکە قاچێکەوە ئێمە بتوانین بگەینە ڕیزی ڕۆمانی میللەتانی پێشکەوتوو، بۆیە گاڵتەم بەوانە دێت کە دەڵێن ڕۆمانی کوردی لە ڕۆمانی بێگانە کەمتر نیە.

- چیرۆکی وات نووسیوە حەزت دەکرد بڵاوت نەکردایەتەوە؟

* بێگومان. ئێمە نەوەیەکی هەڵەشەو بێ زەمینەیەکی باشی ڕووناکبیری بووین. سەرەتا سۆزە هەرزەکاریەکانی خۆمان کرد بە شیعرو چیرۆک و پەخشانی بڵێسەدارو سوتێنەر. کە کەوتینە دنیای سیاسەتەوە، زۆر بە داخەوە، پارتەکانمان بێجگە لە دروشم بازی چی تریان فێرنەکردین. واتا دوور لە بیرکردنەوەی قووڵ و شارەزابوون بە بوارە جیاوازەکانی ژیان و ئەزموون کردنیان. ئەو زەمینە ساکارە بووە ناوەڕۆکی بەرهەم و ئەدەبمان. بۆیە زۆربەی کاری ئەو سەردەمانەمان ڕەگاژووی ناو ژیانی ڕاستەقینە نین ئەوەندەی توێژو ڕواڵەت و پاڵەوانبازیەکی سادەو ساکار بوون، واتا ئایدۆلۆژیایەکی دور لە جەوهەری هونەرو هەستە مرۆڤایەتیەکان بە گشتی. من زۆر لەو بەرهەمانەی خۆمم نەخستۆتە ناو کۆمەڵە چیرۆکەکانمەوە. ئەگەر تێشیان کەوتبێت ئەوانە بوون کە تروسکەیەکی هونەرییان تیا بەدی کراوە. ئیتر ئەمەیش قەدەری ئێمەیە. چ نووسەرێک دەتوانێت وەک کورد وابێت و لەبەرچاویدا وڵاتەکەی وێران بکرێت و خەڵکەکەی بەسەر شەقامدا ڕابکێشرێت و کیمیاباران بکرێت و بەرەو باوەڕی چەوت و نەگریس بکرێتەوە، چۆن ئەو نووسەرە نایەتە دەنگ و چۆن ڕاستەوخۆ ناکەوێتە هاوارو قیروسیا لە هونەرێک ناکات کە لە دواییدا بۆی پەشیمانە!

- ئەگەر داوایان لێکردیت چیرۆکێکت بۆ زمانی بێگانە وەربگێردرێت، لەنێو هەموویاندا کامیان هەڵدەبژێریت؟ بۆ؟ ئەدی لەناو کۆمەڵە

چیرۆکەکانتا کامیان هەڵدەبژێریت؟ ئەدی ئەمیان بۆ؟

* ناتوانم بڵێم کام چیرۆکم هەڵدەبژێرم، ڕەنگە چیرۆکێکی کۆمەڵە چیرۆکی (بوار)ی ١٩٧٧ بێت یان چیرۆکێکی کۆمەڵە چیرۆکی (دەستی خودا)ی ٢٠٠٤ بێت.

ئەم پرسیارە وەک ئەوە وایە بڵێیت لە چاوی ڕاست و چاوی چەپت کە هەردووکیان وەک یەک تەندروست و بێ لەکە بن کامیانت زۆر خۆشدەوێت. بڕواناکەم یەکێک بیر لەوە بکاتەوە کام چاویانی زۆرتر خۆش دەوێت. نووسەر بەرهەمی وای هەیە دەنگدانەوەیەکی زۆری لای خوێنەر هەیە کەچی خۆی وای نابینێت و پێچەوانەکەیشی ڕاستە. لە جۆرە ئەدەبییەکاندا چیرۆک و ڕۆمان جێگای لێکدانەوەی زۆرو بۆچوونی جیاوازن. ڕەنگە ئەگەر خوێنەری وریاو ئەدەبناسی ڕووبەڕووی پرسیارێکی وا بکرێتەوە بۆ دەستنیشانی ئەو جۆرە چیرۆکە یان ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لە خودی نووسەر باشتر بێت.

- چی بکرێت بۆئەوەی چیرۆک و ئەدەبی کوردی بە جیهان بناسرێت. چونکە خۆشتان دەزانن ئەدەبی کوردی بە هەموو ژانرەکانیەوە هەر لە مەداری ناوخۆدا دەسووڕێتەوە. تەنانەت دراوسێکانیشمان نامانناسن.

*تاقە ڕێگایەک هەبێت بۆ ناساندنی ئەدەبی هەر میللەتێک بە گەلانی دنیا ڕێگای وەرگێڕانی ئەدەبەکەیەتی بۆ سەر زمانی تر. ئەمە پردی بەستنەوەو پەیوەندییەکی ڕەگاژوی خۆشەویستی و لەیەکتر شارەزابوونە. زۆر لە میللەتانی دنیا هەن لەڕێی هونەرو ئەدەبەکەیانەوە ناسراون نەک

لەڕێی سیاسەت و مێژوو و جوگرافیاو نەخشەو هێڵەکانی درێژو پانەوە کە تا ڕادەیەک تایبەتمەندیان نەماوە. ئەوانە مەودای ڕۆحی و کلتوری میللەتێکت بۆ دەستنیشان ناکەن، لەمانەوە نە شارەزای ئەفسانەو داستان و تیولۆژیان دەبیت و نە سرووت و داب و نەریت و موقەدەسیان پێدەزانیت.. من لە ڕێگای جورج ئەمادۆ و پاولۆ کۆیلو و یاریکەرانی وەک بیلیەو ڕۆناڵدینۆو هەندێکی ترەوە بەرازیلم خۆشویست و گوێ بۆ هەواڵەکانی ڕادەگرم و بە سەرکەوتنەکانی دڵشاد دەبم. لەڕێی مارکیزو ئەدەبەکەیەوە لە داب و نەریت و ئەفسانەو حیکایەتەکانی کۆڵۆمبیا شارەزا بووم و دەزانم قاچاخچییەکانی تلیاکو حەشیشە چۆن دەتوانن حکومەتی ئەو وڵاتە بهێننە ژاروژەنگ و دانوستانیان لەگەڵدا بکەن. یەشار کەمال تورکیاو گەلی تورکی بە من ناساندووە نەک مستەفا کەمال، کازانتزاکیس پێی وتم کریت و یۆنانی کۆن و تازە چییەو ناڕەوایی شەڕەکانی تورک و یۆنان لەچیدایە. لە دانتی و داڤنشی و پازۆلینی و پیران دیلۆوە عاشقی ئیتالیای هونەر و جوانی بووم، لە (کوخی مام تۆم) ەوە کۆیلایەتی و ڕەگەزپەرستیی ئەمریکام هەست پێکردو بەو مێژووە ڕەشە ترسناکە شارەزا بووم. عەقڵی سەردەمەکان ئەدەب بەرجەستەیان دەکات و دەیان دونکیخۆتەو شالیرو هاملێت و ئۆدیبت بۆ دەکاتە نموونە کە دەبنە کەرەسەی دەیان باس و لێکۆڵینەوەی فیکری و سایکۆلۆژی و شناسی ڕاستەقینەی سەردەمەکان. بۆ ئەوەی کوردو کلتورەکەی بە دنیا شارەزا بکەیت و کوردیش بە خۆی بناسێنیت کە لە چ قۆناغێکی دۆزەخیدایە دەبێت کلتوری میللەتانی پێشکەوتووی بۆ بخەیتە

کتێبخانەکەیەوە. ئەوەی لە بواری وەرگێڕاندا لای ئێمە کراوە دڵۆپێکە لە ڕووبارێک، بە داخەوە زۆربەیان ئەوەندە ڕەمەکی کراون و کەموکورتیان تیایە خۆزگە بە نەکردنیان دەخوازیت. من دەزانم لە ئەدەبی کوردیدا، لە بواری شیعرو چیرۆکدا تروسکەیەک هەیەو پێویستە بگاتە بەرچاوی خەڵکی بێگانە، بەڵام بەو مەرجەی وەرگێڕ تروسکەکەی نەکوژاندبێتەوە، ئەوانەی بەرهەمی کوردی دەکەن بە زمانی بێگانە گەلێکیان خوێنەری ئاساییین، لە کاتێکدا کە وەرگێڕ چاکترین خوێنەری دەقە ئەسڵیەکەیە تا ئەو ڕادەیە ئەگەر خودی نووسەرەکە وەرگێڕانەکەی بینی بڵێت ئەگەر بەم زمانی دووەمەش بمنوسیایە هەر وام دەنووسی. واتا وەرگێڕان هەر ئەوە نیە میکانیکی وشەو ڕستە بگوێزێتەوە، دەبێت وەرگێڕ ئاگای لە کەش و هەوا و موسیقا و فۆرمی هونەری دەقە ئەسڵیەکە بێت و بە دەستپاکییەوە بیانگوێزێتەوە. دەیان شیعری کوردیم خوێندۆتەوە کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی تر، نە مۆسیقایان تیا ماوەو نە ئاهەنگ، نە تایبەتمەندی زمان و نە رەگەزە جوانکارییەکانی، دواجار بووە بە پەخشان. بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعر زۆر مەترسیدارەو من بڕوام وایە هەندێک شیعر هەر ناکرێتە زمانی دی. لە وەرگێڕانی چیرۆکیشدا ئەمەندە نموونەی نادروستم لایە ناتوانم باسیان لێوە بکەم، چونکە ...!!!

- پێت وایە چی ئیزافەو پێشکەوتنێک لە دوا کۆمەڵە چیرۆکتا (دەستی خودا) وەدی هاتووە کە لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ترتا نییە؟

* ئەم پرسیارە بۆ نووسەر ئەنجامێکی بێ وەڵامی هەیە. چونکە

حاڵەتی نووسین چرکەساتێکی ئەمەندە پڕ لە سیحرو مەستیە لە هەستانی لافاوێکی کتوپڕ دەچێت کە سەری لێدەرناکەیت چۆن وا زوو هەموو شاری شڵەقاندو چۆنیش بەو زووییەوە نیشتەوە! بۆیە لە دواییدا هەموو ئاسەوارەکان لە بەرئەنجامی شتێکەوە دەبینیت و نە لە لافاوەکە تێدەگەیت و نە لە ئاسەوارەکان. هەموو نووسەرێک شەیدای بەردەوامیە بە ئیزافەوە نەک بە وەستانەوە. لەبەرئەوەی کە دیاریکردنی ڕەگەزی ئیزافە لە خۆیدا ڕێژەییەو لە خودی نووسەرو خوێنەریشدا دەگۆڕێت. هەندێک نووسەر لە سەرەتای تەمەنی نووسینیدا بەرهەمی وای بۆ ماوەتەوە کە کارەکانی دوای ئەوە هەمان ڕەونەق و درەوشانەوەیان نەبووە، دیارە پێچەوانەی ئەمەیش ڕاستە کە نووسەر دوای کامڵبوون و ئەزموونی جۆراوجۆری بەرهەمی ناوازەی هێناوەتە بوون، ڕەنگە لای خوێنەرێک، یان لای خۆت چیرۆکێکی زۆر کۆنی من باشترین چیرۆک بێت کە جارێکی تر لەو بابەتەم نەنووسیبێت، بەڵام لای یەکێکی تر، یان ڕەنگە لای خۆم چیرۆکێکی لاواز بێت. نە زەوق و چێژی تەنیای خوێنەر دەبێتە پێوانە بۆ سەرکەوتوویی هەر کارێکی ئەدەبی نە بڕیاری خودی نوسەرەکەیش. دەستی خودایش یەکێکە لەو منداڵە شەرمن و گرینۆکانەی دەشێت بۆ هەندێک کەس بێزارکەر یان لە خوار ئاستی چیرۆکی ترمەوە بێت. بەڵام گرینۆکی منداڵ لای دایک و باوک جووڵەو جوانیەکی تیایەو دەیکەنە تایبەتمەندییەک لە دواییدا بە تاسەوە دەیگێڕنەوە.. ڕەنگە هەندێک وڕک و گرینۆکی لە منداڵدا هەبێت ڕۆژانە دایکی سەد جار بە قوربانی جوانیەکەی بێت.

- من ڕۆژانە چیرۆکەکان یان کورتیلە چیرۆکەکانی (دەستی خودا)م پێ جوان بوون، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکەکانی تردا ژمارەیان کەمە، ئایا ئەمە بۆ گرانی نووسینی ئەم چەشنە چیرۆکە دەگەڕێنەوە یان لەبەرچی؟

* ڕۆژانە چیرۆک هەناسەیەکی کورتی ڕۆژانەیە کە لە ئەنجامی خەمێک، ڕووداوێک، بیرۆکەیەک، بارێکی دەروونی، دیاردەیەک. دیمەنێکەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەوانە بە مانای تەواوی چیرۆک چیرۆکی هونەری نین، بەو مانایەی تەکنیکی جۆراو جۆر و گۆڕینی کات و شوێن و ڕۆچوونی قووڵی ناخی کاراکتەریان تیا کرابێت، مەودای گفتوگۆیان بەرتەسکە و فەزایەکی زۆر سنووورداری هەیە. هەر لەبەرئەوەیشە هەر لە ساڵانی حەفتاوە من ناوی (ڕۆژانە چیرۆک)م لێناون، واتا ئەو باسانەی ڕۆژانە دێنە بەر زەین و چاوم و نووسینیان زۆر ماندووکەر نییە، بۆیە هەندێک جار دەبنە ختوورەیەک، یان ڕووداوێک، یان تەنانەت خوێندنەوەی کتێبێک یان دیمەنێک کە ئەو ڕۆژە دیومەو سەرنجی ڕاکێشاوم. زۆربەیان ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەن نەک ئەو واقیعە باڵایەی ئەدەب کە دەبێت ئیزافە بکاتە سەر واقیعی ڕۆژانە. دەشێت هەندێک جاریش خەیاڵیان تیا بێت. ڕەنگە بۆ هەندێک خوێنەر ئەو جۆرە چیرۆکە پەسەند بێت، چونکە کاتی خوێندنەوەی زۆر ناگرێت و ماندوی ناکات و لە سەرەگێژەی کەسایەتی سەیرو ڕووداوی ئاڵۆزو تەکنیکی زۆرەوە دوورە. ئەوەیشی هەیە کە زۆر لە بیردا نامێنێتەوەو وەک شەبەنگێک دێت و تێدەپەڕێت.ئەم مۆدێلە

چیرۆکە لای فەرەنگیەکان بە (مینیمالیزم)ناو دەبرێت. ڕێکەوتوە لە ڕۆژێکدا من ٢-٣چیرۆکم لێنووسیبن.

ڕەنگە گرانیی نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکە لە زمانی چڕی تا ڕادەیەک شیعری و خولقاندنی وێنەیەکی زۆر بەرجەستەکراودا بێت، هەروەها بیرۆکەیەک کە کۆتاییەکی کتوپڕو تازەی هەبێت. ئەمە بە پێچەوانەی چیرۆکی ترەوەیە کە مەودای ڕەگەزە سەرەکیەکانی فراوانە وەک شوێن و کات و کەسایەتی و فەزا و زمانی وەسفکردنی. ئیتر ئەمەیش ئەزموونێکە بۆ خۆی، دەشێت هەندێک شێوازی جیاجیای نووسین هەبێت نە چیرۆک بن و نە شیعرو نە پەخشانی ڕووت و تۆ خۆت ناوی دەقێکی لێ بنێیت کە لە یەکێکیانەوە نزیک بێت.

- شیعرێک هەمیشە ئاگرت تێبەربدات و دایشتمرکێنێتەوە.

❊ فەرموودەکەی نالیی گەورە:

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عبوور
سوتا ڕەواقی خانەی سەبرم دڵ و دەروون
نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور.